جەلال ئالی ئەحمەد

# بەڕێوەبەری قوتابخانە

وەرگێڕ: سەلاح نیساری

بەڕێوەبەری قوتابخانە
جەلال ئالی ئەحمەد
وەرگێڕ: سەلاح نیساری
پیتچن: شاسەنەم

*ڕۆژێ دێ تەم لە سەرانت بڕەوێ*
*تیشکی ئازادی لە داوێن بکەوێ*
(هێدی)

## بۆ چەند ساتێک لە ژێر سەیوانی جەلال ئالی‌ئەحمەددا

ئەو کاتەی تیرێژی تاو لە چەشنی پیرەپیاوی تەمەن‌درێژ هێزی لەبەر دەبڕێ و بە وردە باوێشکان زەردەپەڕی بەسەردا دێ و لە ترسی گڤەی سەرما وەکوو مەلی پەڕوباڵ هەڵوەریو خۆی خڕ دەکاتەوە و کوشمە دەبێ، ئەو کاتەیە دیمەنی دار و درەخت تارای زەردی زێڕین دەدا بەسەردا و ڕاخەری گەڵاڕێزان بۆ هەنگاوە ساردەکانی سەرماوەز ڕادەخات، ئیتر ئەمە ئەو چرکەساتەیە کۆرپەیەک بێتە دنیای پڕ لە دووڕوویی و دزی و دهۆ و زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە و پێشێلکاری.

جەلال ئالی‌ئەحمەد، لەدایکبووی 2 سەرماوەزی 1923، لە تاران، لە 18 گەلاوێژی 1969 لە «ئیسالم»ی گیلان کۆچی دوایی کرد.

جەلال و بەڕێوبەری قوتابخانە

لەکاتێکدا خەڵکی ڕەش و ڕووت و چەوساوە لە ئاواییەکانی دوورەشار و دەستڕانەگەیشتوو بە پێداویستییەکانی ژیان لەگەڵ قوتابخانە و فێرگە و وانەبێژ و بەڕێوبەر و بریکاری زیت و وریا و خزمەتکاری مەدرەسە بەرەوڕوو دەبن، هەست بەوە دەکەن پردێک لەنێوان ئەوان و دنیای شارستانییەتدا هەڵبەستراوە، هەر بۆیە حەولی ئەوەیانە تاریکەسەلاتی ژیانی پڕ لە کوێرەوەری بەجێبهێڵن و لە دەروازەی زێڕینی خوێندەوارییەوە بچنە نێو دنیای وەرزی

خەونەکانیان! لێرەدا، جەلال درگای قوتابخانە دەخاتە سەرپشت بۆ خوێنەرانی ڕۆمانەکەی، بۆ ئەوەی بە هاسانی بچنە نێو یەکە یەکەی پۆلەکانەوە و بۆ چرکەساتێک لە نزیکەوە سەیری دنیای مامۆستا و قوتابی بکەن و بە ناخی بریکاردا شۆڕ ببنەوە و چایەکی تاڵ لە لای فەڕاشی چایچی بخۆنەوە و لە خزمەت بەڕێوبەری قوتابخانەدا، پشوویەک بدەن، لە کاتی زەنگی حەسانەوەدا بە چاوێکی وردبینانەوە سەرنجی ئەم منداڵ و قوتابییانە بدەن، بە وردەنانی ڕەقەوە لەباتی نیوەڕۆخوان برسییەتی خۆیان بەسەر دەبەن و بە کەوش و پێڵاوی شڕ و دڕاوەوە بە نێو حەساری دیوار بڵندی قوتابخانەدا خەریکی یاری و هەڵات هەڵاتن.

ئالیئەحمەد، خوێنەر دەباتە قوتابخانەیەک، کە بۆ نموونە تەنیا یەک خوێندەواری مێوینە لەو قوتابخانەیەدا دەنگ و ڕەنگی نییە! خوێنەری ڕۆمانی (بەڕێوبەری قوتابخانە) کاتێک لە خوێندنەوەی پەڕتووکەکە تەواو دەبێ ئەم پرسیارەی بۆ دێتە پێشێ ئەو خانمەی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ڕەوانەی قوتابخانە کراوە بۆ وانەبێژی، هۆی چییە بە زووترین کات پەژیوان دەبێت و بەڕێی خۆیدا دەگەڕێتەوە؟!

ئەم پرسیارانە و سەدان پرسیاریتری لەم چەشنە لەسەر مێشکی خوێنەر کورک دەبێ. خەڵووز و نەخۆشی پیرەژن و سەیدای پۆلی چوار، ئەنجوومەنی جەنابی حاجی و خێرومەندان، مامۆستایانی ڕەبەن، ژووری هەروەک هۆدەی بووک و زاوا و تەپڵەکی لە جام خاوێنتر، با بمێنێ بۆ خوێنەرانی ڕۆمانەکە!

بەم هیوایە ئێستا لە کوردەوای خۆماندا لەو چەشنە گرفت و کێشە و گزیکارییانە هەر نەبن! قوتابییەکانیش بە کوڕ و کچەوە لە گشت

لادێ و شاران ڕوو بکەنە فێرگەکان و سەربانی هیچ قوتابخانەیەک دڵۆپە نەکات، بەڕێوبەری ئیدارەی پەروەردە لەبیری گەشەپێدانی قوتابخانەکاندا بن و دێوی هەژاری ئەوەندەی هێز نەمێنێ ببێ بە لەمپەر و ڕێگر لە بەردەم منداڵانی ژیر و وریادا، تا ئەوەی زۆر بە سانایی بتوانن بە پەیژەی قوتابخانە و زانستگاکاندا سەر بکەون.

ئەم بەرهەمانە بە خامەی جەلال ئالیئەحمەد نووسراوە:

1. سێتار
2. ژنی زیادی
3. سەربردەی کەندووەکان
4. نون و القلم
5. نەفرینی زەوی
6. پێنج چیرۆک
7. بەردێک لەبان گڵکۆیەک
8. بەڕێوبەری قوتابخانە
9. چل تووتی
10. چاڵێک و دوو قووڵکە.

سەلاح نیساری

هاوینی 2007-09-12 بۆکان

# 1

که پێم نایە ژووری جگەرەکەم بە دەستەوە بوو، سڵاو کردنم لەبەر گران بوو. پێمخۆشبوو لەخۆڕا لووتبەرز و بەئیفادە بم. بەڕێوەبەری ئیدارەی پەروەردە ئیزنی دانیشتنی پێدام و بە مۆڕەیەکەوە سەیری دەستی کردم، ئەو شتەی کە سەرقاڵی نووسینی بوو تەواوی کرد. لەوەدابوو سەری بەرز بکاتەوە و جوانتر بمبینێ، نامەی حوکمەکەم خستە سەر مێزەکەی بەردەستی. قسەیەکمان ئاڵ و گۆڕ نەکرد. پێشنووس و کاغەزەکانی وا سەرباری نامەکە بوون چەند جارێکی ئەم بارە و ئەوبار کرد و دواتر گوپێکی هەڵدا و بە ئارامی وای نیشان دەدا توورە نییە گوتی:

ـ کاکە ئێمە خۆشمان لە خۆمان سەربارین، بەڕاستی بەزمێکی خۆشە! ڕۆژ نییە یەکێک بە نامەوە ڕەوانەی ئێرە نەکەن... دوێنێ بە جەنابی وەزیرم... وازم لەمقسە قۆڕانە نییە منیش نەمهێشت چیدی لەسەری بڕوات، گوتم:

ئەگەر دەکرێ هەر ئەو فەرمایشتانە لە ژێر کاغەزەکەدا بنووسە.

ژێرسیگارێک لەسەر مێزەکەی بوو، بریقەی دەهات! سووتووی جگەرەکەم تەکاندە نێوی، ژوورەکەی هەر دەتگوت هۆدەی بووک و

زاوایە ڕێکوپێک و هەرشتەی لە شوێنی تایبەتی خۆی، هیچت نەدەبینی چاوئازار بدات، تەنیا خۆڵی جگەرەکەی من نەبێ، دەتگوت تفە بە تەوێڵی مرۆیەکی نێوچاوان نوورانییەوە، ڕوومەتی تroوسکەی دەهات، تازە تیفتیفەی دابوو...

پێنووسەکەی دەستدایە و لەژێر حوکمەکەدا شتێکی نووسی و ئیمزای کرد و منیش بەجێمهێشت و هاتمە دەرێ و ئیتر بە سڵامەت.

حەوسەلە و تاقەتی ئەوەیانم نەبوو، بەمپۆز و تۆزەوە لەوەدەچوو تازە بەڕێوەبەر و لەمێژ نەبێ نێوکی ئەم کۆرپەیان بۆ بڕیبێ.

جارناجارێک گووپێکی هەڵدەدا و بەرخەبەبەی بەردەدایەوە. دەتگوت بێگاری پێدەکەن، قسەکانی وەک قاقای نەیار لەنێوچاوانم دەسرەواند. وەک بڵێی بۆ بیستنی قسەکانی گوێچکەم نییە. لە بەشی دامەزراندن سەدوپەنجا تمەنم بەرتیل دابوو، هەتاکوو ئەم دەستوورەیان بۆ ئیمزا کردبووم. داوانامەیەکم پێبوو. دوومانگیش هەڵات هەڵات و خۆبەقوربان و سەدەقە کردن. گوێیبیستنی هەر نەبوو! دەشمزانی ڕازی بێ یان نا، کارەکە تەواوە، خۆشی لەوە حاڵیبوو تازە دەیزانی بەم قۆنەقۆنەی لە نرخی خۆی کەم کردۆتەوە، بەڵام تازە کار تەواو بوو.

بەشی دامەزراندنی گشتی ڕایگەیاندبوو، بۆ ئەوەی نامەکە بە بەتاڵی نەمێنێتەوە، پێشنووسی دەستوورەکە بگاتە دەست بەرپرسی فێر کردن و بارهێنان. هەرواش کرا، خۆ ئەگەر ئاوا نەبا، کێ دەیتوانی قسە لەسەر دەستووری بەڕێوەبەری گشتیدا بکات؟ تەنیا ئەمە وەزارەتخانەیەک و یەکبەشی دامەزراندنێک.

ئەمە شتێکی کەم نەبوو، زۆر لەوە خۆم بە گەورەتر دەزانی بەرمنەتی دەلیل و پاڕانەوە بم. دەشمزانی ئەم جگەرەیە کارەکەی لیَژەنگاوی کردووم.

گەرەکمبوو ئەم پارەیە لە شوێنێکی زیادە لە داهاتی تازە وەدەست بێنم. قسەی ڕاست، لە ئەرکی دەرس‌بێژی بێزار وماندوو بووم. دەساڵ وانەوتنەوە و ئەلف‌بیَ و، قەڵافەتی منداڵانی پیس و ڕەش و ڕووت و زەردەڵ و چڵمن، منداڵی خەڵک و تووڕەهاتی پڕ و پووچ... خۆشاردنەوە لەدەست غەین و گەڕان بەدووی قاف و خۆراسانی و هێند و کۆنترین هەڵبەستی (دەری) سەنعەتی ڕەوانە کردنی مەسەلەی دشوار و... لەوقسە قۆڕانە! تازە لێی حاڵی‌بووم، گەوج و هێڕ بووم. گوتم بەئاواتەوەم ببمە بەڕێوەبەر، بەڕێوەبەری قوتابخانە! ئیتر نە وانەم دەگووتەوە و نە ویژدانم دەکەوتە بەر تاوێری دوازدە و سیازدە، ناچاریش نەدەبووم بۆ خۆقوتار کردن لەکات و زەمان، لە تاقی‌کاریدا، لەگەڵ تەمبەڵ و تەوەزلەکان (تجدیدی) نمرەی حەوت بۆ هەر گەمژە و گێلۆکەیەک، هەتاکوو پشووی هاوین کە خۆشترین ڕۆژانی حەسانەوەیە کۆتایی پیَبێنم. قەوەم لە خۆمدا، وەڕیَکەوتم. وەڕیَکەوتم و سەر و سۆراخیم گرت. لە کەسێکی کارامە لە بەشی دامەزراندن، قەول و بەڵێن و دەست لە کار گیر بوون. ئەوانیش کەیف‌ساز و دڵخۆش و ڕۆژێک ناونیشانی قوتابخانەکەیان دایە دەستم، بۆ ئەوەی بچم بزانم دڵم پێی دەحاوێتەوە. ئیتر بە زووترین کات خۆم گەیاندنیَ.

قوتابخانەکە دوو نهۆم و تازەساز لە داوێن کێوێکدا تاق کەوتبۆوە و تیشکی هەتاوی لەئامێز دەگرت. پیاوێکی دارا و فەرهەنگدۆست تەلارێکی لەنێو زەوی و زارەکەی خۆیدا قوتکردبۆوە بەماوەی بیست و پێنجسالان دەئیختیاری ئیدارەی پەروەردەی نابوو، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو بەهۆی قوتابخانەکەوە، ئەم دەوروبەرە ماڵی تێبخزێ و ئاوەدان ببێتەوە و جادە و شەقامی پێدا بێت و دایک و باوکان بە ماڵەوە بێنە دەوروبەری فێرگە و ڕێگای منداڵەکانیان نزیک بکەنەوە. نرخی زەوی کابرای گۆڕین لە یەک (عەباس)ییەوە بگاتە سەد تمەن، ئەویش ناوی خۆی بە خەتخۆشان لەسەر کاشی شین بنووسێ و بە بەرۆکی قوتابخانەکەوە هەڵیواسێ و کاشی نەخشین و ڕازاوە لە دوورەوە سەرنجی خەڵک ڕابکێشێ. جارێ قوتابخانەکە هەر بەناوی خویەوە بوو. هێشتا دەروجیران دەوریان نەدابوو. هەتاکوو قسەیان لەیەک هەڵبەزێتەوە و لینگ و لەتەری (سەعدی و باباتاهیر) بشکێنن و تابلۆیەکیتر لە مێژووی شاعیران بەگۆشەی دیوارەکەدا هەڵبواسن. ڕووبەڕووی کۆڵانەکەیان، تابلۆی قوتابخانە زل و زەلام بە خەتێکی درشتەوە لە سەدمترییەوە هاواری دەکرد. (بەتوانایە ئەوەی زانایە...) هەمووشت بە کەیفی خۆیان! لەگەڵ ئەو (شێر و خورشید)ەی وا لەسەر لاق ڕاوەستابوو بە زەحمەت دەیتوانی خۆی رابگرێ و خاتوو خورشیدی چاومەستی بەسەر شانەوە، شێرێکیش بەدەستی ڕاستەوە. ئەوەندەی چاو هەتەری دەکرد، دەوروبەری قوتابخانە چۆڵ و ساکەدەشت و کاکی بە کاکی. ئەوسەری ڕوو لە باکوور و ڕیزێک دارکاج، بسکە شۆڕەکانیان بەسەر دیواری کۆنی باخەکەوە هاتبوونە

خواریێ. هێڵێکی تاریکی بە ڕوخساری ئاسماندا هێنابوو. لەوەدەچوو هەتاکوو بیست و پێنج ساڵیتر ئەوشوێنە پڕببێتەوە و گرمە و هاڕەی ماشێن و منداڵان نۆکە کولاو فرۆش و زڕەی زەنگی ڕۆژنامەفرۆش و گوڕە و دەنگی خەیاری گوڵبەدەمم هەیە. کابرا نانی لە ڕۆندا بوو. ـ «سەیریش نییە کاتی خۆی میتری لە دە دوازە شاهی زیاتر پێنەدابێ! ڕەنگبێ تەواوی زەوییەکانی بە (سەفت) گەیاندبێ؟ وایە ـ وایە گەمژە پیاو بەتۆ چی؟...»

ئەم فکرانە ڕۆژێک ورووژا بووە مێشکمەوە کە هیچ کەسێک نەیدەناسیم و چووبوومە قوتابخانەکە، دوایەش بەمڕاستیە گەیشتم کە ئەو خەڵکە حەقیان بەدەستە، دەبێ جێی ڕمبی بکەنەوە ئەوسا بیچەقێنن. دەی ئەگەر ـ «تۆش پاتۆڵی پیاوانت لەپێدایە ببە بە بەڕێوەبەری ئەم فێرگەیە.» ئیتر ئەوەبوو کەوتمە شوێن کار و ئیشەکانم هەتاکوو گەیشتم بە ئێرە.

هەر ئەوڕۆژەی هاتم و ئێرەم هەڵسەنگاند بۆم دەرکەوت، کە بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە لە گرتووخانە دایە! زۆر سەیر نییە کە زمانسدرێژی کردبێ و ئێستاش بەدەست ئەوقفڵەوە پێوەبووبێت وا لەدرگای دەمی دراوە، ئاخۆم تاوان لەو بووبێ یان لە خاڵی ئەویش ئەوەندە تەخت و بەختی باش نەبوو کە یەکی وەک من ملی خۆی بۆ بشکێنێ. هیچیش لە دەرەوەی ناوەندەکەدا نەبوو. منیش ئەم زانیاریانەم لە بەڕێوەبەرایەتی دامەزراندن وەدەست هێنابوو. ئێستا «بێجام کرد نامە نووسین»یش باو نەبوو هەتاکوو بڵێم ئەو پیاوە بەمزووانە لە (کونەڕەش) خلاسی دەبێت. بیرم نەدەکردەوە کەسێکی

دیکە هەبێت و بەئاواتی ئەم چۆڵ و هوڵەوە بێت. لەتۆف و سەرمای زستاندا، بەڕێگاوبانی ناخۆش و لە سەخڵەتیدا. هەربۆیە دڵنیابووم و حەسامەوە. لەوانەش سەیرتر ئەوە بوو، بەڕێوەبەرایەتی دامەزراندنی گشتی ڕازی بوو، بەوەی ئەم ئەرکەم پێبسپێرن. ڕاستە پێشئەوەی زرنگەی پووڵ و پارە بەزر بێتەوە، یەکدوو توانج و ناتۆرەی شەرعی و عورفییان زەق کردبۆوە، هەروەکوو گوتوویانە ئەم ماستە بێ موو نییە! وا فلان کەس، مەبەستیان لەمن بوو ـ بە دەساڵ سابیقەی مامۆستایەتی گەرەکیەتی بچێتە سەرکورسی بەڕێوەبەری قوتابخانە!

فەرموودەیان ئەوە بوو، لەوانەیە گەمژە و خەرەفابێتم بۆ ئەوان جێی سەرسووڕمان بوو، کە خەریکم دەست لە ئیشی مامۆستایەتی هەڵدەگرم، هەرچەندە ئەم ئەرکە جێی ڕێزی هەموو لایەکە، یان لەوەدەچێ کەسێکی شەڕواڵپیس و منداڵباز بم. لەمچەشنە بیرۆکە و قسە پڕوپووچانە. ئیتر ئەم بژار و پشکنینانە گوێیان کردمەوە کە دەبێ دەستی ڕاستەم بکەم بە گیرفانی چەپەمدا و ئەوکارەشم کرد. مانگێ سەدوپەنجا تمەن بۆ چوونە سەرکورسی لەوڕۆژانەدا پارەیەکی کەم نەبوو چاوپۆشی لێبکەم. خۆ ئەگەر وازم لێهێنابا چیدەبوو؟ ئاشکرابوو، دیسان دەبوو وەگەڕێم، جارێکیدی وانە وتنەوە و پەخشانخوێندنەوە و دەق و قابووسنامە و ساڵنامەی فەرهەنگ و ئەم بێنەوبەرەیە تەواو مێشکم بکۆڵن.

ئەوە بوو گەڕامەوە بۆلای بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی فێر کردن و بارهێنان و بەشی دامەزراندنی گشتی، یەکڕاست بۆلای دەڵاڵی

کارەکەم. ڕوونووسی دەستوورەکەم لەپێش دانا و لە نووکەوە شتەکەم بۆ گێڕایەوە و هاتمە دەرێ. دووڕۆژ دواتر چوومەوە بە شوێن کارەکەمدا. ئەو بیرەی لە مێکشمدا بوو بە هەڵەیدا نەبردبووم. بەڕێوەبەری ئیدارەی پەروەردە گوتبووی: «من لیسانسەی دەمڕووت و لەخۆبایم بە توورێک ناوێ. زۆر بێشەرمن، بە جگەرەوە خۆ بە ژووریدا دەکەن.» بەڕێز فلانکەس گوتبووی ناکرێ و نابێ... ! ئەوەی من دیتوومە وەبەر دڵم ناکەوێ، تۆزێک لە مسقاڵێک لەگەڵ خەڵکی تۆفیری هەیە! شووتی لەبن هەنگڵ نان و قسەی هەلەق و مەلەق بۆ دڵنیا کردنی من و پێنجشەممەی حەوتەی داهاتوو بچمە خزمەتی و... ئەوکارەشم کرد. ئیتر ئەوجارە بەڕێوەبەری فەرهەنگ قرچەپێ لەبەرم هەستاو «ئەرێ ئەتۆ کاکی برا... بۆچی هەر لە هەوەڵەوە بۆت لە بنی کوولەکەکە نەدابووم؟...»

ئیتر هەورەکە ڕەوییەوە و بوو بە جەفەنگ و گاڵتە و گەپ و فەرموو فەرمووی چایی و شیرینی و گلەیی لەدەست کارمەندەکان و بە قەولی بەڕێزی ئێمەی «لەحاڵ و ئەحواڵی ئەو باسە» ئاگادار دەکردەوە و دواتریش بە ماشێنەکەی خۆی بردمی بۆ قوتابخانەکە، دەستووریدا هەتاکوو زووتر لەکاتی خۆی زەنگ لێبدرێ و لەبەردەم مامۆستا و بەڕێز بریکار و ئەوانی دیکەدا، چەند وتەیەکی بەنرخی فەرموو لەمەڕ بەڕێوەبەری تازەوە ـ ئەویش من بم ـ ئیتر منی بەجێهێشت و ڕۆیی. منیش مامەوە لەگەڵ قوتابخانەیەکی شەش پۆلیدا «تازەساز» و بریکارێک و حەوت مامۆستا و دووسەد و سی

و پێنج قوتابی. ئیتر بەڕاستی ئێستا منیش بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بووم.

# 2

بریکارەکە لاوچاک و لەکاتی قسە کردندا دەنگی بەرز بوو. زیرەکانە ئەمری بە چاک و نەهی لە خراپە دە کرد و بۆخۆی شان و شکۆیەکی هەبوو. بەسەر قوتابییەکاندا زاڵ و ئەرکەکانی جوان جێبەجێ دەکرد. منداڵەکانیش ئیشەکانی خۆیان باش هەڵدەسووڕاند. دیاربوو پێویستیان بە نانخۆر و سەربارو جێگر نییە و زۆر چاکیش دەتوانن بەرەی خۆیان لە قوڕ دەرکێشن. مامۆستای پۆلی چوار قەبە و تیکسمڕاو و بە قەڵافەت بوو، یەکەم کەسێک بوو لە نووسینگەدا لە دوورەوە چاوی مرۆی پڕ دە کرد و لە چەشنی ئەوکەسانەی لێرە و لەوێ، دەیان بینی، وادەزانی بەڕێوەبەری گشتین! قسەی قەڵەمی دە کرد و ڕەنگبێ هەر لەبەر ئەمەش بووبێت ئەوکاتەی بەڕێوەبەری پەروەردە ڕۆیی و ئەو تەشریفاتەی لەگەڵ خۆیدا برد. لەلایەن هاوکارەکانییەوە زۆریان ڕێز لێگرتم و ئاماژەی کردە سەر ئەوەی کە ئیتر «بەو هیوایە، بە زەحمەت و لێوەشاوەیی بەڕێزتان ساڵێکی دیکە وانەی دواناوەندیشمان دەبێ» مەعلووم بوو ئەم بەژن و باڵایە وردە وردە خەریکە بۆ مەدرەسە دەبێتە شتێکی زیادی. وەختێک لە قسەکانی ورد دەبوومەوە، تەواو لەبیری ئەوەدابووم، بە نانی مامۆستایەتی ناکرێ ئەو شان و باهۆیە لەسەریەک هەڵبچنێ و ئەم

تۆز و پۆزەی هەبێ؟ بۆیە منیش بڕیارمدا بەیانی لەگەڵ بەیانی ردێنم بتاشم و جوان تیفتیفەی بدەم و ملیوانی کراسەکەم خاوێن و پاتۆڵەکەشم ئوتووکراو بێت.

مامۆستای پۆلی یەکەم، تیشکەلانەیەکی ڕەشتاڵە بوو تەنکە ریشێکی دەهێشتەوە سەریشی پاک ماشێن دە کرد و ئاخرین دوگمەی کراسەکەی دادەخست، بۆینباخی نەدەبەست. هەر لەو میرزانووسانە دەچوو، وا لەبەر درگای پۆستخانەدا، دادەنیشن. شێوەی بابنۆکەری پێوە دیاربوو. ئارام و کەمدۆ، ناحەقیشی نەبوو ـ مرۆی ئاقڵ دەیزانی ئاواها کەسێک تەنیا لە پۆلی یەکدا دەتوانێ زمانی بگەڕێ و قسە بکات ئەویش لەمەڕ ئا ـ و ـ بێوە، ئەلەم پیتوونیوانە... مامۆستای پۆلی دوو، خەپەتۆڵە و قۆڵەپیاو، لەکاتی قسە کردندا هەر زیقەی دەهات، چاوی خێڵ بوو، یەکەم رۆژ نەمتوانی تێبگەم لەکاتی ڕاوێژیدا لەگەڵ کەسێک چاوی لە کێ دەبڕێ! هەرجارەی کە دەشی زیقاند، قاقا پێدەکەنی! مەعلووم بوو کە خۆی کردۆتە گاڵتەجاڕی مامۆستاکان. دەبێ لە هەرکاتێکدا بە لەونێک ئەوان وەپێکەنین بخات و وەڕەزییان لەسەر بپەڕێنێ. هەربۆیە هیچی لەگەڵ نەدەکرا. بەلام من بە خەمی ئەو منداڵانەوە بووم. ئاخۆم ئەوان چۆن لە کلاسی ئاوا مامۆستایەکدا بێدەنگ دادەنیشن.

مامۆستای پۆلی سێ کوڕێکی تیشکەلانەی بالابەرز و دەموو ڕوومەتێکی بێگوشت و ریشێکی ساف و لووسی هەبوو یەخەی کراسەکەی ئاهەر دارو، لەکاتی ڕێگاڕۆیندا باوەڕت دە کرد هەر ئێستا سەرەنگرێ دەبێ و دەکەوێ. بەلام وەک شێلاقە دەهات و دەچوو،

کەم وابوو قسە بکات. دەفەی سنگی قولانجێک زیاتر نەبوو، تەنیا سێ وشەی تێدا جێ دەبۆوە. هەمیشە زیتەی چاوی دەهات، ئەمەش لە زیرەکی ئەو نەبوو، من دەردێکم لەچاویدا دەخوێندەوە، هەر بۆیە خێرا خۆم گەیاندە لای بریکارەکە و لەوە دەترسام نەکا نەخۆشی ئازارەباریکەی هەبێت. هەڵبەت سیلدار نەبوو، بەڵام لە شارێکی دیکەوە هاتبوو بە تاقی تەنیا دەژیا، خوێندکاری زانکۆ بوو، پۆلەکانی پێنج و شەشیان دووکەسی بەڕێوە دەبرد. یەکیان فارسی و شەرعیات و مێژوو و جۆغرافیا و کری‌دەستی و لەوبابەتانەی دەگوتەوە، جوانکیلە بوو سەری بە ڕۆنی بریانتین چەور دەکرد. پاتۆڵی تەنگی لەپێدا بوو. کراسی جوان لەبەردا و بۆینباخێکی زەرد و پانی لە مل دەبەست. لەنگەرێکی گەورە بەسەر سینگییەوە ڕای گرتبوو. هەمیشەی خودا دەستێکی بە سەر و کاکۆڵیەوە بوو. لە چاوەچاویش نەدەکەوت، شووشەی پەنجەرەکان نیگایان دزیبوو. ئەوەی دیکەشیان کە وا حیساب و بیرکاری و ئەوشتانەی دەگوتەوە و سوود و قازانجی دەدانێ، ئەمیش کوڕەلاوێک بوو، هێدی و لەسەرەخۆ، زۆر لەوەدەچوو مازندەرانی بێت، فرەش باوەڕی بە خۆی هەبوو، ئەوە تەنیا مامۆستایەک بوو جگەرەی لە گیرفاندا بوو. دیاربوو لە وانەگوتنەوەدا سەرکەوتووە بێجگە لەوەش مامۆستایەکی وەرزشیمان هەبوو. دووحەوتە دواتری دیتم، لە ئیسفەهانەوە هاتبوو یەکێک بوو لەوکەسانەی زووزوو خۆیان لە کار و ئەرکەکانیان دەدزنەوە، لە حەوتەدا سێڕۆژی بزر بوو، نەدهاتەوە سەر ئیشەکەی، ئەگەر دەهاتیش زیادی و سەربار بوو!

دەبوو من لەگەڵ ئەوکەسانەدا بەشێوەیەک هەستان و دانیشتنم هەبا و هەموو وێکڕا ئەرکەکانی قوتابخانەمان جێبەجێ کردبا. دووسەد و پەنجا قوتابی، منداڵی خەڵکمان بەڕێوە هێنابا، پێیانەوە بچاراباین و بە ڕاستی بۆیان مامۆستا و دڵسۆز بین، ئەو کۆڵەقورسەش هەڵگرتنی ئەوەندە هاسان نەبوو، بەڵام بۆ کەسێکی وەکوو من کە تازە ڕێبازی مامۆستایەتیم بەردابوو، هەرجێیەک بۆ من بەهەشتێکی خەیاڵی بوو. هەمووشت بە مەرام و کەیفی دڵی من تەواو دەبوو. ئیتر قۆڵم لێهەڵماڵی و چوومە مەیدان. هەر ئەوەندەی سێبەری بەڕێوەبەری پەروەردە رەوییەوە منیش بە گەرمی حاڵ و ئەحواڵی هەموویانم پرسی. دواتر فەرمووی جگەرەم کردن. ئامادەی هاوکاری و هاودەردی بوون! منیش وێڕای ئەوان بەم ئاشنابوون و تێکەڵبوونە دڵخۆش و کەیفم ساربوو. ئەو هەلە دەقۆزمەوە و خۆیان لەگەڵ ڕێک دەخەم دەچمە ناخی هەموویانەوە و درگای ڕازەکانیان دەخەمە سەرپشت و زۆرشت لەژێر زمانیان دەردەکێشم. درگا داخراوەکان دەکەمەوە و دەچمە دنیایەکی تازەوە...

پرسیارم لە ئیش و کارەکانیان کرد. تەنیا مامۆستای پۆلی سێ دەچووە زانکۆ. هەر ئەوکەسەی لەنگەرەکەی بە بەرۆکیدا هەڵواسیبوو. شەوانە سەرقاڵی خوێندنی زمانی ئینگلیسی بوو. خەیاڵی چوونە ئامریکای لەژێرسەردا بوو. دووکەسیشیان خاوەنی ژن و منداڵ بوون. میرزای نامەنووس لە پۆلی یەک و بەڕێوەبەری گشتی پۆلی چواریش.

نە چاکەیەک نە خزمەت کردنێک، هیچشتێک لەگۆڕێدا نەبوو، هەموو دەموشک و سەربێڕۆزی! ئەو چارەگە سەعاتەی کاتی پشوودان بوو مامۆستاکان لە نووسینگەدا وەکۆ دەبوون و بە جەفەنگ و گاڵتەوە کاتیان سەر دەبڕی و دڵخۆش بوون لەوەی کە ئەم جاریش بە سلامەتی لە پۆلەکاندا هاتوونەتە دەرێ. بەیانی هاوڕێی ژیان ئیش و کار دەستی پێکردەوە، جا بە هەرچەشنێک، دەبوو بۆ هەر تەمەنێک و بۆ هەر کەسێک ڕێز و حورمەتی خۆی هەبێ. دەستم کرد بە باخەڵمدا، پێنجتمەنم لەسەر مێزەکە دانا، بەڵێن بوو مەنقەڵێک بکڕن و خویان چایی ساز بکەن. کوڕە خێڵەکە ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ. لەوکاتەدا، زڕەی زەنگ بەزر بۆوە، قوتابییەکان یەک لەدوای یەک ڕیزبوون و بریکاریش لەبەر درگای ژوورەکەدا بەسەر پێوە لە جووڵە نەدەکەوت لەوەدەچوو باسی شرتێک بکا، بەلام زۆر زوو بەڕێوەبەر ی گشتی وەفریای کەوت. خۆشی دەیزانی بەوقەلافەتەوە لە هەر شوێنێدا و لە هەر باسێکدا دەتوانێ وەجواب بێ، حاڵیم کرد کە خراپ نییە منیش لەسەر سەفەکە، نەختێک قسەیان بۆ بکەم.

بریکار لە چەندوشەیەکدا ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەر بۆ چەندساتێک فەرمایشتی هەیە، ئەوانیش بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لێکردم. منداڵان سەر تاشراوو، چەند کەسێکیان بەرۆک و ملیوانەی سپی و خاوێنیان هەبوو. زۆریشیان کڵاشیان لەپێدا بوو، دە دوازدە قوتابییەکیان جلوبەرگیان بە پینەوپەڕۆ بەندبوو. (عیللەت بێبەرگییەکە هەتیو مەیلی هەتاوە) کوڕێژگەیەکی سەر سوور لەڕیزی پۆلی سێدا

ڕاوەستابوو گیرفانی دڕاوی کۆتەکەی بەری بە لەپی دەستی دەشاردەوە، ئەوانەی لە پۆلی شەشدا بوون سەریان بە یەکەوە نابوو خەریکی سرت و خورت بوون. لەوسەری سەفەکەوە، کلاس ئەوەڵەکان یەکدوانێکیان بەسەر قۆڵی کراسەکەیان لووتیان خاوێن دەکردەوە. سام و هەیبەتێکم وەبەر خۆمنا، لەبەر دەمیاندا قوتبوومەوە، هیچی وام بۆ گوتن پێنەبوو، دە مێشکی ئەوانی ڕابکەم، ئەوەندە نەبێ لەبیرمە ئاماژەم کردە سەرئەوە کە بەڕێوەبەر حەزی دەکرد، کەسێک لە ئێوە وەک منداڵی خۆی وەربگرێ، بەڵام ئێستا نازانێ لەگەڵ ئەم هەموو منداڵەی چیبکات. بە بێ ئەوەی دەنگیان بەرز بکەنەوە بوو بە مرقەمرق و پێکەنین، ئیتر لەنێو ڕیزەکانی ئاخریدا یەکێک لەپرمەی پێکەنینیدا، منیش زیتبوومەوە و لە دڵی خۆمدا گوتم: کە دەبێ بۆ دواندنی منداڵ ئەشێ لە زمانی خۆیان کەڵک وەربگری و بییان دوێنی. هەر بۆیە دڵەراوکێم لێپەیدا بوو، کە «ئەوەندە کارێکی سووک و هاسان نییە!» پێشتر بیرم لەوە کردبۆوە کە بۆی دەرباز دەبم و خۆم لە بەڕێوەبردنی وانەگوتنەوە و کلاسەکان ڕزگار دەکەم و دەڕۆم درگا لەسەر خۆم پێوەدەدەم و خەریکی کاری خۆم دەبم. بریکارێک، یان کەسێکی دیکە هەیە بە کارەکان ڕابگات و ڕێکخراوەیەکیش هەیە قسەی من بە هێند نەگرێ و چاوەڕوانی فەرمایشتی من نەبێ، بەڵام ئێستا دەزانم چشتێک ئەوەندە هاسان نییە. ئەگەر سبەی هەرکەسێک لەوانە سەری ئەوی دیکەی شکاند ئەوسا چی؛ ئەگەر یەکێک سەیارە کردی بە ژێرەوە چکەردەن؟ ئەگەر هاتوو نەفەرێکیان لەبەر هەیوانەکەوە بەربۆوە

خوارێ قوڕی کوێ بەسەر خۆمدا بکەم؟ ئیتر لەبیرم نەماوە باسی چیدیکەم بۆ کردن.

تەنیا هەرئەوەندەم لەبیرە، وەختێک دەنگی زەنگ بەزربۆوە قوتابییەکان ڕزگاریان بوو بەرەو کلاسەکانیان خێزەرەیان بەست، ئارەقە لە ئازای ئەندامم دەچۆڕا. هەتاکوو مامۆستاکان وەخۆ دەکەون لە هەیوانەکە تۆزێک پیاسەم کرد و دواتر چوومەوە ژووری.

ئێستا من و بریکارەکە مابووینەوە، کە درگاکە زاری داپچڕی و یەکێک بە ئارامی وەژوور کەوت. فەڕاشی قوتابخانە، دەتگوت لە کوێرەدێوە هاتووە، سەر و ریش هاتوو بۆر و چڵکن، کورتەباڵا و شلوشەوێق بەڕێدا دەڕۆیشت، هەر لە قەلی باڵشکاو دەچوو. لەکاتی قسە کردندا پشووی سوار دەبوو هەر دەتگوت بەسەد کەسان هەڵیان بڕیوە. پالی بە لاشیپانی درگاکەوە دا، چاوی لەچاوم بڕی.ئەحواڵپرسیم لێکرد. ئەو هەرکەسێک بوو کەیفی خۆیەتی، خۆ دەیتوانی یارمەتیدەر بێت. خێزاندار بوو. منداڵەکەشی زێدەڕۆیی کردبوو، هاوڕێ و برادەر لە چەشنی هەنگ لە دەوری پوورەیان دابوو. مووچەی مانگانەی نەوەدتمەن بوو، هەمباری پەنا مەبالەکەشیان دابوویە. بەڵام هێشتا نەیتوانیبوو مانگێ ئەو پێنجتمەنەی کە حەقی خزمەت و چاوەدێری لە قوتابخانە بوو، وەربگرێ.

سەرەڕای ئەمەش جووتێک کەنارەی (قیستی) بە سێسەد و پەنجاتمەن کڕیبوو، دووسەدتمەن قەرزی لە ملدا مابوو.

لەماوەی خولەکێکدا، چی لەدڵدا بوو هەڵیڕشت و دۆعای بەخێری بۆ کردم، ئیتر کە زانیم هەمبانەی بەتاڵ بوو، ناردم چایم بۆ بێنێ. بریکارەکەم بە سرتە پێیگوتم، لەوکەسانەیە وا زەوی داوە بە قوتابخانە و ئێستاش ئیدارەی پەروەردە دایمەزراندووە. مادەیەکیش بەناوی ئەو گرێبەست دراوە. بۆم ڕوونبۆوە بە ماڵ و منداڵەوە بوون بە مشکی سەرخەزێنە، کەمەکێک لەشت حاڵی بووم کە ئەو کلفەت و کارەکەرانە ئاخری ڕۆژێ دەبنە مووی بەرلووت! هەر ئەمەشم بە گوێی بریکارەکەدا چرپاند. ئەویش خێرا پەردەی لەسەر نهێنییەکان هەڵدایەوە کە: «زۆر سپڵە و بێچاوڕوویە. تاکوو ئێستا چەندجارێک لەگەڵ مامۆستاکان بەرەوڕوو بۆتەوە و گەپی پێداون...» لە شەیتانی و شۆفاریدا زمانێکی تایبەتی هەبوو. بیرم کردەوە، واچاکە بکەومە سەروکاری خۆی. ساڵێک لەمەوبەر کۆلێژی ئامادەیی تەواو کردبوو. یەکساڵ لە گەرمسار و کەرەج مابۆوە و ئەمساڵیش ئەوا هاتۆوتە ئێرە. باوکی لەبەرەی دووژن منداڵی هەبوو، پیاوی دووژنە جەرگی کونکونە. لە یەکەم ژنی دووکوڕی بۆ مابۆوە، هەردوویان لات و چەقۆکێش، لە ژنە تازەکەشی تەنیا ئەوجەنابەی بۆ ماوەتەوە، ئەویش بۆتە خوێندەوار و ئێستا نێوبانگی سنووری بەزاندووە و هەر خۆی دایکی بەخێو دەکا، ئەگەر بێخێوی نەکات! بەڵام ئێستا نەخۆشە. چەندساڵێکە هەواڵێکی لە باوکی نییە! خەرجی دەوا و دەرمانیش سەرباری هەموو دەردانە... تەنیا ژوورێکیان مانگێ بە پەنجاوپێنج تمەن بەکرێ گرتووە. مانگی بە سەدوپەنجا تمەن گوزەران ناکەن. ئێستاش ئەگەر بەخت و شانس نێوچاویان

لێتێکنەنێ تەنیا سێ ساڵی دیکە دەتوانێ حەقی پاک و خاوێنی مەدرەسە وەربگرێ... ئیتر هەستام و پۆلەکانم بەسەر کردەوە.

پۆلی دوو شان بە شانی نووسینگەکەوە بوو. مێشکی خۆیان هەڵدەکوشی تاکوو بزانن، 754 لەگەڵ 261 دەبێتە چەندە، ماموستاکەیان بەچاوی خێلەوە سێرەی لەمێزی سێیەم دەگرت، بەلام بۆ مێزی یەکەمی دەڕوانی. ئیتر سالۆنێکی چۆڵ و هۆڵ تەنیا دوو کۆڵەکەی سپی و چوارگۆشە پڕی کردبۆوە. لەوسەری سالۆنەکە سێچوار مێز و کورسیلەی تێکشکاو، دیوارەکەی ڕووبەرووش داپۆشراو بە وێنەی زۆرانبازان و مشتەکۆڵەکاران و ڕەشپێستانی وەرزشی ڕا کردن و وەزنەهەڵگرانی میسری. دیواری دەستە ڕاست وێنەیەکی گەورەی (ئاسیا)ی بە باوەشەوە بوو. لەگەڵ «خەلاتی عەلیمەردان هێندی، بۆ قوتابخانە...» بەناوی دەستکردی کارخانەکەوە لەژێریدا نووسرابوو، بە دەستنووسێکی خوار و خێچ، لەچەشنی رەنگی دەریاکان وەکوو جواناوی مردوو، دەریاچەی خەزەریش وەکوو قەوزە بە تەوێڵی نەخشەکەوە دیاربوو. هێڵی ئاسن لار و وێر و پان، لەمسەر بۆ ئەوسەر، هەر لە کرمانەوە بۆ دورگەکانی ئەندۆنزیا و لکاو بە سەنگاپوور و هەر بەشەی بە ڕەنگێکەوە لە سەرجەمی رەنگەکان پێکهاتبوو. هەر لە چلتیکە دەچوو. لە هەر جێپەنجەیەکدا، کەوشەن و ناونیشان و ئالا و هێز و سپا و دارو و تەمر و زۆرشتی دیکە؛ هەر میللەتەی لەژێر باڵی ئەمیر و خان و شێخ و سەردارێکدا، ئەوان شوان و خەڵکیان وەک پەز ڕاداوە و بە کەیفی خۆیان هەر یەکەیان لەسەر کارێک داناوە. ئیتر

خودا دەزانێ چۆنیان سەر بڕیون و زگدڕیون! ئەم ڕۆژگارەم وەبیر هاتەوە، منیش لە شێوەکاریدا ئەوکارانەم دە کرد و نەخشە و گەلاڵەی وڵاتانم دەکێشایەوە و ئالاکانیشم بۆ رەنگ دەکردن. تازە دەزانم ئەو زەمانە بۆ ئێمە بەهارێک بوو بە دڵی خۆمان. منداڵی بیست و سیٚ‌ساڵ لەوەپێش! خۆ ئەگەر خەریتەی جەهانیشم وێنە کردبا، بە تەواوی ئاسیا و ئەفریقا و ئۆستڕالیاشەوە دووسێ رەنگم پتر بەکار نەدەهێنا. رەنگی قاوەیی بۆ ئینگلیز، بە نیوەی ئاسیا و ئەفریقاشەوە، گەنمرەنگی بۆ فەرەنسا و بەشێکی‌تری دنیا، سەوزی ڕووناک هولەند و ئەوانی دیکە، ئێستاش... «ئەوە بۆتە ئەرک بۆ سەرقاڵ کردنی قوتابیان و خافڵاندنیان.» ئەو چەندوشەیەم بە تووڕەبوونەوە گوت. بریکار لێی پرسیم: «چی‌بووە مامۆستا؟» گوتم: هیچ! لێم‌پرسی، هەتاکوو ئێستا لەوساڵۆنەدا، چشتێک جێبەجێ کراوە؟ بۆم ڕوون بۆوە هیچ! نە پیشاندانی فیلمێک، نە کۆبوونەوەیەک، نە شانۆیەک. تەنیا و تەنیا، بۆ ڕۆژی ئەزموون و تاقی‌کاری بە کەڵک دەهات. ئەگەر، تۆزێک مێشکت ماندوو کردبا، بۆت دەردەکەوت بۆنی ئارەقە و دڵەڕاوکێ و خۆماندوو کردنی منداڵان لە ڕۆژی ئیمتیحاندا. ئەگەر چاو ڕاخەی بە تەواوی هەست بە تۆقین و گەرما و بۆنی ئەوبەستەزمانانە دەکەی. هەروەکوو ژوورێکی درگای لەسەر پێوەدرابێ و ڕۆژێک پێشتر سۆبەکەی کوژابێتەوە، لەبەر خۆمەوە دەستم بە دیوارەکەدا هێنا، گەرم نەبوو، هەروا ئەو کۆڵەکە ئەستوور و قورسانەی، وا شانیان دابووە ژێرباری پەروەردە و فێرگە.

ئیتر چوومە سەرێ، پێنج ژوور لە ڕیزێک و هەیوانێکیش لە پێشیانەوە، هیچیان لە تیشکی خۆر بێبەش نەبوون. دەنگ و ئاوازی خوێندنەوەی قورئان مطنطن و بە باشی لە پەنجەرەی پۆلی چوارەوە بەرەوپێدەشتەکەی وا فێرگەی دەئامێز دابوو. با وەکوو لەگەڵ پرشنگی هەتاو جوانییەکی تایبەتی دەدا بە یەکەیەکەی شیروانییەکان. لەگەڵ بانگی موسڵمانی دا! بۆ ئەوکەسانەی کە هێشتا نەهاتبوون لەو دەوروبەرە زەوی بکرن چاڵاو لێدەن و زێدەتر ئاوەدانی بکەنەوە. ئەمەش جێی دڵنیابوون بوو.

نە هەڵەیەک، نە ڕاوەستانێک، نە تێهەڵکێشان و دەرکێشانێکی لە خۆڕایی. بە دڵنیاییەوە تێگەیشتم کە مامۆستا، هیچ لە هیچ نازانێ؛ دوور نییە شەوانە بچێتە کۆڕی قورئانخوێندن و دیاری و سەوقاتی فێرگەکەی ئێمە خۆ ئەوەندە بە کاکڵ نییە. ئەوخەڵکەی ئێمە لە داهاتوودا بە ڕاستی دەبێ بێخەم بن.

پۆلی سێ لەبەردەم کۆڵەکەکاندا بوو. تێکڕا هەستانە سەرپێ، کورسیلەکان وەجیرەجیڕ کەوتن. سەرقاڵی (دیکتە)نووسین بوون. مامۆستا بە قاچ و قولی باریکەوە، وەک مەزراق بەنێو پۆلەکەدا دەهات و دەچوو. وانەی بۆ دەخوێندنەوە. «سەعدی بۆ ئازادی ژیا» چاوم لە دەستی یەکیان بوو. دەینووسی «بە ژانەوە مرد» دوور کەوتمەوە، مامۆستای پۆلی چوار قورس و قایم ڕۆنیشتبوو، زۆرم پێسەیر بوو چۆنە ئەوکورسییە پێچکەکانی لەژێریدا دەرناچێ. نەمزانی کامەیانە بە دەنگ قورئان دەخوێنێتەوە، بە چاکم زانی نەچمە ژووری، بە دیتنی من قوتابییەکان هەڵدەستان. ئەمەش بەلای منەوە

جوان نەبوو. لە پەنجەرەکەوە سەرم بردە ژووریٚ و تەحسینم کردن و دوور کەوتمەوە. قوتابییەکانی پۆلی پێنج دەمەتەقە و مرابحەیان بوو تەختەڕەشە کۆمەڵێک خاڵ و ژمارەی لەخۆی گرتبوو، دەتگوت ژنە دۆمە خاڵی کوتاوە، مامۆستا هەمیەتی وێنەدام، ئەوێشم بەجیٚهێشت.

هەرئەوەندەی درگای پۆلی شەش کرایەوە «... ئەی ناڕەسەن» کوڕە سەرچەورەکە لەبەردەممدا قوتبۆوە. یەکێک لە قوتابییەکان هەر لە چەوەندەری سوور دەچوو. تین و تەوژمی زمانتاڵی و جنێوی مامۆستاکەی هێشتا بەسەر ڕوومەتەوە مابوو. خەریکبوون دەوری فارسییان دەکردەوە. مامۆستا بەسەرپێوە دەتگوت داهۆڵی سەربێستانە، چاوی لەچاوم چەقیبوو ملی نا لە گازندە:

ـ بەڕێز بەڕێوەبەر، ئەوانە چشتێک لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن نازانن. هەر دەبیٚ بەسەریاندا بکێشی! سەرنجتداوە من چەندە بە دەستییانەوە... قسەکەیم لیٚ نیوەچڵ کرد:

ـ فەرمایشتی ئێوە زۆر بەجێیە. ئەمجارە لەبەر خاتری من لێیان خۆشبە. بڕوا ناکەم قوتابییەکان خراپ بن. ئیتر بەجێمان هێشتن.

لە ئاخری پۆلی شەش نیمچە دیوێک هەبوو باریک و درێژ. درگا و پەنجەرەیەکی گەورەی ڕوووەو باکوور. لەوەدەچوو هەر بەمزووانە ببێتە ژووری تایبەتی من. مێزێک و دۆڵابێکی تێدابوو، هەردوویان بەتاڵ و هەتاڵ. خراپ نەبوو لاپەڕ و دوور لە دەنگ و هەرا، زۆریش تاوگر بوو. عەلاوەی کەسی بەسەرەوە نەبوو، کاتێک درگات لەسەر خۆت پێوەدەدا، دەنگی قورئانخوێندن نەدەهاتە ژووریٚ. زریکە و

قیژەی منداڵان لە کۆشی حەسارەکەشدا هەروا. مامۆستاکان زۆر لەوە ماندووترن بەم گشتە پلیکانەدا وەسەر بکەون و بێن بۆلای من. قەول و قەرارم دانا و هاتینەوە خوارێ.

حەوزێکی گەورە لە حەوشەکەدا بوو. تۆسقاڵێک قووڵ، ئەوە تەنیا شتێک بوو لەوبینایەدا بە کەیفی منداڵان بێ. لەوسەری حەسارەکە تۆڕێکی تۆپی باسەکەی لێ بوو، چەندگۆلێکی هەڵوەشابوو، ئەویش بە سیم و بەن بەستبوویانەوە دیوارێکی بەزر و قایم فێرگەکەی گەمارۆ دابوو، دەتگوت دیواری چینە، شوورەیەکی مەزن بوو لە بۆ بەند کردنی قوتابییان. لای خوارووی حەسارەکە مەبال و ژووری فەڕاش لەپەنایدا. دواتر ڕەژیدان و دیسان لە یەکەوە کلاسەکان دەستی پێدەکردەوە. مامۆستا وانەی دەگوتەوە «بابا، ئاو»ی لە قوتابییەک دەپرسییەوە. سەیرێکی ئاودەستەکانم کرد. لە درگاکە چوومە ژوورێ، دەبوو دوو پلیکان بچیتە خوارێ، دواتر داڵانێک تاکوو ئەوپەڕی دیوارەکە. بەلای دەستە چەپیشدا پێنج مەبال هەبوو بە بێدرگا، سەر نەگیراو، دواندوان تیغەیەکیان لەنێواندا بوو. تەختی بنەکەیان بە دەرەوە بوو، کونی ئاودەستەکانیش سەرەگای پێدا دەچووە خوارێ منداڵەکان لە ترسی ئەوەی تێنەکەون، لەملا و ئەولای ئاودەستەکان دادەنیشتن و هەڵیان دەڕشت. چاوم بڕییە نێوچاوانی بریکارەکە، شان بە شانم لەگەڵم دەهات، گوتی:

ـ زەحمەت و چەرمەسەرێی زۆرمان دیوە مامۆستا، تاکوو ئێستا پتر لە سەد نامەمان ئاڕاستەی دەزگای ساز کردن و بیناسازی کردووە. بەڕێز، پێمان دەڵێن ناکرێ پارەی دەوڵەت لە ملکی ئەم

وئەودا خەرج بکرێ و بە فیڕۆ بڕوات. گوتم ـ درۆ ناکەن، ملکی پەروەردە خۆ نابێ ئاوا پیس و قێزەوەن بێ. هەردووکمان دامان لە قاقای پێکەنین. ئەوەندە بەس‌بوو. هاتینە دەرێ و هەر لەوحەسارەدا، پشوویەکمان تازە کردەوە. لەمەڕ داهات و مانگانەی قوتابخانەوە پرسیارم لێکرد، بۆ هەر ژوورێک مانگی پازدە قڕان پارە تەرخان کرابوو، ئەمەش بۆ کڕینی گەسک و تەلیس و گەچ و ئەو وردەشتانە. لە سالۆنەکەشدا دوو ژووریان کردبۆوە، ببوو بە یازدە. دابەش کردنی پێنووس و لێنووس ئەرکی سەرشانی بەشی پەروەردە بوو. هەر مانگەی بیست و پێنج‌تمەن بۆ ئاوی خواردنەوە لەبەرچاو گیرابوو. کە هێشتا نەدرابوو، ئاوردووی سۆبەکان پار زستان دار و تەپاڵە بوو. ئەشێ ئەمسال ببێ بە ڕەژی. بۆ نیوەی هەرکام لەوانە لە ساڵدا سێ‌تمەن و مانگی سی‌تمەنیش نەغدینەبۆ کاتی پێویست، ئەوەشیان هەروەک پارەی ئاو و سووتەمەنی لاقێکی شەل بوو. خۆ ئێستا ئەمە دووهەمین مانگی ساڵە بۆ قوتابخانە، واتە ئاخر و ئۆخری خەزەڵوەر. وتم کە بەسیەتی تاقەت و حەوسەلەی ئەوشتانەم نییە چبگا بە بەڕێوەبەریشەوە! هەر لە ئێستاوە بەخێر و بیرەوە پێشکەشی خۆت بێ. «جا تۆ هەروای دابنێ کە هێشتا بەڕێوەبەر نەهاتووە و ناشیەت.» مۆر و دەسەڵاتی قوتابخانەکەش با بەدەست خۆتەوە بێت.

هەڵبەتە هێشتا بە چاکی نەمناسیبوو. بەڵام هەر دەبوو بە دڵی خۆم بریکارێکم هەبێ. ئەو لە من باشتر و توندوتۆڵتر بوو. دوومانگ بە بێ‌بەڕێوەبەر ئەرکەکانی مەکتەبی ڕاپەڕاندبوو. ئەو کە کۆلێژی تەواو کردبوو باشتر لەمن لەکاری پەروەردەدا سەری دەردەچوو.

بیستبووم پێشتر بەڕێوەبەرەکان هەرخۆیان بریکاریان بۆ قوتابخانە هەڵبژاردبوو. بەڵام من نە کەسێکم پێشک دەهات و نە وازیشم لەوکارە بوو. کارەکانی خۆشم بە زۆرەملی هەڵدەسووڕاند. کاتێک لەودەمەتەقەیە بووینەوە، خۆمان کرد بە نووسینگەکەدا. فەڕاش لە ماڵی خۆیڕا چایی هێنابوو، ملمان نا لە خواردنەوەی چایی. هەتا ئەوکاتەی زڕەی زەنگ بەرز بۆوە و دیسانیش زڕەی زەنگ هات. چاوم بە پەروەندەی قوتابییەکاندا گێڕا. هەریەکەی دووکوت کاغەزی لەخۆ گرتبوو. کۆپی پێناسە و کارتی واکسینە و ڕیزی نمرەی خولی کۆتایی ساڵەکانی پێشوو. لە ڕووخساری ئەوکاغەزانەوە بۆم ڕوونبۆوە قوتابییەکان هەموو لە بنەماڵەی وەرزێر و باغەوان و کرێکارن. بەرلەوەی زەنگی کۆتایی زڕەی لێهەستێ و درگای قوتابخانە گاڵە بدرێ وەدەر کەوتم. بۆ یەکەمڕۆژ ئەمە لەسەروزیاد بوو.

# 3

ئەوەڵی بەیانی خۆم گەیاندە قوتابخانە. قوتابییەکان بۆ چوونە ژووری پۆلەکانیان ریچکەیان بەستبوو. بریکار بە شووڵکە تەڕێکەوە لەبەر هەیوانەکە ڕاوەستابوو تەنیا دووکەس لە مامۆستاکان لە ژووری نووسینگە بوون. زانیم کە ئەوە کاری هەموو ڕۆژیانە. بریکارم ناردە یەکێک لە پۆلەکان و خۆشم چوومە بەردرگای قوتابخانە بۆ پیاسە کردن. لە دوولاوە فێرگەکە دەکەوتە سەرکۆڵان. باکوور و ڕۆژهەڵات. هر دووکۆڵانەکە دەشت و بیابانی لەئامێزدابوو. لەولاتریشەوە دەچۆوە سەر ڕاستە جادەکە. ئەویش قیلەتاو و پاسەکان هاتوچۆیان پێدا دە کرد و دار و درەخت و دووکان و بازاڕ ئاوەدانی کردبۆوە. لەدڵی خۆمدا وتم، ئەگەر لە هەرلایەکەوە تەشریف بێنن ئالێرەدا هەرخێرا دەمبینن لە حەژمەتان سەریان هەڵنایەت، هەتاکوو دەگەنە بەردەمم لە ئارەقەدا دەخووسێن، بەو مەرجەی ئەقڵیان هەبێ لەجێی خۆیاندا دەمرن! تەریق دەبنەوە، ئیتر ڕۆژێکی دیکە زووتر دەگەنە قوتابخانە. بەڵام ئەمە لە پیاوەتی بەدوور بوو. هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکار کردنمدا گوشاریان بۆ بێنم. لەپڕ لەوسەری جادەکەوە لەشانی باشوورەوە خاڵێکی ڕەش دەرکەوت. کوڕە سەرچەورەکە بوو، کورتەباڵا و رەوتی تایبەتی خێرا ناسیمەوە. ئەویش منی دیتبوو، بەڵام زۆر لەوە هێورتر دەهات. کە

من بیرم لێکردبۆوە. بۆی گرنگ نەبوو کە بەڕێوەبەر لەدوورەوە چاوی لێبیەتی. بە فیکەفیک لێم نزیکبۆوە، لەو ئاواز و هەوایانەی وا ئەوروپییەکان سەمای پێدەکەن. شەرمی شکابوو، لەنگەری سەر بۆینباخەکەی بەسەر بەرۆکییەوە بەجوانی دەبیندرا، بە بێ جووڵە ڕاوەستابوو لەبەر خۆمەوە گوتم: «رەنگبێ هەر ئەو تەنیا بۆینباخەی هەبێ.» ئارام و لەسەرەخۆ هەنگاوی دەنا، لەبیری ئەوەدابووم تۆزێک عەزیەتی بدەم، بەڵام ئەو حیسابی منداڵێکی بۆمن نەدەکرد.
خەریکبووم وەک شیر هەڵدەچووم. بەڵام کە لێی وردبوومەوە دیتم خەریکە ڕێگەڕۆینەکەی خێراتر دەکا. دوگمەی کۆتەکەی داخست و چاوی لەچاوم بڕی. سەرێکی لەقاند: «بەخت بە هاوارییەوە هات.» من چاوەڕێی ئەوە بووم ڕووداوێکی خراپ بێتە ئاراوە. بەڵام لە هیچ کەمتر دەبوو خۆم کردبا بە ژوورەکەی خۆمدا و درگام لەسەرخۆم پێوەدابا، وەختێک دەهات نەیدیبام. بەدەم سڵاو کردنەوە لەوەدەچوو قسەیەک بکات. خێرا پێش‌دەستیم کرد:

- فەرمووو مامۆستا، فەرمووو، قوتابییەکان چاوەڕێتن.

شتەکە بە خۆشی تەواو بوو. لەوەدەچوو منی نەدیبێ لەوانەیە بیری بە لایەکی دیکەدا چووبێ... نازانم... رەنگبێ لەنێو ڕێدا چاوی ئەوکچانە مەحتەلی کردبێ، شەوی ڕابردوو لەسەر کلاسی ئینگلیزی دیتبوونی. بۆ مەگەر ئەو بەشەر نییە؟ لەوەدەچێ قەرزدار بەرۆکیان گرتبێ. یان وەرەهەم و ئازارێک هەناوی بخواتەوە. نازانم.

یانی لاوێکی سەرچەور، لەنگەر بە بەرۆکیدا هەڵبواسێ بۆی نییە تاوێک لە دنیای خویدا بێت؟ سەیریش نییە پاسەکە ماتڵی کردبێ.

لەوانەیە لە ڕێبەنداندا گیری کردبێ. یان جەردە لە ڕێگادا بووبێ. باش‌وایە واز لەم‌بیرۆکانە بێنین لێی خۆش‌بووم. «کارێکی باشت کرد نەت‌شکاندەوە، با کەسایەتی نەڕووخێ!»

لەپڕ بەژن و باڵای مامۆستای پۆلی چوار چاوی پڕکردم. لە دوورەوە منی دیتبوو. دەتوانم بڵێم بە ڕا کردن دەهات. لاقی درێژبوو، هەربۆیە شەقاوی گەورەی دەهاویشت. بەڵام بەزحمەت خۆی دەتوانی. زۆر لە مەرارەتی دابوو! لەبەر زگ کەوتبوو! «کارێکی باش ناکەی جارێ دێ نەگەیوە دووکەڵ بگات!»

چوومە نووسینگەکە و دانیشتم، خۆم بە شتەکانی بەردەستم خەریک کرد. ئەویش بە هاسکەهاسک گەیشتێ. ئارەقە لەبەری پێی دەتکا، بۆخۆم هەستم بە شەرم و خەجاڵەتی دەکرد. سڵاوەکەشی لە ئارەقەدا خووسابوو. وڵامی سڵاوەکەیم دایەوە و هاتم بڵێم: «ئەگەر چاوت بەمن نەکەوتبا ئاوا بە هەڵاتن دەهاتی؟» پەژیوان بوومەوە پێم کارێکی جوان نەبوو. ئیزنی دانیشتنم پێدا و ئەویش دانیشت. لە جەڕەکەی پەناخۆم شەربەیەکم ئاو بۆ تێ کرد و بزە مەسخکراوەکەیم بە ئاوەکەوە دەرخوارد دا، هەستا سەرپێ لەوەدابوو بڕوات گوتم:

- بەقازانجت تەواو بوو، دوو کیلۆ لە کێشت دابەزی. بەدەم پێکەنینەوە ئاوڕێکی دایەوە و بەجێی هێشتم ویستم بچم بەلای ژوورەکەی خۆمەوە، بزانم کاکی فەڕاش ڕێک‌وپێکی کردووە یان نا، لەپڕ بریکار بە زرمەزرم بە پلیکانەکاندا هاتە خوارێ. هەر لە ڕۆژی هەوەڵەوە دەنگی پێیم بەگوێ هەڵگرتبوو زۆر لەخۆڕازی و بەئیفادەوە

لاقی هەڵدەهێنایەوە وەک بڵێی ئەوخشتە سوورانە تەنیا بەخاتری ئەوەی ئەو پێی بەسەردا بنێ بەسەر زەویدا خۆیان ڕاکێشاوە. هێشتا مابووی بگاتێ گوتی:

ـ چاوتان لێبوو بەڕێز! ئەمە هاتنیانە بۆ قوتابخانە ئەم هیچوپووچە تۆزێکیش شەرم ناکات. بەڕێز. بەڵام ئەوەیتریان... ویستم لاتاوی لاواز بوونی بۆ دووپاتە بکەمەوە، بەڵام زانیم قسەیەکی بێتامە؛ پاشگەز بوومەوە لێمپرسی:

ـ ئێستاش ئەو دووپۆلە بێزو بە مامۆستا دەکەن؟

ـ بە، بەڵێ بەڕێز، پۆلی سێ وەرزشیان هەیە، پێمگوتن خەریکی دیکتەنووسین بن، بەڕێز.

مامۆستای حیساباتی پێنج و شەش هێشتا نەهاتووە بەڕێز مێزێکی کێشا بن دیوارەکە، چووە سەری، وێنەیەکی گەورەی هۆدەی هەخامەنشیەکان بە دیوارەکەوە داکوترابوو، لایداو:

ـ ئێوە بڕوانن بەڕێز...

لەسەر گەچی دیوارەکە بە قەڵەمی سوور، نە زۆریش گەورە، بە پەلەپڕوزێ وێنەیەکی داس و چەکوشییان کێشابۆوە. بە بێئەوەی من شتێک بڵێم ئەو خۆی درێژەی بە قسەکانیدا:

ـ هەر لە کۆنەوە لەوان ماوەتەوە، بەڕێز. ئەوەڵساڵ کە هاتمە ئێرە، بەڕێوەبەرەکەیان هێشتا لێرەبوو بەڕێز. ئەوان لەمکارانەیان دەکرد. ڕۆژنامە بفرۆشن، کاری چالاکی بکەن، داس و چەکوش بکێشنەوە، بەڕێز. پێشەنگەکەیان کە گیرا زۆریان لەبەر پاڕامەوە، دەستەوداوێنیان بووم بەڵکە دەست لەوکارانە هەڵبگرن، بەڕێز. دایک

و باوکی قوتابییەکان هاتن و زۆریان سکاڵا کرد بەڕێز. سێجار لە ناوەندی ژاندارم و کەلانتەرییەوە هاتن بەدوویاندا، لەوەدەگەڕان بزانن ئەوانی دیکە لەکام پەناو پەسیودان...

لەسەر پشتی مێزەکەوە بازی دایە خوارێ. تابلۆیەکە چەندجارێک جووڵایەوە و داس و چەکوشەکەی شاردەوە. گوتم:

ـ مەگەر ئێستاش هەر ماون؟

ـ بەڵێ، بەڕێز، پێتوایە تەواو بوون! یەکیان هەر ئەومیرزایەی وا هێشتا نەگەیوەتە ئێرە، بەڕێز هەموو ڕۆژێک نیوکاتژمێر، سێچارەک درەنگتر لە کاتی دیاریکراو تەشریف دەهێنێ، بەڕێز. ئەوی دیکەیان مامۆستای پۆلی سێ، ئەوەندەی قسەیان لەگەڵدا دەکەی ناچێ بەگوێیاندا، بەڕێز.

ـ ئەتۆ بۆچی تاکوو ئێستا پاکت نەکرۆتەوە؟

ـ بەڕاستی سەیرە! بەڕێز، مرۆڤ دەردی دڵیخۆی لەلای کێ هەڵبڕێژێ؟ بەڵێ بەڕێز! هەر خێرا ناوی سیخوڕ، جاش و ئەم جورەشتانە لەسەر پیاو دادەنێن! تا ئێستا دووجار لەسەر ئەوەی درەنگ هاتۆتە ئێرە قسەمان لەیەک هەڵبەزیوەتەوە، بەڕێز. کار گەیوەتە لێدان و پێدادان!

تۆ نازانی کە چۆن فێرگەیان شێواندووە باوەڕی ئەو خەڵکەیان ڕەش کردووە و هەموو کەسیان تووشی چەواشەیی کردووە. بە بێهیچ کۆبوونەوە و لێژنەیەک و یارمەتی بە هەژاران؛ هەموو ڕۆژێ گوشاری فەرمانداری و ژاندارم، قوتابییەکانی لاسار و چەواشە کردووە. لەم وردەفەرمایشتانە. ئیتر کە قسەی لەدەم بڕا، دەسرە

سڕەکەی خۆم پێدا و حاڵیم کرد بە خێرایی نیشانەکە بسڕێتەوە وتم کە ئێمە نابێ تاوانی بدەینەوە، بەگوێمدا خوێند، کە ئەم شتانە تەمەن ناناسێ و روکنی دوو بۆ ئەم جۆرە کارانە پارە و پووڵی باش سەرف دەکا و کاربەدەست و سیخوڕی کارامەی هەیە. پێویستیان بە ئێمەمانان نییە، چاکوایە بە کاروباری خۆمانەوە سەرقاڵ بین، هەستام هەتاکوو سەرێکی ژوورەکەی خۆم بدەم. لەسەر پلیکانەکە بیرم لەوە دەکردەوە لەوانەیە لە هەموو پەنا و پەسیوێکی ئەم جەهانەدا نیشانەی ئاوا هەر بەم تابلۆ کۆنانە بشارنەوە. کاتێک درگای ژوورەکەی خۆم کردەوە، بۆنی ئاوپرژێنی دیوەکە بەرەورووم هات. ئاخرین مامۆستا زەحمەتی وەبەرخۆی دابوو تەشریفی هاتبوو. خۆم گەیاندە بەرهەیوانەکە، بە دەنگی بەرز، بۆ ئەوەی مامۆستاکان بژنەون، بانگی بریکارەکەم کرد. گوتم:

بە قەڵەمێکی سوور بنووسە، مامۆستا یەکسەعات درەنگتر لەکاتی خۆی هاتۆتە سەر ئیش و کارەکەی.

## 4

سێهەم ڕۆژ لەکاتی خویدا لە قوتابخانە ئامادە بووم. هێشتا لە شانی کۆڵانەکە وەرنەسووڕابوومەوە لەگەڵ قیژە و زەنازەنای منداڵان ڕووبەڕوو بوومەوە. کەوتمە پەلە کردن پێنجکەس لە قوتابییەکان هەر خۆیان هەڵدەکوشی بریکار شووڵەتەڕێکی بەدەستەوە بوو، بە کەیفی خۆی لەبەری دەستی ڕادەکێشان. زۆریش بە قانوون لەگەڵیان دەجووڵایەوە، هەر منداڵەی دووشوڵی لێدەدان. لەمسەر بۆ ئەوسەر پێیاندا دەهاتەوە. ئەو قوتابییانەی ڕیزیان بەستبوو چاویان لەم کێبەرکێیە بڕیبوو.

منداڵەکان بەدەمگریانەوە دەپاڕانەوە، بەترسەوە دەستیان ڕادەگرت. ڕاهاتبوون و عادەتیان کردبوو دوانیان گەورەتر بوون. بە درۆ دەیانزریکاند یەکێ لە منداڵەکان زۆر بە زیرەکی دەستی دەدزیەوە نەیدەهێشت شووڵەکە وەدەستی بکەوێ. وامدەزانی ئاو لە دڵم دەپڕژێنن، زۆر چکۆلە بوو باوەڕم نەدە کرد شووڵەکە وەدەستی بکەوێ، بریکار بە تەواوی دەهری ببوو، بەزحمەت دەیتوانی لەم دەستە بچووکانەی ڕابکێشێ. جاریوابوو شووڵەکە پێستی دەستی دەپچڕی، ئاخ... زۆرجار بەرمەچەکی دەکەوت... هاتم بە هەموو هێز و قەوەتی خۆم بنەڕێنم بە پاڵێک بریکارەکە بدەم بە دیوارەکەدا، ئەو بە

منی نەزانیبوو پشتی لەمن بوو. بە بەرچاوی قوتابییەکانەوە ئەو خزمەتەی پێدە کردن. هەرکە خۆم کرد بە قوتابخانەکەدا، شتێک درەوشایەوە، زۆرم پێ سەیربوو منداڵەکان بەربوونە سرت و خورت، جموجۆڵ کەوتە سەفەکەیانەوە. لەپڕ ئەندێشم کرد زۆر کارێکی منداڵانەیە ئەگەر بەڕێوەبەرێک دەست لە بریکارەکەی هەڵێنێتەوە؛ ئەویش لەپێش چاوی ئەو هەموو قوتابییە. هەربۆیە ئاگری ڕق و قینەکەم لە بڵێسە کەوت. هێور بوومەوە و بە پلیکانەکاندا وەسەر کەوتم. بریکار تازە بە منی زانیبوو، سڵاوەکەی بەسەر نووکی زمانییەوە شەختە بردی، تکام لێ کرد ئەم جارە بە منیان ببەخشێ. من نەمدەزانی ئەوان چییان کردووە. درەنگ هاتبوونە قوتابخانە، یان سەریان نەتاشیوە، دەم و لووتیان پیس‌بووە یان بەرۆک و ملیوانەی کراسیان خاوێن نەبووە. پێنووسی هاوڕێکانیان شاردبۆوە، یان دۆشەک و سەندەڵی پاسەکەیان بە چەقۆ دڕاندووە. شتیان لە کۆڵان دۆزیبۆوە و نەیاندابووە دەست بریکارەکە. ئاگاداری کردمەوە کە جارجارە کاری ناشیرین دەکەن. بەڵام دەستی ئەو منداڵە یەکجار چکۆلە بوو. سەر و چاوی هەر لە بێچووەپشیلە دەچوو. بەچەشنێک دەگریا و فرمێسکەکانی دەهاتە خوارێ کە ئیتر خۆم بۆ ڕاگیر نەکرا، هاتم بە هەموو کەیفی خۆم لە بناگوێی بریکار بسرەوێنم، یان هەر بە شووڵەکەی دەستی دارکاری بکەم.

منداڵەکان بە هەنیسکدان چوونەوە نێو ڕیزەکان و ئەمجار دەنگی زەنگ بەزر بۆوە، ڕێچکەی منداڵان ڕوو بە پۆلەکان کەوتە جووڵە. بەدوای قوتابییەکانیشدا مامۆستاکان هەموو حازر و ئامادە بوون.

ئیتر کە ژوورەکە چۆڵ بوو منیش لەژێر دۆلابەکەدا قولێکم شووڵەتەڕ دیتەوە. خێسەیەکم لە بریکارەکە کرد، تازە ئارام ببۆوە، گوتم:
بەمجۆرەی دەچوویە پێشێ چیوای نەمابوو ملی یەکیان بشکێنی. خێرا ڕەنگی بوو بە جاوی سپی! ئەگەر هەر لە ئێستاوە چاوترسێن نەبن و سەرکوت نەکرێن، سبەی سواری سەرت دەبن، بەڕێز، تۆ وەک من نازانی ئەوانە لە کەر کەرترن، بەڕێز.

هەر وەکوو منداڵانی مەدرەسە، هەر بەڕێز بەڕێزی بوو. لەگەڵ هەر وشەیەکدا، هەستم کرد ئەگەر بێتوو سەبارەت بەوقسەیە شتێک بڵێم، لەوانەیە بەگژمدا بێتەوە. قسەکەم گۆڕی و ئەحواڵپرسی دایکیم کرد. لەخۆشیاندا بزە نیشتە سەرلێوی ڕوومەتی گوڵی کرد. گازی کرد لە فەڕاش ئاوی بۆ بێنێ. نازانم چۆنبوو ئەوبیرە بە مێشکمدا هات هەروەکوو پیرەمێردەکان ملبنێم لە نەسیحەت و ئامۆژگاری کردنی. بۆم گێڕایەوە لەم چەندساڵەی مەکتەب و قوتابخانە و زانکۆ و ئەمانەدا تەنیا دووجار تەمبێ کراوم. جارێک فەلاقە کرام بە بەرچاوی منداڵەکانەوە. ڕایەکیش لە پۆلی سێدا بووم، تاوانم ئەوەبوو بە منارەی مزگەوتی موعەیەردا سەرکەوتم. بەسەر قوتابخانەکەیدا دەڕوانی، بەڕاستی جێیەکی خۆش و دڵگیر بوو! دووهەمجار لە دوواناوەندیدا بووم کە بەڕێوەبەرەکەمان بەجێی یەکێکیتر دوو شەپلاخەی لە بناگوێم سرەواند. دوایەش کە زانی هەڵەی کردووە بانگی کردمە ژووری نووسینگە، کە زانی سەید و ئەولاودی پێغەمبەرم داوای لێبووردنی لێکردم. پەڕتووکێکی بە دیاری پێدام. ئێستاش هەر ماومە لەبیرمە نیوسەعات بەمقسانە زاخاوی مێشکیم دا، هێشتا تەمەنی کاڵ

بوو. دەکرا بەو شلکییە دای بێنی. ئیتر ڕازیم کرد بەوەی شووڵەکان بشکێنێ و فڕێیان بدات، هەر ئەم کارەشی کرد. منیش چوومەوە ژوورەکەی خۆم.

# 5

هەر لە یەکەم حەفتەوە سەرم لە کارەکانم دەرهێنا و بووم بە وەستا، ئەوەڵی بەیانی زستان تەپیدا سەرمان نۆدانە سۆبای بەردە خەلووز. لە ڕۆژدا چوارنۆبە بە ئاوهێنان و گەسکلێدان و پاک و خاوێنی ژوورەکان بە فەڕاشێکەوە گونجاو نەبوو. داوام کرد لە ئیدارەی پەروەردە فەڕاشێکی دیکەمان بۆ بنێرێ. ئیتر هەموو ڕۆژێ چاومان لە ڕێگا بوو.

دوانیوەڕۆیان نەدەچووم. چەندڕۆژێک بەترس و لەرزەوە، دواتر غیرەتم جوولا. هەستم بەوە کردبوو قوتابخانە ئاشێڕی ناوێ، کەوابێ من لە زیادیم. دوانیوەڕۆیان قوتابییەکان خەریکی وەرزش و تۆپێن بوون. پۆلی یەکەم وەخت و بێوەختی بۆ نەبوو. ئیتر لەلایەن منداڵەکانەوە دڵنیابووم. تۆڕی باسکەباڵ هەر لەنێو حەساری فێرگە دابوو. جێی مەترسی نەبوو. لەوساکە دەشتەی دەوروبەری قوتابخانەکەش ترومبێل و سەیارە کەمتر هامووشۆی دەکرد. هەرچەندە بەرز و نزم بوو لافاو لە زۆرلاوە خولێرکاوی کردبوو. زۆریش لە حەسارەکەی قوتابخانە گەورەتر بوو. مامۆستاکانیش هەموو پاشنیوەڕۆیەک بە نۆرە خۆیان ون دەکرد. بۆخۆیان پێکهاتبوون. ترسیش لەوە نەبوو منداڵەکان بە یەکجاری لە عیلم و

زانست سارد ببنەوە. جا ئەگەر ترسێک لەئارادا هەبا بێگومان ئەمە لەدانی بەیانیدا دەبوو.ئەوکاتیش من لە قوتابخانە بووم.

ڕۆژێک بەرپرسی لێپرسینەوە هاتە سەردانمان، نێوسەعاتێک پێداهەڵگوتن و شووتی لەبنباخەڵنان و سمێڵچەور کردن و قەدرلێنان! لە ژووری نووسینگە دانی بەوەدا نا، کە قوتابخانە «سەرەڕای ئەو هەموو کەمتەرخەمییەی لەگەڵی کراوە لەمەڕ کەل و پەلەوە» بەڵام بە بێکەموکوڕی بەڕێوە هاتووە و زەحمەتی زۆری بۆ کێشراوە. دووکتورەکەی بەشی تەندروستیم ناسییەوە، کە هێشتا نەیدەتوانی زاراوە قەزوێنییەکەی لەنێوان وشەگەلی فەرەنگ و عیلمی تەبییدا بشارێتەوە. بڕیار وابوو مانگی جارێک چش بکا لە ماندوو بوونی ڕێگا، بێت و نەخۆشینی منداڵەکان چارەسەر بکات. پێش بە چاوێشە بگرێ هەتاکوو تووشی کوێربوون نەیەن. بەڵام هەر ئەوەندە بە ناشییانە ئەنگوستی لەچاوی ئەو بەستەزمانانە دەدا و هەڵیدەگێڕایەوە، ئەگەر ئەوکارەی لەگەڵ من کردبا دڵنیام بە هەموو کەیفی خۆم دە بناگوێم دەسرەواند. (مێرکورکوروم) و لۆکە و چەسپی خاوێنی یاداشت کرد. کە منیش لە ئیدارەی پەروەردەی بستێنم. ئەوانیش نەیانبوو لەڕووی ناچارییەوە دەستەوداوێنی یەکێ لە قوتابییەکان بووم، باوکی ئەم قوتابییە پزیشکی نەخۆشخانەی لەشکری بوو، دەوا و دەرمانەکەی بەخۆڕایی بۆ هێناین. لە ڕۆژێدا لە هیچکەمتر سێچوارجار دەست و پلیان بریندار دەبوو. يارييان دە کرد و یەکتریان ڕاو دەنا و بە زەویدا دەدران؛ بە پلیکانەکاندا خوار و ژووریان دەکرد و دەکەوتن و هەڵدەستانەوە. هەر دەتگوت گۆچ

نەکراون. قەت بە بێشەڕ و هەرا دانەدەنیشتن. هەر کەوتن و هەستانەوە بوو، لە کاتی ئاساییدا کە یارییان دەکرد، لەو چارەگە سەعاتەی کە ماوەی پشوودانیان بوو لێان دەبوو بە شەڕ دواتر ئاشت دەبوونەوە و هەرئەوەندەت نەدەزانی لە سووچێکی حەوشەکەدا دوو دوو پێکهەڵدەپڕژان و گرم بە زەویدا دەکەوتن و شەڕ و هەرا کۆتایی پێدەهات. هەڵبەت ئەگەر بە گوڕەی بریکار، یان دەرکەوتنی یەکێ لە مامۆستاکان کۆتایی بە شەڕ و کایەی قوتابییەکان نەهاتبا، من بیرم لەوە دەکردەوە ڕەنگبێ ئەم هەموو کەوتن و هەڵخلیسکانە هەمووی لەبەر بێکەوش و پێڵاوی بێت. کە هەر تڵیشەی بەلایەکدا ڕۆیبوو. ئەو قوتابییانەی کە پێڵاوەکانیان بەکار دەهات زیاتر ئەو ناسک و نازدارانە بوون، هەرئەوەندەی نێوچاوانت لێتێکنابان تازە زراویان چووبوو! ئیتر هەربۆیە ڕۆژنەبوو دەست و قاچیان خوێناوی نەبێ و سەریان نەشکێ. تەرکی ژووری نووسینگەکەشمان ئەوەندەی میرکورکوۆمی پێدا ڕژابوو گشتی پەڵەی سووری ئەودەرمانە بوو. هەڵبەت دەوا و دەرمانەکەش لەبەردەستی خۆیاندا بوو. سەری شکاو و دەست ولاقی داڕووشاویان پێ دەرمان دەکرد. زۆرجاریش ئەوانی گەورەتر بەهانایانەوە دەچوون. جاری واشهەبوو فەڕاش یان بریکارەکە ئەوکارەی دەکرد؛ تەنانەت جارێکیان هەر خۆم ئەوکارەم کرد. ئەومنداڵەی دەست و پەنجەی چکۆلەی بوو، سەر و چاوی وەک پشیلە دەچوو، دەست و لاقیم دەرمان کرد.

پەروەندەی کارەبا و تەلەفوونم لە ئارشیوە بچووکەکەی قوتابخانە هێنا دەرێ و خوێندمەوە. ئەگەر تۆزێک خۆت ماندوو کردبا هەتا دووسالّی دیکە کارەبا و تەلەفوون جێبەجێ دەبوو. دووجاریش خۆم گەیاندە ئیدارەی بیناسازی باسەکەم هێنا گۆڕێ. چەندجارێک ڕووم لەو هاوڕێ و برادەرانە نا، هەرچەندە دوور بە دوور ناسیاوم بوون. لە ئیدارەی کارەبا و تەلەفووندا ئیشیان دەکرد. پێشتر ئەوان لەوباوەڕەدا بوون من خەریکم کاروباری تایبەتی خۆم جێبەجێ دەکەم. لە پالّ ناوی قوتابخانەدا. هەربویە لەناچاریدا دەستم لێبەردا. هەرئەوەندە بەس‌بوو ئەرکی سەرشانم جێبەجێ کردبوو.

قوتابخانەکە ئاوی نەبوو، نە بۆ خواردنەوە نە بۆ ئاودەست و ئاوپڕژێن.

لەوەرزی بەهاردا، زەوی دەژیاوە و ڕووبار پڕئاو دەبوون و کانییەکان دەتۆقین و هەمباراوەکانی ژێرزەوی پڕدەبوون لەئاو، بەتروومپا حەوزەکانی قوتابخانەشیان پڕ دەکرد. ئەوکارەش لەئەستۆی قوتابییەکان بوو. لەوچارەگە سەعاتەی کە بۆ حەسانەوە تەرخان کرابوو منداڵەکان خەریکی هەڵگوێزانی ئاوبوون، زرم و کوتی تروومپا ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیشت. دەبوو بەقیژە و هەرایەک هەر مەپرسە. قوتابییەکان ئەم کارەیان بەیاری و شادی دەزانی؛ بەکەیفی خویان پێک‌هەڵدەپڕژان و دەیان‌کردە شەڕەجنێو و ئەوان زۆرتر شەڕ و هەرا لەنێوانیاندابوو، نەک پێکەنین و شادی و یاری کردن. دوو بەرمیلی سەدلیتریمان هەبوو پڕمان دە کرد لەئاوی خواردنەوە، لەوەرەقی سپی ساز کرابوون ژەنگیان نەدەگرت. هەروەکوو ئەوانەی

لەحەوشو و حەساری زیارەتگا و سەقاخانەکاندا دایان دەنێن. دەتگوت ئاوەڵدووانەن هەردوویان لەسەر کورسی داندرابوون. ڕۆژی دووکەڕەت پڕدەبوون و بەتاڵ دەبوونەوە. هەرئەوەندەی دەنگی زەنگەکە بەرز دەبۆوە تێکڕا هەڵیان دەکوتایە سەر بۆشکەی ئاوەکان. هەناسە ساردانە! دەتگوت سیوەشکەیان گرتووە! هیچکات ئەوەندە تینووی فێربوون و زانست نەبوون. ئەو ئاوەشمان هەر لەباخەوە دەهێنا، ریزە دارکاجەکانی لێبوو، هێڵێکی ڕەشی خستبووە سەرنێوچاوانی ئاسمان. ئەوەش با بڵێین ئەرکی ئاوهێنانەکەش لەئەستۆی کاکی فەڕاش بوو. ئاوێکی خاوێن وەک چاوی قرژاڵ. لەدڵی کارێزەکەوە هەڵدەقوڵی. بۆخۆم بەسەریدا ڕادەگەیشتم، ئەوەندەی کارێکت بەفەڕاش دەبوو پەیدات نەدەکرد، بەڵام هەرخێرا خێزانەکەی بەدەنگتەوە دەهات: پیاوەکەم چووە ئاو بێنێ. سەتڵێکی گەورە و ئاوپاشێکی کۆنی بەدەستەوە بوو، هەتا دەیگەیاندەوە قوتابخانە نیوەیی دەبوو. ئاوپاش و تروومپاکەم تێکڕا ناردە سەر وەستا، بەپوولی گیرفانی خۆم بۆچاک کردنەوە. نەدەکرا چاوەڕێی خەڵات و بەراتی قوتابخانە بین قوتابییەکان تینوبن و تەق و کوتی تروومپاشڕەکەش مێشکمان خراپ بکات.

ڕۆژێک خاوەن ملکی قوتابخانە تەشریفی مەمبارەکی قوت بۆوە. پیرەمێردێکی ژیر و بەهەیبەت، وای خۆ نیشان دەدا، گەرەکیەتی کرێنشینەکان بەسەر بکاتەوە و بەچاکی وەژوور نەکەوتبوو فەڕاشی دایە بەر دژوێن و قسەی ناحەز بەپەروەردە: بۆچی منداڵەورکە دار و دیواری فێرگەیان بەرەژی نووسیوە؟ ژوورەکانیان کردۆتە نێومالی

قورمگرتوو. ئیتر هەر خێرا بەمزمانە خۆشەیدا ناسیمەوە. ماوەیەک خۆم پێناساند و گەڕامەوە بۆنێو بیرەوەرییەکانی و هاوڕێ و دۆستایەتی و منکێم و تۆ فلانە کەسی و... کارێکی هاسان نەبوو. ئەودووعومری منی هەبوو. بەڵام ئەوەی دەمهەویست پێیگەیشتم. نهێنییەکانیم لەچاویدا خوێندەوە، کەدەبێ باسی چی بکەم. جابۆیە ئەمداخوازیانەم بەگوێدا دا.

شیروانی بۆ سەربانی مەبال و ئاودەستەکان، دڵۆپە زۆرە، چاڵاوەکان لەوەدەچێ پڕ بووبێتەوە، ئەمباراوەکان قەوزەیان هەڵێناوە و لوولەی ئاوەکەش نە وەکوو لەسەرمای زستاندا بیبەستێ و بقەڵەشێ، ئەوکڵاوەی کە ئیدارەی فەرهەنگ کردوویەتە سەری، خۆ ئەگەر ئێستا تەشریفیان لە ئەورووپا دەبوون، زۆر لەوەزێدەتر ڕێزیان لێدەگیرا و بەهۆی ئەم دڵاوایییەی دەچووە نێو ڕیزی کەیاسەتی «ئاکادمی»یەوە و هەروا لەم قسانەم بەتەنگەیدا دا... بەچایی میواندارییمان لێکرد. مامۆستاکانمان پێناساند. زۆرم قەول و بەڵێن پێدا هەتاکوو ڕۆیی و لەکۆڵمان بۆوە. لەقڕنوو خراپتر بوو پیرەپیاو. بەبیرەوەریەکانیدا چووەوە بەڕوداوی بێتام و وەختکوژ باگردێنی بەسەر مێشکدا دەگێڕاین، لەتەمەنیدا دەستی نەگەیوەتە داوێنی ئاواتەکانی! سەعات و نیوێک دانیشت، مانگێ جارێک ئەمە کاری بوو. دەبوو بەملۆزم و خۆرە، مێشکی دەخواردم.

بەڵام مامۆستاکان هەریەکەو نامەیەکی بیستوچوار سەعاتەیان بەدەستەوە بوو. لەڕیزی بەرنامەکانیشدا تەنیا بیستکاتژمێریان وەبەر کەوتبوو وانە بڵێنەوە بەرلەوەی من بێم بریکارەکە هەموو

ئەرکەکانی جێبەجێ کردبوو. ئیتر کە لەگەڵ یەکدی ئاشنا بووین بڕیارماندا داوای مامۆستایەکی دیکە بکەین لەئیدارەی فێر کردن و پەروەردە هەموو مامۆستایەکیش هەژدەکاتژمێر وانە بڵێتەوە. بەومەرجەی هیچ دوانیوەڕۆیەک قوتابخانە قەپات نەکرێ. ئەو مامۆستایانەی هاتووچۆی زانکۆیان دە کرد لەگەڵ ئەم هەژدە سەعاتە سازگار بوون. ئەمە ئاڵۆزترین گرفتی نێوانمان بوو کە لەبەینی خۆماندا جێبەجێمان کرد. منیش نامەیەکم ئاراستەی ئیدارەی فێر کردن و پەروەردە کرد بەڵکە مامۆستایەکی دیکەمان بۆبنێرێ.

# 6

دوو حەوتوومان تەواو نە کردبوو، فەڕاشی تازەشمان هات. پیاوێکی تەمەنپەنجاساڵ، لاواز و گورج و گۆڵ. کڵاوێکی تابیەت بەشەوانەی دەکردە سەری، دەستێک جلوبەرگی شینی لەبەر دەکرد. هەر لەبەرگی پۆلیس و پاسەوانەکان دەچوو. تەسبێحێکی بەدەستەوە دەگرت و سەری لەهەموو کارێک دەخورا.

بەنۆرە ئاوی خواردنەوەیان دەهێنا هەر ڕۆژەی خزمەتکارێک، قوتابخانە خاوێن بۆوە و ڕەنگ و ڕوویەکی دیکەی بەخۆیەوە گرت. تەرکی هەیوانەکەیان دەشۆردەوە کورە و سۆباکانیان ئامادە کرد. سۆباکۆنەکان بەدار و تەپاڵە کاریان دەکرد. سێتمەنیان دابوو بۆ دامەرزراندنیان. بریکاری لەپەروەردەی وەرگرتبوو منیش حەوتەیەک لەمەوپێش هەرپێنج کاغەزی ڕەسیدەکەم بۆ مۆر کردبوو. ئەو دووکەسە بەسۆباکان ڕادەگەیشتن بەبێگیر و گرفت بەڵام فەڕاشی تازە ئاگاداری هەموو حیسابێک بوو. بیستبووم، گوتبووی: «ئەوپارەیەی بڕیارە بینێرن کەی دەگاتێ؟» هەربۆیە بریکار دەستوری دابوو کرێکارێک بگرن و ئەویش دووڕۆژی عەلەن تەواو وەک گای بێخاوەن دەخولایەوە، دەتگوت کۆستە دەگێڕێ. بەرلەوەی دەستێک بەسۆباکاندا بێنێ و ڕەنگیان بکاتەوە، بەدەوری خویدا

هاتبوو خۆیی تیفتیفە دابوو. لەبەردەم منداڵەکاندا ببوو بەداهوڵ. هەر بۆئەوەی منداڵەکان چاوورِوویان بکرێتەوە. سێیەکی کورەکانیان گۆڕی و دیوارەکانی نێوانیان بەخشت هەڵچنی. بەقوڕ سواخیان دان و دایان مەزراند. ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو لەحەولی بەردەڕەژی و دارچناردا بین فەڕاشە کۆنەکەمان چواررِۆژ لەسەریەک ڕەوانەی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر کرد. چاوەڕوانی بەردەخەڵووز بووین.

جارێ حەفتەیەک نەبوو فەڕاشی تازە هاتبوو، ناڕەزایی مامۆستاکان بەرز بۆوە. نە سەروسڵاوی لەگەڵ ئەوان هەبوو، نە بەفەرمایشتی ئەوان هەڵدەستا و دادەنیشت. بێجگە لەخۆی کەسی بەپیاو نەدەزانی هەروەکوو کارمەندەکان سەعات هەشتی بەیانی دەهاتە قوتابخانە، ئەگەرچی ڕەش و سپی لەیەک نەدەکردەوە بەڵام دەفتەری حازر و بزری ئیمزا دەکرد. خەتێکی لاروویری بەژێر ناوەکەی خویدا دەکێشا. دەبوو بەزەڕەبین و کەرەستەی ئەستێرەناسیەوە بیخوێنیەوە، ئەوسا بزانم بەڕێزی ناوی حوسێنە. نیوەڕۆ دەنگی زەنگی قوتابخانە قوتابییەکانی ئامادە دە کرد بەرەوماڵ ببنەوە، ئەویش وێڕای ئەوان بۆی دەرباز دەبوو. ئیوارانیش هەروا. لەڕاستیدا سڵاوی لەمن دەکرد. بەڵام مامۆستاکان چییان لەمن کەمتر نەبوو. ئەوانیش هەروەکوو من خاوەنی زانست و ناونیشان و شان و شکۆیەک بوون. جا هەرچۆنێکی لێکبدەینەوە، خۆ ئەوەندەیان لەباراندا هەبوو خزمەتکارێک سڵاویان لێبکات. بەڵام ئەو گوێی بەمشتانە نەدەدا، خۆشی بەنۆ مانگایزاو نەدەگۆڕییەوە! پێداگری ئەوەبوو بەقەڵەم دەفتەرەکە ئیمزا بکات! لەهەموو شتسەیرتر

ئەوەبوو خۆی زۆر لەمامۆستاکان بەزیرەک و زاناتر دەزانی. ڕۆژی ئەوەڵ خەرجم لێ جوێ کردبوونەوە با ئەوان بەکەیفی خۆیان لەکاتی حەسانەوەدا درگای نووسینگە لەسەر خویان پێوەبدەن و هیچکەس کاری بەکاریان نەبێ. بەڵام هەر ئەوکاتەی مامۆستاکان لە وانە گوتنەوە تەواو دەبوون و دەهاتنەوە ژووری نووسینگە ئەویش دوابەدوای ئەوان خۆی دەگەیاندە ژووری، چایی بۆ تێدە کردن ئاوی پێدەدان دواتر دەچوو لەقولینچکی ژوورەکە ڕادەوەستا. دەبوو بەمووی بەرلووتی مامۆستاکان ئەوانیش نەیاندەتوانی لەپێش‌چاوی ئەو دە دەقیقە لەدنیای پەروەردە بێنە دەرێ و بەکەیفی خۆیان پێ ڕابکێشن. نەشیان دەوێرا درگای قسە کردنی لەگەڵدا بخەنە سەرپشت و بۆ تۆزێکیش بێ وەڕەزی لەخۆیان دەربکەن. تا بڵێی زمان پیس‌بوو بەهەموویاندا دەهات، قسەی لەهیچیان نەدەخواردەوە. یەک دووجار بەبیانووی کارێکەوە بەڕێی جێیەکیان کردبوو، بەڵام ئەو هەرخێرا کارەکەی تەوا کردبوو گەڕابوویەوە لای ئەوان. تەنگی پێهەڵچنیبوون! لەماوەی چەندڕۆژێکدا مامۆستاکان نەیانتوانی ئەوچارەگە سەعاتە بەدڵی خویان بەرنە سەر. دەتگوت لەگرتووخانەدان. دەمزانی ئەوبایە بارانێکی پێوەیە، لەماوەی دەساڵدا ئەوەندەم تەجرووبە کۆکردبۆوە، کە ئەگەر لەئاواها کاتێکدا قەزای دیزە لەدەرخۆنە نەکەوێ. با مامۆستاکان تۆڵەی خۆیان لەقوتابییەکان نەکەنەوە. با لەکاتی پشووی خویاندا، ئەوچارەگە سەعاتە جەفەنگی خویان لێدەن. با شەرمیان لە بەڕێوەبەر بڕەوێتەوە و بۆ چەندساتێکیش بێ دوور لەچاوی منداڵان بن. با لەوەختی درس‌گوتنەوەدا خەونووچکە بەلایاندا نەبا. هەربۆیە،

وەجواب هاتم! ڕۆژێک فەڕاشی تازەم بانگ کردە لای خۆم. بەرلە هەمووشت حاڵ و ئەحواڵپرسێم لێکرد، دواتر چەندساڵە مووچەخۆری دەوڵەتە، چەندمنداڵی هەیە و مانگێ چەندە پارە وەردەگرێ... ئیتر کاری تەواوبوو. لە مانگدا سێسەدی پتر وەردەگرت. بیستوپێنجساڵ بوو کارمەندی ئیدارە بوو لەماوەی ئەوچەندساڵەدا پارەیەکی زۆری نەبوو، بەڵام لەوقوتابخانەیەدا کۆنترین مامۆستا سەد و نەوەد و دووتمەنی مەواجب هەبۆو. ئالێرەدا بوو کارەکە کەچەڵە بوو. ئیتر مامۆستاکان ناحەقیان نەبوو بەچاوێکی دیکە سەیری ئەم کابرایە بکەن نە دیپلۆمێک نە شەهادەیەک، نە عینوانێک، بێجگە لەفەڕاشێک هیچیتر نەبوو! سەرەڕای ئەوانەش زۆر ملهوڕی لە خۆیی نیشان دەدا. ناحەقیشی نەبوو. لەپێشدا ئاماژەم بە چەندشت کرد. لەئاخریشدا بەجوانی بۆم لە بنی کوولەکەکە دا، کە ئەومامۆستایانە هەرچەندە خێر و پاداشی ئەم دنیایەشیان بەنسیب نەبێ بەڵام زۆر لەو حەساوەتر و ویژدانیان ئاسوودەترە، کە خۆی بەدیندار و ژیر دەزانێ، لەوەدەچوو ئەم فەرمایشتەی نەبیستبێ «من علمنی حرفا...» لەپڕ بازیدا نێوقسەکانم:

ـ ئای مامۆستا! ئەوە ئێوە باسی چی دەکەن؟ نە ئێوە خەریکی ئەم کار و کردارەن و نە ئەوانیش دەناسن. ئەمڕۆ داوای جگەرەکەم لێدەکەن و سبەی ئارەق و شەڕابیان لێم دەوێ. ئەمن ئەوانە باش دەناسم، ئێوە تازە پێتان ناوەتە ئێرە. بەڵام من ئەوا عومرێکە لەگەڵ ئەم دەمڕووتانە هەستان و دانیشتنم هەیە.

درۆی نەدەکرد. ئەو زووتر لەئەوان منی ناسیبوو چاک دەیزانی من هیچ کارەی قوتابخانەکەم. بەڵام لەوە دەترسام، زێدە لەحەدی خۆی پێ لەبەرەکە ڕابکێشێ. پێم خۆشنەبوو درێژدادڕی بکەم، خۆ بەلای ناخێرم بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بووم. دەی چۆن دەم بەدەمە لەگەڵ کابرای خزمەتکار بکەم!...

باش‌بوو هاڕەهاڕ و دەنگەدەنگی لۆری بارهەڵگر وەفریام کەوت، بارەخەڵووزی هێنابوو، هاوکات لەگەڵ ڕاوەستانەکەی کوژایەوە، گوتم:

ـ ئەوقسانە جوان نین. مامۆستای قوتابخانە ئەوەندە تێروپڕ نین هەتا مووچەکەیان بەشی ئارەق و خواردنەوە بکات! ئێستاش لەوقسانە بگرێ و بچۆ بەلای ئەم ماشینە بەردەخەڵووزەوە. ـ هەر لەو چرکەیەدا کە دەچووە دەرێ گوتم ـ سبەی یان دووڕۆژی دی کە حەوەجییان کەوتە لای تۆ پارەت بەقەرز پێدان، ئەوسا لەگەڵیاندا دەبی بەهاوڕێ و برادەر.

ئێتر هاتمە بەرهەیوانەکە. دەروازەئاسنەکەی فێرگە کرابۆوە. لۆرییەکە لەحەساری ڕاوەستابوو خەریک‌بوون بەردەخەڵووزەکەیان بەتاڵ دەکرد. شۆفیرەکە کاغەزێکی دایە دەست بریکار، چاوێکی پێداگێڕا و ڕەوانەی لای منی کرد. لەبەر هەیوانەکەدا ڕاوەستابووم. ناردییە سەرێ. سڵاوی کرد و کاغەزەکەی دایە دەستم. سیایی خەڵووزەکە بوو. نامەی ئیدارەی پەروەردە بوو لەسێ بەرگدا ماشێنکراو، وای نیشان دەدا (باسکۆڵ) لۆری بەبارەوە دوازە خروارە. بەڵام نوسراوە فەرمییەکانی پەروەردە مات چوو. ئەو

جێیانەی کە تایبەت بەقوتابخانە بوو لەخانەبەندییەکاندا بە بەتاڵی مابۆوە، بۆئەوەی هەرکەسێ بارەکە وەردەگرێ پڕی بکاتەوە، منیش ئەوکارەم کرد. کاغەزەکەم بردە ژووری و بەقەڵەمەکەی خۆم ژمارەکانم لەشوێنی تایبەتدا نووسی و ئیمزام کرد و دامەوە دەست کاکی شوفێر. لەوسەرەوە بەبریکارەکەم گوت:

ـ ئەگەر پێویست بەمۆر دەکا، خۆت جێبەجێی بکە.

ئیتر ڕۆیشتم بەلای کاری خۆمەوە، بیرم دەکردەوە کە چەندە فەڕاشی تازەمان پیاوێکی زیرەک و لەکڵ دەرهاتووە «بەڕاستی خۆش‌دەبوو ئەگەر تەنیا دووکەس لەمامۆستاکان بەقەت ئەوکابرایە زۆرزان و وریا بان. خۆ ئەگەر هەموومان وەکوو ئەو ئاوا بەڕێوجێ ئیش و کاری خۆمان جێبەجێ کردبا ئێستا ئەومنداڵانە هەریەکەو بۆخۆیان فەیلەسووفێک دەبوون» لەپڕ درگای ژوورەکە کرایەوە و بریکارەکە وەژوور کەوت سیایی بەردەخەڵووزەکەی بەدەستەوە بوو:

ـ مەگەر تۆ نازانی بەڕێز؟ ئەم شوێنە تایبەتی پڕ کردنەوەیە؟ بەڕێز...

نەمزانیبوو. خۆ ئەگەر بشمزانیبا فەرقێکی نەدەکرد! بەڵام زۆر زوو خۆم لەمگێژییە پەڕاندەوە و بەتووڕەییەوە گوتم:

ـ دەی‌باشە، مەبەستت چییە؟

ـ هیچ بەڕێز... داب و دەستوری ئەوان وایە، ئەگەر بەدڵی ئەوان ڕێک‌نەکەوین گرفتمان بۆ دروست دەبێ بەڕێز...

ئیتر بەڕاستی ڕقم هەستا، من کە بەڕێوەبەری قوتابخانە بووم، خەریک‌بوون دەیان‌کردمە هاوڕێی کاروان و شەریکی دزان! گوڕاندم:

- وەڵڵا تەواومان کرد! ئێستا بەڕێزتان دەستوور بەمن دەدەن و خەت و نیشانم بۆ دەکێشن؟... قوربەسەری ئەوپەروەردەیە بۆ بەڕێوەبەری کە من بم! برۆ ئەم کاغەزەی بدەیە با لەبەرچاوم ون بێ. بێویژدانی هیچ و پووچانە...

ئەوەندە بە تووڕەییەوە گوڕاندبووم کە هیچ کەس ئەم چاوەڕوانییەی لە من نەبوو. بەڕێوەبەرێکی گوێ لەمست و گەلحۆی وەک من خۆم بەقوربان و سەدەقەی هەمووکەس دەکرد، لەبەردەم هیچکەسدا بەڵێم لەدەم نەدەبڕا، هەتاکوو درگای دەرێ هەموو شوان و گاوانێکم بەڕێ دەکرد. تازە دەمزانی دایک و باوکی قوتابییەکان زیاتر لەعەولادەکانیان پێویستیان بەفێربوونی هەستان و دانیشتنی جوان و ئەقڵ و ئەدەب هەیە! دەبوو ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان قوتابخانە بۆ ئەو دایک و باوکانە دابنێ، نەک بۆ منداڵەکانیان. کەچی ئێستا بەڕێز بریکارەکە خەریکە من فێردەکا کە لەباتی 9 خەڵوار خەڵووز بنووسم هەژدە خەروار، لەئارخیدا لەگەڵ ئیدارەی پەروەردە بەشی بکەین. ئای، سڵاو لەئەقڵ و ئاوەزتان!...

هەتاکوو نیوەڕۆ دەستم بۆهیچ کارێک نەدەچوو، تەنیا چەندجارێک نەبێ نامەی دەستلەکارکێشانەوەم نووسی و دڕاندم... ئەوانە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە خەریکی چەواشە کردن و بەلارێدابردنی مرۆڤن.

# 7

سارد و سەرما و کڕێوە دەستی پێکرد، منیش دەستوورمدا کاتژمێر حەوتی بەیانی سۆباکان هەڵبکەن. بەگوێرەی ڕێوشوێنی ئیداری دەبوو لە دەی سەرماوەزەوە هەڵیانبکەین، لەهەشتی بەیانییەوە. ئێمە دەڕۆژ زووتر ئەوکارەمان کرد. هەرچۆنێک با ئاوردوومان وەردەگرت، ئێواران کە قوتابییەکان بەرەوماڵ دەبوونەوە سۆباکانیان بەئاوردوو دەچنی بۆئەوەی بەیانی حازر و ئامادە بن، تەنیا لقێکیان شەمچە بەسبوو... کوتەکاغەز و ڕەشنووسی منداڵان زۆر و زەوەند بوو. منداڵەکان هەمیشە لەکاتی خۆیاندا دەهاتنە قوتابخانە، لەکاتی تەڕی و قوڕیشدا، کەڕەی بەیانی وەدەریان دەنان. یان بەبێئەوەی نانی نیوەڕۆ بخۆن! دەتگوت لە قوتابخانە هەنگوین دەبەخشنەوە! یەکجار بەپەلە بوون. دەتوانم بڵێم لەم قوتابخانەیەدا هەموو شت هەبوو بێجگە لە عیلم و ئەدەب! بەڕاستی لەبەرخاتری چاوی جوانی مامۆستا و بەڕێز بریکار نەبوو بەم کردارە جوانەیانەوە! زۆرم هەوڵدا تەنیا ڕۆژێک لەپێش قوتابییەکاندا بێمە قوتابخانە بەڵام قەت ئەوەم لەدەست نەهات. کە فێرگەیەکی چۆڵ و بەتاڵ لەقورسایی تامەزرۆبوونی منداڵەکان ببینم بەفێربوونی زانست، ئەوسا ئۆخژنم بێت. زۆرجار نیوەڕویان کارەکانم دەماوە و کێشی دەهات. بۆم تەواو نەدەبوو، یەککاتژمێر

درەنگتر لەکاتی خۆی وەڕێ دەکەوتم، قوتابخانەکە تابلێی قەرەباڵغ دەبوو، قوتابییەکان چاوەڕێی دەنگی زەنگەکە بوون. هەرئەوەدەی دەگەیشتنە ژووریَ بەدەوری سۆباکەدا پووڕەیان دەدا، کەوش و کڵاشەکانیان وشک دەکردەوە. یەکدووانێک بەبیانووی نانی نیوەڕۆ دەمانەوە. جابۆیە خێرا زانیم مانەوەی ئەم بێچارانە لەبەر نەبوونی کەوش و پێڵاوە ئەوەی هەیبوو نەدەماوە، ئەم نەچوونەوەیە لەبەرژەوەندی مامۆستاکانیش بوو. هەر نەبێ پارەی بۆیە کردنیان بۆدەگەڕایەوە. بارینی ئەم شوێنەش حیسابی سەعاتێک و دووان نەبوو. ئەوکۆڵانانەی کە دەهاتنەوە سەرشەقام و جادەکان هێشتا قیلی پێوە نەکرابوو، ئەو ڕێگایەی منداڵەکانی دەگەیاندە قوتابخانە نزیکتر بوو، بەڵام نزیک جۆگە گەورەکە بوو. هەر بۆیە ساڵ دووازدەی مانگ قوڕ و چڵپاو بوو. حەوشەی قوتابخانەکەش خراپتر. کایە و یاری منداڵانی لەگەڵ گرفت بەرەوڕوو کردبۆوە.
قوتابخانەیەکی سارد و سڕ و بێدەنگ و ڕەنگ بوو. گرفتی گەورە نەبوونی پێڵاو بوو، بەر لەمشتانە زۆرشتی پڕوپووچم لەمەڕ مەسەلەی بارهێنان و پەروەردەوە خوێندبۆوە، کە هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو. سەبارەت بە پاک کردنەوەی تەختەڕەش و ئاودەست و هەزاران شتی دیکەوە... بەڵام زۆر کرچوکاڵ و دوور لەزانست و بەهرە. ڕاستەکە کەوش لەکڵاش باشترە، کڵاش خێرا لەئاودا خاو دەبێتەوە و دخووسێ، لەقوڕدا هەڵناگیرێ. هەرئەوەندە بەپەلە لاقت هەڵێنابایەوە بنیکڵاشەکە بەقوڕەوە دەنووسا و لەزەویدا بەجێ دەما ئەمە لەلایەک و دەست و پلی کەسیرە کەوتوو سەرمابردووی

منداڵانیش لەوێ ڕاوەستێ. وەک چەوەندەر سووردەبوونەوە. لەبەر باران دەخووسان لەکاتی باراندا، تا دەهاتنە مەدرەسە زۆریان چاویان خوێنی تێدەزا، مەعلوومبوو کە ئەوبەیانییە تێروپڕ گریاون. گرفتیان بۆپێش‌هاتووە و زۆربەیان منداڵی میرا و باخەوان و ڕەش‌وڕووتن، لەوەدەچوو بۆزۆربوونی منداڵ و پێک‌هێنانی خاووخێزان زۆر بەپەلە و بەدەست‌وبرد بن. قسە لەخۆش‌ویستن و ئەهەمیەت‌پێدان نەبوو. قوتابخانەکە خەریک‌بوو درگای دادەخرا، ئەوانەی بەیانان نەدەهاتنەوە کەم نەبوون. لەکاتی بەرایدا هیچ مامۆستایەک نەیدەتوانی وانە بڵێتەوە. زۆربەیان دەست و پەنجەیان ماسیبوو، سەرما کەسیرەی خستبوون. بریکار شووڵەکانی شکاندبوو. بەڵێ مامۆستای کلاسەکەش لەوەحاڵی ببوو کە فەرهەنگ و ئاوەزی ئێمە بەپانەوە گوێڕایەڵی شتەباشەکان و پەروەردەیە. راهێنان و کار کردن. زۆرجوان ئاشکرایە دەستێک وەک سەهۆڵ بەستبێتی و قامکەکانی وەک کۆڵی لێهاتبێ، ئیتر بەتەمای چی و چاوەڕوانی چی دەکەی ئیتر هاتینە سەرئەوباوەڕە بیرێکی تازەتر بکەینەوە.فەڕاشی تازە پیاوێکی سەر دەرچوو بوو. شارەزا لە هەمووکاراندا و زۆریش زیرەک. ڕۆژێک لەنووسینگەکە لیژنەیەکمان سازکرد. ئەوکابرایەش لەوێ بوو. خۆی لەمکۆڕە خزاندبوو. (کەسێک کە نەیزانی نان بخوا، دەبێ بۆی بخۆی!) گوتی دەتوانێ یەکێک لە دارا و دەوڵەمەندەکانی دەوروبەری قوتابخانە مەرزەم بکات بەوەی حەساری قوتابخانەکەمان بۆ خیزڕێژ بکات. بەومەرجەی ئێمەش داوا لەئەنجوومەنی گەڕەک بکەین کەوش و پێڵاو بۆ قوتابییەکان بکڕن.

مامۆستای پۆلی سێ وەک تۆپی پێ لەجێی خۆی هەڵبەزییەوە. ئەی «سڵاو لەئەقڵت پیاوی دانا و ژیر! ئەم سرِ و سواڵکەرییە لەشان و شکۆی مەدرەسە بەدوورە. نزیک بوونەوەی ئەم چەشنە کەسانە داهاتوویەکی باشی بەدواوە نابێ.» لەگەڵ چەند وتەیەکی دیکەدا... وادیاربوو ئەگەر پارڵمان پێکهاتبا بۆ دواکەوتنی شۆڕش زۆری شت پێبوو ڕای بگەیەنێ. بەڵام پارڵمانێک لەگۆڕێدا نەبوو. هەربۆیە پێویست نەبوو من وتاربێژی بکەم. ئیتر لەمەڕ پێشنیارەکەشەوە هیچم نەگوت. بەڵام نە من و نە هیچیەک لەمامۆستاکانیش هەتا ئەوکاتە ناوی ئەنجوومەنی گەڕەکمان بەرگوێ نەکەوتبوو. قسەکەمان ئاوا بڕیەوە، کە هەرخۆی وەدووی کارەکان بکەوێ و ئەوگەلاڵەیە جێبەجێ بکات. حەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەیان لەکوێیە و ئەگەر حەزیشی لێبوو بانگەشتنمان بکات.

دووڕۆژ دواتر سێ بێنز خێز هات. دوانیان لەحەساری قوتابخانەدا بەتاڵ کران و یەکیشیان لەبەر درگاکەدا، منداڵەکان لەماوەی نیوسەعاتدا بەنێو حەوشەکەدا بڵاویان کردەوە، یەکێ بە تەختە یەکێ بە پێمەڕە و بێڵەئاسن. هەر کەسەو بەشتێک ڕاوەستان نەبوو. ئەم خێر و مەندە بابی یەکێ لەقوتابییەکان بوو. هەربۆیە لەوکاتەدا کە قوتابییەکان بەڕیز ڕاوەستابوون دەستخۆشانەیان لە بابی کرد و چەپڵەیەکی باشیان بۆ منداڵەکە لێدا. دوانیوەڕۆی ئەوڕۆژە فڵانە کەس هاتبوو پێشنیاری پێکردین کە بۆ ئاشنایی لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لەفڵانە ڕۆژدا، فڵانە سەعات بچنە فڵانە ماڵ.

هەرچەندە دەبوو لەگەڵ بریکارەکە بچین، بەڵام مامۆستای پۆلی چواریشمان لەگەڵ خۆماندا برد. خۆ زۆریش سەیر نەبوو، وابزانن ئەوەیان بەڕێوەبەری قوتابخانەیە، ئێمە تەنیا زۆر و بۆرین بەس نەبوو بەمقسە قەڵەمییانەی کە دەیکرد، دەیتوانی حەیای مامۆستاکان بپارێزێ. ئەوماڵەی کە لەوشەوەدا شوێنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بوو ئەویش وەک قوتابخانەکە دوور و لاپەڕ! ئەوکاتەی گەیشتینێ ڕۆژ پەڕیبوو. دەروازەی ئاسن کرایەوە و چووینە ژوورەوە. باخێکی ڕووت و تەنک؛ شەقامگەلێکی خیزڕێژکراو، کۆشک و تەلارێک بەکڵاوقووچەوە، لەونێوەدا. نۆکەر و نانخۆرێکی زۆر بە دەروبەرییەوە بوون وەژوور کەوتین و کڵاو و باڵتەکانمان پێئەسپاردن. ژوور و دیوەخان و پلیکان و پەیکەرەی گەچی و ئیکلیلکراو چرا بەسەر، تەپەتەپی متۆڕی کارەبا، کە جارجارە گڵۆپەکان وەگیانەڵڵا دەکەوتن بەسەر دیوارەکانەوە. لەوەدەچوو کارەبا لەخۆیان بێت. بەپێڵاوی پەروەردە کەنار و مافوورەکانمان پێخوست کرد. وادیاربوو سێ لەسەر یەکڕا خرابێتن. ئەوەی سەرەوە کە پیس دەبوو لادەبرا و نۆرە دەگەیی بە دووهەمین. لەقاتی یەکەم وەسەر کەوتین، درگای سالۆنەکە ئاوالابوو وەژوور کەوتین. (ئاخوندی)ێک بەژێرپاتۆلێکی چەرموی هەراو و نێفەکشۆڕ، خەریکی نوێژ کردن بوو کاتێک سەری لەسوجدە بەرز کردەوە ردێنی سەرنجی ڕاکیشاین. خاوەنماڵیش بەشێوە زمانی یەزدی هاتە پێشوازمان. هاوڕێکانم پێناساند، وادیاربوو تێگەیشت کە دەبێ من بەڕێوەبەر بم. گڵۆپەکان لەپرتەپرت نەدەکەوتن، ئەوهەموو زرق و

برقە وادیاربوو لەبەرخاتری ئێمەی مامۆستا و خوێندەوار بوو! چایان بۆ دانایین. بێڕەنگ و لەئیستیکانی نێوقەد باریک و بەقوڵفی زێوینەوە. بە زەحمەت قومێکم فڕ کرد. جگەرەیەکم داگیرساند و لەگەڵ خاوەنماڵ بازاڕی قسەمان گەرم کرد. لەسەر مافوورەکانی، تاجر و توجاڕی فەرش و فرۆش بوو. دەڵێن قاڵی تا زێدەتر پێخوست بکرێ زۆرتر بەنرخ دەبێ. لەناچاریدا باسەکەمان گەیاندە بازاڕی دەرەوە. جەنابی حاجی مەلا لەعەرشەوە گەییە قورش! قیت بۆوە و لەپێش‌چاوی گشتمان پاتۆڵێکی لەپێ کرد و بەنە خوێنەکەی شاردەوە و لەبەر خۆیەوە «مسناکم الله بالخیر» لەمچەشنە خۆنواندنە. مامۆستای پۆلی چواریش هاوڕێی دە کرد و چوونە ناخی یەکدییەوە. بریکارهەر لەو زارۆڵانە دەچوو کە هەر ئێوارێ خەونووچکە بەلایاندا دەخات و ڕازی نابن بەگوێڕایەڵی.

چوینە سەر باس و خواستی ئەنجوومەن. ڕێز بۆ هەرکامێک دادەندرا، بۆت دەر دەکەوت کێیە و چکارەیە، حاجی مەلا ئەمیندار و خەزانەدار بوو، ئەو کەسەی واکرابوو بە بەرپرسی ئەنجوومەن ناویم لەڕۆژنامەکانی نازانم چەندساڵ لەمەوپێش وەبیر هاتەوە. عومرێک بوو لەخەونیدا کورسی وەزارەتی بەدەست بوو ئێستاش نەمامی هیوای باڵای نە کرد کە نەیکرد. چاو لەدەستی ئەنجوومەنی گەڕەک بوو. بەسەر ئاو و کارەبا و بەشی پاک و خاوێنیدا ڕادەگەیشت. لەوەدەچوو زۆریش لەخۆبایی بووبێ کە ئەو وەڤدەی قوتابخانە چوونەتە خزمەتی. بیرم لەوە دەکردەوە چەندە خۆش‌دەبوو کە تەواوی وەزیرەکان ئەوەندە بە بەشی خۆیان ڕازی و

وەزارەتخانەش ئاوا لە خزمەت هاووڵاتییاندا با. کەڵەگەت و کورتەباڵا، پیر و لاو، پازدە کەسێک وەژوور کەوتن. ئەوەی هاتە ژووریَ قرەچەپیَ دەبەری هەستاین و دانیشتینەوە. من و بریکار هەر لەمنداڵێک دەچووین و مامۆستای پۆلی چواریش وەکوو دێویێک وابوو لەنێوانماندا. ئەوکەسانەی لەدەوری شانەی ئەنجوومەن پوورەیان دابوو باخەڵیان پڕ و دەوڵەمەند بوون. ئەوان لە هاوینە هەوارەکان جێیان خۆش کردبوو! زۆربەیان ئاخاوتنیان بەشێوە زمانی لادێی بوو. هەڵس و کەوتییان دوور لە شارستانییەت و عەوامی بوون، داب و دەستووری کۆبوونەوە و مەجلیسنشینیان نەدەزانی. قسە کردنیش ئیتر خۆباسی ناکریَ! گوڕە گوڕیان سیَگەڕەک دەڕۆیی، بەسەر قۆڵی کەواکانیان لووتیان خاوێن دەکردەوە و وەک ئێمە لەمەریخەوە هاتبێتین زەق زەق سەیریان دەکردین. دەتگوت وەزارەتخانەی (دەواب) سیَ سەر ئاژەڵی تازەی هێناوەتە باخی ئاژەڵانی گەڕەک. یەکیان هەرزەکارێک بوو بەچاویلکەیەکەوە. چیوای لەگەڵ مەیموون تۆفیر نەبوو، لاسای مرۆڤەکانیشی دەکردەوە.

لیژنەکە دەستی پێکرد. خاوەنماڵ ئێمەی پیَناساندن جێبەجی کاری دەستووری، نەهاتبووە ڕەشنووسی بەرایی لەسەر کۆبوونەوەی شۆڕا؛ ئەوەندە توندیان گرتبوو لەبیرم نەمابوو لەکویَ دانیشتووم. بەر لە هەمووشت باس لەدزی و فزی کرا! دووشەو پێشتر ماڵی کەسێکیان بڕیبوو. هەربۆیە ئێستا خۆی لێرە نییە.ناچارن بنکەیەکی پۆلیس و ئاسایش دابمەزرێنن باس لەو چاڵاوانە هاتە گۆڕیَ کە خەریکە وشک دەبن و قەرارە پرۆژەیەکی گشتی کارەبا

دانێن، بیرێکی قووڵ بۆ خانە خوێ لێبدەن و بەناخی باسەکەدا ڕۆچوون کە فلانکەس خانووبەرەکەی بە ئەمریکییەک بەکرێ داوە و خەرج و مخاریجی ئاو و برق و تەلەفوونی بۆ کەم کردۆتەوە و دانیشتوان واقیان وڕما و ئێرەییان پێبرد. حاجی مەلا، بەدەم «استغفار»ەوە تەسبێحاتی دەکرد... ئیتر ئەم فەرمایشتانە عومری کاتژمێرێکی قۆزییەوە و بەکەلێن و قوژبنی کارەکانی خۆیاندا چوونەوە. حاجی مەلا لە تەسبێحاتی خۆی خافڵ نەبوو. من و مامۆستای پۆلی چواریش خۆمان بە جگەرەکێشانەوە سەرقاڵ کرد. وەک بڵێی لەمکوڕەدا نین! نۆکەرەکەیان خەریکی کۆ کردنەوەی پیاڵە و ئیستیکانەکان بوو، شتێکم لەسەر پاکەتی جگەرە شنۆکە نووسی و دامە دەستی بیبا بۆ خاوەنماڵ. لەپڕ بەلای ئێمەدا بایدایەوە و روخسەتی وەرگرت:

- مامۆستایانی بەڕێز ئەمر و فەرمایشتیان هەیە! چاکوایە کار و بارەکەی خۆمان بمێنێ بۆ دوایی.

وادیاربوو نەیاندەویست ئێمە بە ڕاز و ڕەمزی ئەوان بزانین. روخسەتیان دا و مامۆستای پۆلی چوار فەرمایشتەکانی با بفەرمێ. «بەڵێ هەروەک ڕوون و ئاشکرایە لەبەر بانگێشتنی دانیشتوانی بەڕێز ئێمە لێرەدا کۆ بووینەتەوە...» ئێستاش هەرچۆنێک بێ ئێمەش لەژێر سێبەر و شان و شکۆی ئێوەی هێژادا ین با دان بەوەدا بنێین کە زۆر شیاو نییە منداڵە جوانەکانی ئێوە هاونشینی ئەو منداڵە پێپەتییانە بن. ئێمە ئاگادار بە خزمەت و خێرۆمەندی ئێوە هەین و سپاستان دەکەین کە لەبیری مرۆڤایەتی و منداڵانی ڕەش و ڕوواتدان. ئەوان و ئێمەتان

لەم قوڕ و چڵپاوەی قوتابخانە ڕزگار کردووە. لەقسە کردندا ڕێکوپێک و نەخەجڵاوە، وەک بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو بە هەموو کەلێن و قوژبنێک شارەزا بوو. لەدوای قسەکانی ئەو، بریکار لە خەونووچکە ڕاپەڕی و ئەوشتانەی کە لەوەپێش لەمێشکیدا ئامادەی کردبوو پێشکەش بە دانیشتوانی کرد. لە کۆتایی فەرمایشتەکانیدا ریسەکەی کردەوە بە خوری تەنیا هەر، «امن یجیب»ی مابۆوە. ئیتر هەر ئەوە مابوو بە کۆڕەکەدا بگەڕێن و تەوجی بۆ بکەن. بیرم کردەوە با لەوە زیاتر رسوا نەبین، وەفریای کەوتم و لاتاوێکم پێدا دا، کە بەڕێزیان مەبەستیان لە سواڵ و سەدەقە نییە. بەڵکوو قوتابخانەکە لاپەڕە و ئیدارەی پەروەردە دەستکورتە و سەری ناپەرژێ، ئاودەستەکان پێڕاگەیشتنیان گەرەکە و درگایان تێدا نییە و لەمچەشنە قسانە... باشبوو منیش تووڕە نەبووم. ئەوەی چاویلکەکەی لەچاودابوو فریام کەوت تا دەهاتم تووڕە بم تەماشایەکی ئەوم دەکرد. منیش بەماوەی چارەگە سەعاتێک وتەکانی خۆم پێشکەش کردن. قەول و بەڵێنمان دانا سبەی دوانیوەڕۆ پێنج کەسیان بێنە سەردانی قوتابخانە و هەرچیمان لازم بوو، ئیدارەی پەروەردە لەدەستی نەهات، ئەوسا ئەوان یارمەتیمان بدەن. ئیتر لەگەڵ دنیایەک سپاس و خۆشحاڵی خۆماندا بەجێمان هێشتن.

لەو بیاوانە تاریکەدا حەوت ماشێنی سواری لەپشت دیواری ماڵەکە ڕاوەستابوون، شۆفیرەکان لە یەکێ لەوماشێنانەدا دانیشتبوون لەوەدەچوو باس لە هەست و نەستی (حەرەمسەرای) خاوەنماڵ بکەن! ئێمەش بە پیاسە کردن بەرەوجادەی پاسەکان وەڕێ کەوتین.

جگەرەیەکی‌ترم دا بە مامۆستای پۆلی چوار، بەڵکوو لەبەر ڕووناکی چڵەشەمچەکە شتێک لە ڕووخساریدا وەدۆزم. بەڵام هیچم وەدەست نەکەوت. ئەوەی من لێی دەگەڕام لە ڕوویدا بزر بوو. لەوکۆڕەدا جگە لەوەی رەفتاری مامۆستایەتی وەلا نابوو، بەڵکە حەز و تاسەی بەڕێوەبەریەکەشی نۆشستی هێنابوو، چ لە هیچی بۆ نەمابۆوە. منیش هیچم لەو کەمتر نەبوو، زۆر پەژیوان بووم! هستم دە کرد لەبەرامبەر ئەواندا ئێمە دۆڕاوبووین! دەی کەوابوو چوونمان لەبەر چی بوو؟ بەخاتری ئەوەی ئەوتووتکە سەگانە پێخاوسن؟ بە من چی ئەوان منداڵی ڕەش و ڕووتن!؟ تاوانی منە ئەوان نەدارن؟ هەرئەوەندەمان کەم‌بوو، توورەکە بدەین بە شاندا و داوای سواڵ و سەدەقە بکەین! ـ «ئەی نەفام قەت سەرنجت داوەتێ و دەزانی چی دەکەی؟
بەڕێوەبەری قوتابخانە بی و ئەمەش کار و کردارت بێ؛ بۆ ئەوەی نەشەت نەشکێ نووشتەی چاوەزار لە پەڕۆی سەوز بگرە و بیکە بە کڵاوەکەتدا، یان بەسەر شانی ڕاستەیدا بدووره. جا گریمان لە هیچ کەمتر مامۆستایەکی ڕووتەڵە بی ـ یان ئەو فەڕاشەی مانگی نەوەدتمەن پارە وەردەگرێ دەبێ لە ماڵان بە قوڕدا ڕۆچێ!؟ لێرەش ساتێک ناحەسێمەوە. باب نۆکەر و رەنجبەری دەوڵەت قوڕت بەسەر دەتەوێ چی بڵێی؟»

لەنێوڕێدا هەرئەدەوەندە بوو لاقمان نەشکا! بەسەر دار و بەرد و لەتەبلووک و خشت و سمیتدا هەنگاومان نا. کێشکچی خەڵکی بەڕێزی داهاتووە نازانم هەناسەیەکم هەڵکێشا یان شتێکم گوت کە ئەوان وەدەنگ هاتن. بریکارەکە گوتی:

ـ چاوتان لێبوو بەڕێز چۆن لەگەڵماندا جووڵانەوە؟ بە تەنیا فەڕشێک قوتابخانەکە دەنێتە تای تەرازو و لەوەدەچوو جێ‌بەتاڵ بێت و بالۆرەکانی پڕ بکاتەوە. گوتم:

ـ هەتاکوو هەڵس و کەوتت دەگەڵ منداڵەورکە بێ قەت لەوە باشتر نابێ. وریابە تێدا نەچی. مامۆستای پۆلی چوار گوتی:

ـ خۆ ئەگەر پڕجنێویشیان کردباین، هێشتا قایل بووم، پیاو دەبێ پشت نەکاتە ڕاستییەکان. خودا بکا پاشگەز نەبنەوە.

بەدەمڕێوە باسمان لە گرفتەکان دەکرد، هەتا پاسەکە دەگاتێ و سوار دەبین. مامۆستای پۆلی چوار دانی بەوەدا نا، کە ژنەکەی تەڵاقی لێ‌وەرگرتووەو دایکی بریکارەکەش گۆیا تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتووە ئیتر شەو خۆش...

لەسەریەک دوو ڕۆژ نەچوومەوە قوتابخانە. لەڕووم هەڵنەدەهات لەئاست هیچکامیان سەرم بەرز بکەمەوە. لەماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا هەر ئەوحاجی مەلایە لەگەڵ سێ کەس هاتبوونە قوتابخانە بۆ ئەوەی کەم و کووڕییەکانی ببینن.

بریکارەکە دەیگوت: ئەومنداڵانەی پۆشتە و پەرداخ بوون بە کەوش و لیباسی پەڕپووتەوە هاتبوونەوە قوتابخانە. هەشتا دەست بەرگ و پێڵاو، لە چوارەم ڕۆژەوە خزمەتکاری تازە هەموو ڕۆژێ لەگەڵ دە کەس لە قوتابییەکان لەدوای زەنگی ئاخر ڕەوانەی دووکانی حاجی مەلا دەکران و ڕۆژەکانی ئاخریش ئەوکەسانەی کەوشی جیریان لەپێ دەکرد ڕوو لە زیادبوون بوون. مامۆستای بەرگدروو ئەندازەی دەگرتن و لەماوەی دە ڕۆژدا جل وبەرگی هەموویانی حازر

و ئامادە دەکرد. لەوڕۆژە بەدواوە هەستم بەوە کرد ئەو ژنانەی لەسەر جۆگەکەی نێوڕێدا خەریکی شۆردنی حاجەتن سڵاوم لێدەکەن و جارێکیش کە دوور دەکەوتمەوە گوێم لێبوو یەکیان بۆم دەپاڕایەوە و دۆعای خێری بۆ دەکردم. بەڵام من وەڕەز و بێزم لە خۆم دەکردەوە هیچ کەیفم بەوشتانە ساز نەبوو! سەیری بەرگ و پێڵاویان بکەم. قەزای پێڵاوە شڕەکان لەمن!بەڵێ کاکی برا، ئیدارەی پەروەردە فێری سواڵ و دەست پان کردنەوەشی کردین.

## 8

ئەوەندە نەبوو گیروگرفتەکانی قوتابخانە قورسایی لەسەر هەڵگرتبووم. بەیانییەک بابی یەکێ لە قوتابییەکان وە ژوور کەوت. لەدوای سڵاو حاڵ و ئەحواڵ و دەستلێکدانەوە، دەستی برد لەگیرفانی چەپیدا شەش وێنەی دەرهێنا و خستیە سەر مێزەکەم. شەش وێنەی ئافرەتی ڕووت. ڕووت و قووت! هەر یەکەو بە لەونێک و بە هەزار جۆر نەزمەوە. ئەمە چییە؟ زۆر بە توندی تێی ڕاخوڕیم. پیاوێکی پۆشتە و پەرداخ بوو، زۆر ڕێکوپێک لە چەشنی کارمەندی ئیداری یان کابرایەکی دەڵاڵ و خاوەن ملک. چەندجارێک ئاوا وێنەیەکم بینیبوو. بەڵام قەت وانەبووە لە بەرامبەر شتیوادا خۆ بەدەستەوە بدەم، تەسلیمی ئەو پڕ و پووچانە نەبووم. بەلای منەوە یەکجار نەفامی و شوورەییيە پیاو دۆڕاوی بیر و خەیاڵی ئەو وێنە هەڵگرانە بێت کە بەمجۆرە ڕەسمانە خەریکی دۆشینی خەڵکن. هەر ڕۆژەی لە جندەخانەیەکی بەندەرەکانەوە خەریکی ڕاوڕووت و قاحبەگەرین. هەر بۆیە لەوەتەی خۆم ناسیوە بێزم لەمشتانە کردووە، ئەوانە گەرەکیانە بە کاڵفامی خۆیان هەست و ئاوەزی ئاقڵدارانیش ژەنگاوی و بە لاڕێدا بەرن. کەچی ئێستا ئەمەی هاتۆتە ژووری کابرایەکی بە جلوبەرگی بێعەیبە! بەڵام بە شەشدانە وێنەی ڕووت و

بێدەرپێوە. ئەو بەمهیوایە هاتبوو ئەو وێنانە لەچاومدا بچێنێ و سەرەڕای نەفامی خۆی بە ئەقڵی من پێبکەنێ. ملی نابوو لە جگەرەکێشان، بەعومرم ئاوا گیرم نە کردبوو! قەت بیرم لەوە نەکردبۆوە بەڕێوەبەری قوتابخانە بی و بەڵای ئاوات بێتە سەررێ. کەوتبوومە بۆسەوە. من کاری پاسەوانەکەم پێ سەیر نەبوو! ئەوڕۆژەی پاسەوانە چکۆلە بۆ تەمبێ کردنی کوڕەکەی هاتە قوتابخانە کاتێک زانی شووڵەکان شکاون، قایشی شەرواڵەکەی خۆی کردەوە و هەردوولاقی کوڕەکەی پێبەست و ڕایکێشا، بە بریکارەکەی گوت: بە خەتکێشەکەی دەستی دارکاری بکات؛ من لەم رەفتارەی پاسەوان سەرم سووڕ نەما! چوونکە دەمزانی ئەو پاسەوانە بە بێهۆ و لەخۆڕا کاری وا ناکات. دەیگوت: «خودا تەمبێ کردنی لەبەرچی داناوە؟» هەر بۆیە ئەویش خەتکێشەکەی وەک ئامرازێکی سروشتی بەکار دەهێنا. جابۆیە ئەوە جێی سەرسووڕمان نەبوو. بەڵام ئەی ئەم  مرۆڤە لەکوێوە هاتبوو؟... لە چرکەیەکدا هەر شەش وێنەکەم چاولێکرد. هەموویان وێنەی یەککەس بوون. لە دەرفتێک دەگەڕام خۆ لەدەستی ڕزگار بکەم. ئێستا بە هەزاران و ملوێنان وێنەی ئاوا لە گیرفانی ئەوجۆرە کەسانەدایە. بڵێی ئەوانە لەکوێ بن؟ چەندە خۆشدەبوو تەواوی ئەو مرۆڤانەم ناسیبا! بمدیبان؛ ئەمە بێجگە لەودیارییە خاوێنەی بۆی هێنابووم، خەریکبوو بە دووکەڵی جگەرەکە بمخنکێنێ ڕێگای دەربازبوونم نەمابوو، چاوی لەچاوم بڕیبوو لەبەردەممدا وەک داهۆڵ چەقیبوو. منیش وەک ئەو جگەرەیەکم ئاگردا و لەچاوەکانی ڕامام. قەڵس و تووڕە و شەڕی

بەدەستەوە بوو، بەڵام نەیدەزانی چۆن شەرمەزاری خۆی وەشارێ وێنەکانم بە پەڕە کاغەزێکی ڕەشنووس داپۆشی لەپڕ دەرهەڵ بووم و پرسیم:

ـ دا پێم بڵێ بزانم فەرمایشتت چییە؟

لە نەڕە و هەرای من ژوورەکە دەنگی دایەوە، زانیم ئەگەر خۆم تووڕە نیشان نەدەم لەوانەیە لێم ببێ بەدۆڵپا. وردەوردە، وەک ژێ خاو بۆوە، وێنەکانی هەڵگرت و لەگەڵ تووڕەبوونەکەی خۆی بە نەرمی کردییەوە بە گیرفانیدا، لەبەر خویەوە گوتی:

ـ چیتان عەرز بکەم؟ خەتای مامۆستای پۆلی پێنجوومە! بۆ پرسیار لەو ناکەی.

پشووم هاتەوە بەرخۆم و حەسامەوە. ئەویش درێژەی بەقسەکانیدا، «ئەوە چپەروەردەیەکە؟ کاول بێ! منداڵی بەستەزمان ئالێرەدا پەروەردە دەبێ و دەردەچێ، ئالێرەدا دەبن بە مامۆستا و دوکتوور، بەڕاستی بە مەش دەڵێن فێرگە؟» زۆری لەمقسانە کرد... هیچی درۆ نەبوو. قسەکەی تەواو ڕاست نەبوو!

شتەکە بەمجۆرە ئاشکرا بوو، مامۆستای پۆلی پێنج ئەم وێنانەی دابوو بە کوڕی ئەم کابرا داماوە هەتا تابلۆیەکی دەستکردی لێدروست بکات (کاردەستی) بە چەسپ لەتەختە سێلای بدا، مامۆستاداوای لێ کردبوو تابلۆیەکی جوان بە ڕێکوپێکی بۆ بێنێتەوە. ئیتر ڕوون بۆوە ئەم دووکەڵە بەچاوی کێدا دەچێ. وادیاربوو ئەم پیاوە باوکێکی فرە وردبین و لەهەموو کاسەیەکدا کەوچک و سەر بە هەموو کەلێن وقوژبنێکدا بکات، تەواوی هەڵس و کەوتی منداڵەکەی

بخاتە ژێر چاوەدێری و نەهێڵێ حەزیاکان هەڵیلووشن. یان ئەومنداڵە لەوکەسانەیە گوێڕایەڵی دایک و بابە و بەبێ ئیزنی ئەوان قامک دەئاو نانێ. ئیتر چۆنی دادەنێی باوا بێ! بەڵام مامۆستای ژێر بەبێبوار لەچۆمی دابوو. ئەمنی چارەڕەش نەمدەزانی ئێستا چی بکەم! چوڵامێکی پێدەمەوە. پێی بڵێم ئەو مامۆستایە لە مەدرەسە وەدەر دەنێم؟ نە ئەم کارەم لەدەست دەهات و نە پێویستیش بوو. چارەی ئەو چیبوو؟ دیاربوو وادیاربوو لەمشارەدا هیچ کەسێکی نەبوو. هەر بۆیە بە تەنیا دڵخۆشی ئەو ئەم وێنانە بوو. بەڵام بۆ؟ لەبەر چی؟ یانی گەوجی و گێلۆکەییش هەتا ئەم ڕادەیە؟ قوتابییەکانی خۆشی نەناسێ؟ چۆن دەبێ وێنەی ئاوا بدرێتە دەست منداڵێک؟... هەستام بۆ ئەوەی بانگی بریکارەکە بکەم. لەمێژ بوو هاتبووە سەرێ و لەبەر هەیوانەکەدا چاوەڕوان بوو. هەمیشە هەروا بوو.

لەوقوتابخانەیەدا من ئاخرین کەسێک بووم خەبەری ڕووداو و پێشهاتەکانم دەبیست. ئەگەر ئەوان چارەسەرێکی گرفتەکانیان بۆ کرابا (بە چاک یان بە خراپ) ئەوە من نەمدەزانی بەڵام ئەگەر بەمن چارەسەر کرابا ئەوە لێیان نەدەشاردمەوە... هاتە ژوورێ. قەڵافەتی باوکی منداڵەکە لەبەردەممدا وەک دێو وابوو، دنیام لێبوو بە چەرمی چۆلەکە. تارمایی خستبووە سەر بینایم. کاتێک وێنەکانی لەسەر مێزەکە بڵاو کردەوە دەردی کاری کردم! ئەو کە زانی ئێمە هیچمان لەدەست نایەت و بێدەسەڵاتین بە کەیفی خۆی چاوی دەرپەڕاند و زاری کردەوە: چ دەکەم و چ دەکرێنم، درگای قوتابخانە بە قوڕ دەگرم و ڕێگە نادەم قەت تاقە کەسێک پێی تێنێ! وەزیری پەروەردە

بانگ دەکەمە ئێرە و ئەوەی بەڵایە بەسەر ئێوەی دەهێنم... مەعلووم بوو ئەوەندەی نەدەزانی، ئەگەر درگای قوتابخانەیەک دابخرێ ئەوە درگای ئیدارەیەک داخراوە. گەرەکی بوو زۆر کەسی وەک خۆی نانبڕ بکات. دیسان خۆی کردەوە بەنێو خێوەتی موسڵمانیدا، باسی شان و شکۆی مامۆستا، خوێندن لەسەر پشتی لانکەوە هەتا سەرلێوی گۆڕ، هەروا لەوقسە زۆر و بۆرانە. بەڵام من سامی ئەوپیاوە تاساندبوومی ئاوەزم کاڵ و زمانم لاڵ بوو. ئەو حەزی دە کرد کوڕەکەی بانگ بکەین و ڕووبەڕووی بکەینەوە هەتا مەرزەم بوو کە ئەومنداڵە ڕووبەڕووی ناوێ لەوانەیە شەرم بیگرێ و تەریق بێتەوە، کاردانەوەی خراپی هەبێ لە سەری. قیل سپی بوو. زۆرمان شێر و ڕێوی بۆ هێنایەوە زۆرم وت و کەمی بیست! کە ئەو مامۆستایە فەلاقە دەکەین و لە خێر و خۆشی دەم لە پووشی دەکەین. بریکارەکەش خۆی خستە نێوباسەکەوە. دیاربوو ئەویش زۆری وەرهەم لەدڵدا بوو. منیش بەدوای ئەودا گرێی زمانم کرایەوە دەورێکی باشی پێدا هاتم. چارەیەکم نەبوو زۆر دڵپڕ بووم. وەختێک هەستا و ڕۆیی ئێمە دوو بە دووماینەوە لەگەڵ شەش وێنەی ڕووتی ژنێکدا، کار و پیشەی ئەو ڕۆژەم ئەوە بوو عەیبی وێنەکان بشارمەوە. پاش ئەوەی تۆزێک ئارام بوومەوە، بریکارەکەم تێگەیاند درگای دەمی قفڵ بدات! منیش هەتاکوو حەفتەیەک وێنەکانم لە کەشەوی مێزەکەدا قایم کرد. دواتر کوڕێژگەم بانگ کردە لای خۆم، نە ئەومنداڵە نازدارەی دایە و باوان بوو نە زۆرر وریا و زیت. جارێ زۆری مابوو بۆ باڵغبوونی، یانی سێ چوارساڵێک، سپیلکە و نەختێک

کورتە باڵا، لەچاو تەمەنی. تەنیا دووقامک شانەکانی لە مێزەکەی بەرزتر بوو. لە دوورەوە دیاربوو لە ماڵێکی خێزاندارداییە. کەمخوێن و بێداروبار، بەڵێ مامۆستاکەی بە هەڵەدا چووبوو، بەسەر تەماڵدا بازی دابوو! گوتم:

ـ خوشک و برات هەیە؟

ـ بە... بە... لێ، مامۆستا، هەمە.

ـ چەندە؟

ـ مە... مامۆستا چواردانە.

ـ خۆت وێنەکانت نیشان باوکت دا؟

ـ نە بەخودا، مامۆستا... سوێند دەخۆم!...

ـ ئەی کەوابوو چۆناوچۆن بوو؟

هەرکە لێی وردبوومەوە، بۆم دەرکەوت لەترسان خەریکە لەخۆی دەمیزی، ئەگەرچی بریکار شووڵەکانی شکاندبوو، بەڵام ئەو بە بینینی من و بریکارەکە ترسەکەی لەدڵدا تازە دەبۆوە. ئەو وەک بریکارەکەش نەبوو، زۆر بێفێڵ و تەڵەکە. جابۆیە ناچرابووم زۆر بەشێنەیی هەرچۆنێک بێ دڵخۆشی بدەمەوە و ژەنگی دڵی بسڕمەوە.

ـ مەترسە کوڕی خۆم. عەزیەتت نادەن. ئەمە خەتای مامۆستاکەتە. ئەو وێنەکانی داوە بە تۆ... تۆ هیچ خەتایەکت نییە کوڕی باش. تۆ منداڵێکی ژیر و وریای! بەڵام من دەمەوێ بزانم چۆن ئەو وێنانە کەوتوونەتە دەست باوکت!

ـ بە... بە... بەڵام مامۆستا... بە...

لەدڵەوە پێم خۆشبوو یارمەتی بدەم بۆ ئەوەی وەقسە بێت. بەڵام حەزم لە سیخوڕی و چەلەحانێ نەبوو. ئەویش لەگەڵ ئەو بەرگایلکەیە کە لووتی بگری گیانی دەردەچێ. نەمدەویست کار بگاتە جێیەک هەست بەوە بکەم کە خەریکە قسە لەژێر زمانی منداڵی خەڵکی دەردەکێشم. نەشدەکرا باسی هەمووشت بۆ ئەومنداڵە بکەی. بریکار لەنێو منداڵەکاندا چەند سیخوڕێکی دانابوو من دەمناسین. خۆ ئەگەر ڕۆژی ئەوەڵ ئەو ئەرکەم بە بریکارەکە بسپاردبا، زۆر لەمێژبوو کارەکە کۆتایی هاتبوو. ئێمەش لەم ژانەسەرە ڕزگارمان ببوو. تەنیا چارە ئەوەبوو، وەقسەی بێنم، گوتم:

ـ دەزانی چۆنە کوڕی خۆم؟ وێنەکان شتێکی خراپ نەبوون. تۆ پێم بڵێ دەزانی چی بوون؟

ـ ئاخە مامۆستا... نا، مامۆستا... مامۆستا، خوشکم... خوشکم دەیگوت...

ـ خوشکت؟ لە تۆ چووکەترە؟

ـ نا مامۆستا. ئەو گەورەترە. مامۆستا، دەیگوت... مامۆستا دەیگوت... هیچ، لەسەر ئەم وێنانە شەڕمان کرد.

ئیتر کار لەکار ترازابوو! چووبوو وێنەکانی پیشانی خوشکەکەشی دابوو. بەینی لاپەڕەی دەفتەرچەکەی پڕبوو لەوێنەی ئارتیستەکان، قیافەی پێوە گرتبوون و خۆی پێوە ڕادابوون. بەڵام ڕازی نەببوو تەنیا دانەیەک لەو وێنانە بدا بە خوشکەکەی. سەیرە کەسێک جێگای متمانەی مامۆستاکەی بێت و ئاوا هەڵەیەک بکات؟ چ وڵامێک بە مامۆستاکەی بداتەوە؟ خوشکی ڕاستی لێ گوتبوو، ئەگەرچی باوکی

قەت عادەتی نەبووە دەستبکا بە گیرفانی منداڵەکەیدا، بەڵام شەوێ جانتای کوڕەکەی دەپشکنێ و ئەکسەکان دەبینێتەوە، جا وەرە کوڕی بەستەزمان دارکاری بکە! ئیتر هەر دوومان ڕزگاریمان هات. لەدوای دادگایی کوڕەکە ناردم بە شوێن مامۆستاکەیدا. دەیزانی بۆچی بانگم کردووە. بەدرۆ سوێندی دەخوارد و خۆی تووڕە دەکرد، بۆ ئەوەی خەتاکەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. حەفتەیەکم مۆڵەت بۆ دانابوو، تا ڕاستم پێبڵێ، بەڵام ئەو خۆی لارێ دە کرد و لەوە واقی وڕمابوو بۆچی دەستی لەکۆڵ ناکەمەوە. با ئەمەش بڵێم کاتێک باسی مەسەلەکەم بۆ کرد بە شەرمەوە پێمگوت چوونکە ڕێگەیەکیترم نەبوو، هەر دەبوو ئاشکرای بکەم، دەبوو بە خێرایی بنەبڕ بکرێت لەپێشدا دڵنیام کرد کە ئەومنداڵە بێتاوانە. ئیتر تۆزێک هێور بۆوە، دەستم بۆلای کورسیەکە درێژ کرد، دانیشت و جگەرەیەکم بۆ ڕاگرت. قسەیەکم بۆ گێڕاوە، کاتێک وەزارەتی معارف دادەمەزرێ، ڕۆژێک خەبەر دەبەن بۆ وەزیر کە فڵان مامۆستا لەگەڵ فڵانە منداڵ نزیکی کردووە! ئیتر هەر ئەوسەعاتە وەزیر دەنێرێ بەدوویدا و دەچێتە بنج و بناوانی مەسەلەکەوە، بۆچی ژنی نەهێناوە، لەبەرچی ئەم کارانە دەکا... ئەمیش قامکی تاوان دەکا بە گلێنەی نەداریدا. ئیتر کارەکە ساکار دەبێتەوە و ئەویش دەستوور دەدا، بڕە پارەیەکی بە بۆنەی دەستگرتن و یارمەتی بدەنێ بۆ خەرجی ژنهێنان و زەماوەند. جەنابیشی بانگێشتن بکرێ و ئاو بە ئاوردا دەکرێت. ئەوەشم پێگوت، کە زۆرن ئەو لاوانەی هەمیشە بەدەست بێپوولییەوە دەناڵێنن و سەڵت و ڕەبەن ماون. وەزیرەکانی پەروەردەش ئەم ڕۆژانە سەرقاڵی

وتوویژ و دەمەتەقەن لەگەڵ ڕۆژنامە و رادیۆکان و میوان و میوانداری و ئەم لا و ئەولا و بێنە و بەرەدا، گرفتەکانیان زۆر لەمشتانە زێدەترن. بەڵام خۆ درگای خێرۆمەندان گاڵە نەدراوە، زۆر لەم وردە فەرمایشتانە... دڵخۆشی دانەوە و بەزەیی پێداهاتن و نەشمهێشت لە ئەلفەوە بێتە بێ، دەستم برد و دیارییەکەم هێنایەوە بەردەمی، هەر ئەو وێنانەی وا چاوی بەڕێوەبەر و قوتابخانەکەی رۆشن کردبۆوە، لەنێو پاکەتێکم خستبوو، دامەوە دەستی و بە وشەیەک کۆتاییم بە ئابڕۆچوونەکە هێنا کە:

ـ ئەگەر بێتوو بە چەسپەوە لە تەختەی نەدەی زیانی ئەوتۆی نابێ.

# 9

هەتاکوو مووچە و مانگانەکەم دەگاتە لیستی ئیدارەی پەروەردە سێ مانگی پێدەچێ. ئاخۆم لەمدواکەوتنەدا چەندە کەیفم ساز دەبوو! لەبەر ئەوەی هەر لەوماوەیەدا بوو جارێک حیسابدارەکەی پەروەردە نەغەد و پوخت ئەوەی مووچەی مامۆستا و خزمەتکار و بەڕێوەبەر و فەرمانبەر و بە ورد و دروشتەوە هەمووی لە تەنگەی باخەڵی نابوو و وەک بەرزی بانان بۆی دەرچووبوو. کارمەندی ڕەش و ڕووت و خەزێنەداری دەست بەتاڵ جا وەرە ئاو بێنە و دەستان بشۆ! دەیانگوت پەنجا شەست هەزار تمەنێک دەبوو. ئەوەندەم دەزانی زۆربەی بنەماڵەکانی دەوروبەری قوتابخانە چایی بەیانیان وەلا نابوو! بەڵام خۆشییەکەی لەوەدا بوو خزمەتکاری تازەمان گیرفانی پڕبوو قەرز و قۆڵەی لەگەڵ هەمووومان دەکرد. بۆ ئێمە وەک بانک وابوو. مانگێ لەو سێسەد و شتەی کە وەری دەگرت پەنجا تمەنی خەرج نەدەکرد! جگەرەی نەدەکێشا و نەدەچووە سینەما، بێرەوبەوێشی دانە دەدا، بێجگە لەوانەش باخەوانی کابرایەکی دەوڵەمەند بوو، خۆشنشین، بەخۆڕایی تەسبێحاتی نەدەکرد... هەر لەبەر ئەم گیرفان گەرمیەی بوو نێوانی ئەو و مامۆستاکانی خوش کردبوو. هیچم لێ نەپرسی بەڵام مەعلووم بوو بە دەستقەرز دەیدانێ.

هەر لەبەر ئەوەشبوو مامۆستاکانمان بێپووڵیان پێوە دیارنەبوو. هەر زوو زانیان فەڕاشێکی خاوەن پارە بۆ ئەوان زۆر لە بەڕێوەبەرێکی بێپووڵ و ڕووت باشترە ـ ئەوەش لە مامۆستاکانی ئێمە. مووچەکەی منیش هێشتا لەدەست ئیدارەی ناوەندیدا بوو. لەوەدەچێ ئەوانیش هەروا مانگانەکەیان پشتگوێ خرابێ و لە ناچاریدا گوزەرانیان کردبێ. کەس ورتەی لێوە نەدەهات! فلان کەسیش بوو بە سەولەیەک و سەگ خواردی. ئیتر هەتا بۆماوەی بیست و پێنج ڕۆژی دیکە سەردان و لێکۆڵینەوە بکرێ و لە بەشی دارایی حەواڵەی تازە بکاتێ، هەروەک جاران پۆلەکان بە کاری خۆیانەوە خەریک بوون. داخوازییەکان مۆر و ئیمزا دەکرێن و ماشێننووسەکان تەقوکوت خەریکی نووسین بوون و کاغەزەکان ڕەش دەکەنەوە. بەڵام هەرکات بەڕێوەبەری پەروەردەت دەبینی لە ڕێگاوە دێت و ئارەقە لەبەری پێی دەتکێ، لە خەزانەداری چی ڕاگەیاند و چی بە وەزیر گوتبوو.

لە تەک مووچەی مانگی تازەدا ناوی منیش چووە نێو لیستی تازەوە. لەوماوەیەدا هەرخۆم ڕاپۆرتی کارەکانی خۆم دەنووسی و ئیمزام دە کرد و دەچووم لەو قوتابخانەیەی وا جاران دەرسم دەگوتەوە پارەی مانگانەکەم وەردەگرت. بەڕێوەبەری باش بوو. دەرحەق بە من ئەو چکە لوتفەی هەبوو کە بتوانم بە ئیمزاکەم خۆم بە داخڵەدار بناسێنم. کاربەدەستەکانی ئەوبەشە هەر دەڵێی پێستیگیانیان لێدەکەیتەوە ئەودەندە قەڵس و تووڕەن! کەسێک جیرەخۆری دەوڵەت نەبێ نرخی ئەم مەزنایەتییە نازانێ! تۆ پێتوایە

گەورەترین هۆ هەر ئەوە نەبێ هەتا دنیا دنیایە فێرگەکان بە بێبەڕێوەبەر و فەرمانبەر نابێ؟ بەڕاستی هەرواش دەبێ. بەڵام سەیرە کە لەوەدابوو حیسابداری مەدرەسەکەش کۆلکە سەوادێکی هەبوو هەتاکوو ڕەش و سپی لەیەک جیبا بکاتەوە مانگانەکەی منیان ڕەوانە کردبوو. هەرچەندە کاغەز و کاغەز ئەوئیدارەیە بە شەلی کاری دەکرد، بەڵام هێشتا زۆر لە مێشک و ئاوەزی ئەو حیسابدارە خێراتر و بەکارتر بوو!

هەرئەوەندەی لەسەری مانگ نزیک دەبووینەوە مامۆستاکان خۆیان ڕێکوپێک دە کرد و باشتر بە کلاسەکان ڕادەگەیشتن و زۆر بە ڕێوجێ ئەرکەکانیان ڕادەپەڕاند. ئیتر هەر ئەوە دەماوە منیش ڕاپۆرتی کارەکان بدەم بەدەستەوە. بێجگە لەم تەنیا جارە ـ لە هەوەڵی کارەوە ـ بۆ مامۆستا حیسێبی پێنج و شەشی سوورمان لە دەفتەردا بەجێ دەهێشت. ئیتر لەوە بەولاوە لەکۆڵ قەڵەمی سوور دەبووینەوە و هەموو لایەک دڵنیا بوون. بەڵام هەرچۆنێک بێ مووچەی مانگێکیان بە ئیمزایەکەوە بەسترابۆوە. هەرچەندە ئەو ئیمزایە بەدەستی بەڕێوەبەرێکی وەکوو من دوا نەدەکەوت. بەڵام منیش مرۆیەک بووم هەروەکوو هەموو مرۆکان و زۆریش سەیر نەبوو لەپڕ وەک شێر هەڵبچم و ئاوقای یەکێکیان ببم. لەوەدەچوو ئەوانیش ئەوشتانەیان وەبەرچاو گرتبێ. هەربۆیە دوو سێڕۆژ زووتر لەکاتی خۆی ڕێک و لەبارتر خۆیان نیشان دەدا.

کاتێک بۆ وەرگرتنی مانگانەکەم خۆم گەیاندە ئیدارە، هەرئەوەندە قەرەباڵغ بوو مەپرسە! لەبەرخۆمەوە گوتم: بریا مانگانەکەم

نەگواستبایەتەوە بۆ ئێرە. جەنگەی نیوەڕۆ بوو ژن و پیاو سێبەریان لە زەوی کردبوو! ئەوڕۆژانەم وەبیر هاتەوە کە ژن و پیاو لەبەر نانەواکاندا بۆ وەرگرتنی چەند نانێک ئاپۆرەیان دابوو. خۆ نەشدەکرا گوێی خۆتی لێ کەڕ بکەی، ئەویش لەبەردەم سندووقی حیسابدا کە لەم ڕۆکەدا هەمووکەس ملی خۆی بۆ دەشکێنێ! تۆ پێتوانییە مووچەخورێکی دەوڵەت لەبەردەم ئەم سندووقەدا هەر کۆڵەوەژێکەو بەس؟! خۆ ئەگەر دەتەوێ وەمێنی لەنێو ئەم هەزارە زیلەیەدا، دەبێ هەتاکوو دووی پاشنیوەڕۆ بەسەر پێوە ڕابوەستی! کار و پیشەم بوو بە جگەرەکێشان و چاوەڕوانی و وڵامدانەوە بە سڵاوی ئەم و ئەو. نانخۆرەکانی ئیدارە زانیبوویان منیش بەڕێوەبەرم. ڕەنگبێ ئەوەندە بێمێشک بووبێتن بیر لەوە بکەنەوە کەوا ڕۆژێک ڕێیان بکەوێتە قوتابخانەکەی ئێمە و کاریان بە کارمان بێت. هەر ئەوڕۆژە تێگەیشتم هەر سێ کەسەکە نیوەی مووچەکەی خۆیان شینخۆر کردووە یان هەر نەبێ چەند بەشێکیان پێشەکی وەرگرتووە. یان قاڵی و سەماوەریان بە قیست وەرگرتووە و سفتەیان هەیە دەبێ لە مانگانەکەیان کەم بکرێتەوە، ئەمەش حیسابداری پێشوو بە حیسێبی گەیبوو! ئیتر سیایی و حیسابێک لەگۆڕێدا نەبوو! لەبەینی عەرد و ئاسماندا گیریان کردبوو. بەدوای سفتەکاندا دەگەڕان؛ حیسابداری پێشوویان وەبەر رەهێڵەی جنیوان دابوو، دەپاڕانەوە کە ئەو مانگە چاوپۆشی بکرێ لە قەرز و قۆڵەکانیان با هەموو حەق و حیسابێک کۆتایی بێت. هەرئەوەندەی یەکێک زووتر لە نۆرەی خۆی پارەی وەردەگرت دەنگی گورە و هەرا بەرز دەبۆوە. ئەوڕۆژە بۆ ئەوەی

حورمەتی یاسا نەشکێنم وام لێهات دوو سێڕۆژ مانگانەکەم وەدووا بکەوێ، بەڵام هەر ددانم بە جەرگی خۆمدا گرت. ئیتر خراپی کارەکەش لەوەدابوو لەڕیزی مووچەی قوتابخانەدا زۆرترین ژمارە بۆ من دەبەرچاو گیرابوو. هەروەک نامەیەک کە پڕبێ لە تۆمەت و تاوان و بدرێتە دەستی چەپی مرۆ دووئەوەندەی خزمەتکاری تازەمان پارەم وەرگرت. کە چاوم بە ڕیزی داهاتی ئەوان دەکەوت شەرمم دە کرد وەک ئەوەی دزیم کردبێ، دووکاتژمێری تەواو بەسەر پێوە ڕاوەستام هەموویانم لە خۆم بە لە پێشتر دەزانی وامدەزانی تاوانێکی گەورەم لە ئەستۆیە، بەڵام دەبوو تاوانەکەم هەڵوەرێنم! لەماوەی ئەم دووسەعاتەدا تەنیا جارێک بیرم لەوە نەکردەوە، ئەوانە بەنیوەی نیوەی تۆ پێشینەیان نییە، نیوەی ئەو ڕەشنووسانەی کە تۆ لوولەت کردوون و نازانی لە کام کەلێن و قوژبنی ژیانت پەستاوتوون! ئەم شێر و ڕێویانەم بۆ خۆم هێناوەتەوە! ئەورۆژە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم خەڵکە بەمداهاتە کەمەوە چۆن بەڕێ دەچن. ئەم خەیاڵانە لەسەر مێشکم لا نەدەچوون، ئینسان کە ویژدانتۆپیو نەبێ با جیرەخۆری دەوڵەتیش بێ، ئەویش جیرەخۆرێکی بێناونیشان چۆن دەتوانێ لەحاند ئەوشتانە بێتەفاوەت بێ چۆن دەتوانێ گوێی نەداتێ. ئیتر بۆیە خۆم پێڕازی نەدەبوو بیر لەمهەموو نابەرامبەرییە نەکەمەوە. وردەوردە ئاپۆرەکە تاواوە و تەنکەی تێکەوت، لەدووای دە پازدە ئیمزا سندووقدار سەری بەرز کردەوە و تەماشای کردم، لەگەڵ داوای بەخشین و لێبووردن

شەشسەد تمەن پارەی دزییەتی خستە قولی مستمەوە .. لەوان بەزیاد نەبێ و... !

# 10

هێشتا ئەو گردالە بەفرەی باریبوو نەتوابۆوە، دوانیوەڕۆیەک مامۆستای پۆلی چوار ماشێن وەبەریدا. کەوتە ژێر تەکسی، هەروەک ڕۆژان ئەم عەسرەش نەچووبوومەوە قوتابخانە. نزیک بانگی شێوانبوو خزمەتکارە کۆنەکەی فێرگە لەبەردرگای ماڵی خۆمان ئەم هەواڵەی پێدام. بە پەلە خۆم گەیاندە لیباسەکانم هەتا من خۆم پۆشتە کردەوە گوێم لێبوو چۆنیەتی وەبەر کەوتنەکەی بۆ خێزانم دەگێڕایەوە. هەروەک هەموو پاشنوێژان لەدرگای قوتابخانە دێتە دەرێ و لەگەڵ یەکێ لە مامۆستاکان لەسەر جادەکە تەکسی لێیدەدا، خاوەنی ماشێنەکە ئەمریکی دەبێ لەمێژ نییە لەمدەورووبەرە ماڵی بەکرێ گرتووە. بەڵکوو ئاو و کارەبا بۆ گەڕەکەکە دابین بکات. ئیتر لە ماڵ وەدەرکەوتین و ئەویش درێژەی بە قسەکانی دا. وەک دەڵێن کابرا خۆی ترومبیلەکەی ئاژووتووە و دوای ئەوەی خۆی پێدادەدات، دەخەجلێ و بە بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە ڕادەکات. مندالەکان هەوالەکە دەدەن بە قوتابخانە، کاتێک فەڕاش و ژنەکەی دەگەنە سەری ئاپۆرەی خەڵک و پاسەوان دەوری دەدەن و بە ماشێنێک دەیبەنە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانە. بەڵام ئەوخۆێنەی بەسەر ئیسفالتەکەدا ڕژابوو پەرژینیان بەدەوریدا کردبوو، ئەوە نیشانەی

ئەمەبوو تەرمەکەیان گەیاندۆتە نەخۆشخانە. وەختێک خۆم گەیاندە پاسەکە دیتم کەڵەکە بڕێنە. فەڕاشم بەڕێ کرد و خۆم لە تەکسییەک هاویشت.

بەرلە هەمووشت خۆم گەیاندە پاسگای کەلانتەری تازە، ئەو کەلانتەرییە لەسەرداوای ئەنجوومەنی گەڕەک دامەزرابوو. تازە دەستبەکار ببوو زۆریش لە قوتابخانەکەوە دوور نەبوو. والسلام علیک!... کێشکچی بەردرگا هەر ئەو پاسەوانە بوو گوێی کوڕەکەی خۆی گرت و فەلاقەی کرد. زۆر بە گەرمی وەری گرتم تا ئاگاداری ڕووداوەکە بوو بەڵام لە پەروەندەکەدا ون بوو شۆفیر کێ بووە. ڕاپۆرتی پاسەوانی گشت و نیشانەی پەنجەمۆر و ژمارەی لێنووسی ئەندیکاتۆری پاسگا، تەواوی شتەکان ڕێکوپێک. بەڵام بۆ کەس مەعلووم نەبوو ئاخری مامۆستای پۆلی چوار چی بەسەردێ. کێشکچی پاسگا هەرئەوەندەی لێدەزانی لەکاتی ئاوادا «چی ئیدارە جێبەجیی بکا هەرئەوەیە» لەپێشدا دەچنە کەلانتەری و دواتر بەشی تەسادوفات و ڕووداوەکان، لەئاخریشدا نەخۆشخانە. خۆ ئەگەر ناسیاو نەدەبووم پاسەوانی پاسگا ئیزنی ئەوەی نەدەدامێ لە دووریشەوە چاو لە پەروەندەکە بکەم. هەستم بەوە کرد کە لەنێو خەڵکی گەڕەکدا منیش کەسێکم و قسەشم بڕ دەکات. وادیارە سەرێکم لەنێوسەراندا، هەربۆیە پێکەنینم بەخۆم دەهات. ئیتر بە تەکسییەکە وەڕێکەوتم. وەدووای «بێنەوبەرەی ئیداری کەوتم»... بەڵێ کاتژمێر هەشتی تەواو لەبەر درگای نەخۆشخانە بووم. خۆ ئەگەر زیندووش بێ لە کاتژمێر چوارونیوەوە هەتاکوو ئەم نیوەشەوە لەگەڵ

بێنەوبەرەی ئیداری سەدگیانی پێبا زیندووی سەر عەرزی نەدەبوو. منیش بەتەمای خۆم نەبووم! ئەم نووسراوەیە بەسەر درگای نەخۆشخانەکەوە بوو «لە کاتژمێر حەوتەوە چوونە ژووری یاساغە» درگایەکی زەبەلاح و بۆنی مردووشۆرخانە. لە درگام دا، لەپشت درگاکەوە کەسێک هەر ئەو فەرمایشتەی سەردرگاکەی بە گوێدا دام. تەماشام کرد ئاوا بێفایدەیە، دەبێ بیر لە شتێکیتر بکەمەوە! لە هێزێک، مقامێک، شان و شکۆیەک، لە هەرچییەک بێ، ناچار خۆم تووڕە کرد و گوتم:

«من...»گەرەکم بوو بێژم من بەڕێوەبەری قوتابخانەم بەڵام هەر خێرا پاشگەز بوومەوە. لەوانەبوو ئەوەی لەپشت درگاوەیە بڵێ من بەڕێوەبەری قوتابخانە بە پشیلەیەک نازانم! زۆریش سەیر نەبوو ئەو درگاوان بوو لەبەر ئەو دەروازەیەدا. سەرجووخەی کێشکی پاسگای تازەدامەزراوی کەلانتەریش نەبوو. هەتاکوو ئاغا بەڵێ بۆ بەڕێوەبەری قوتاخانەی گەڕەک بڵێ! پیاوانە ورەم بەزر بۆوە و خۆم تووڕە کرد و گوڕاندم:

ـ مفەتیشی وەزارەتی پەروەردەم!

ئەوەندەی یەکودوو کلۆمی درگاکە لاچوو، درگا کرایەوە و زۆر بە هەیبەتەوە خۆم نیشان دا، زیاتر درگاکە کرایەوە. ئەوکەسەی لەپشت دەروازەکەوە بوو خۆی نووشتاندەوە و بەچاو سڵاوی لێکردم. پارچەپەڕۆیەکی بەسەرخۆیدا دابوو، لایدا، هیچی دیکەم نەدی، چوومە ژووری، بە دەنگێکی گڕەوە پرسیم:

ـ مامۆستای قوتابخانەکە، ئەوەی ماشێن لێداوە...

ئەو لەوسەری دەهاتەوە! کەسێکی بۆ بانگکردم و ڕەگەڵی خستم، نهۆمی فلان و فیسارە ژوور. پێنجشەش دارکاج تاق و لۆقە لە تاریکیدا دەبیندران. بەڵام لە هیچکامێکیان بۆنێک نەدەهات. هەر بۆنی کافور بوو بە حەوادا دەچوو. توند و تیژ. لە حەسارەکەوە بۆ دالانێک و لەوێشەوە بۆ حەوشەیەکی دیکە و لایەکی بە تەواوی بەفر داپۆشیبوو، من بە پەلە هەنگاوم دەنا، هاوڕێکەشم بە هانکەهانک بەدوومدا دەهات. نەمدەزانی کزە یان قەڵەوە، نەمدەبینی، بەڵام بەم هانکەهانکەی کەیفم سازبوو! لەوەدەچوو زۆر ساخ نەبێ!.

«هەرچییەک بوو» بەدووی خۆمدا ڕاکێشم دەکرد. نهۆمی یەک و دووان و چواریش کردمە چواردانە پلیکان، دالانەکە تاریک بوو. بۆن و بۆدرنێکی ناخۆش هاشاوڵی بۆ هێنام و بەگژمدا هات. کاتژمێرەکە بە باوەشی دیوارەکەوە لەسەر هەشت و چارەکێک چرکەچرکی بوو. تەقوکوتی پاژنەی کەوشەکەی منیش بەسەر خشتەسوورەکانەوە بەرز دەهاتە بەرگوێ، دالانەکە دەنگی دەداوە. پۆلیسەکەم تووڕە دەبینی بەدووی خۆمدا، دەتگوت بۆ گرتنی کەسێک مالان دەگەڕێ. خۆزگەم دەخواست یەکەم کەس کە دێتە سەرڕێگام و پێشم پێدەگرێ لەبناگوێی بسرەوێنم. بۆئەوەی تووڕەیی لە خۆم نیشان بدەم بە هەموو جۆرێک خۆم تاقی دەکردەوە. بیرم لە کۆبوونەوەی ئەو شەوە دەکردەوە، «امن یجیب» خوێندنەوە و گیرۆدەبوون. خەڵک ماڵ سازدەکەن بۆئەوەی کرێکەی بە دۆلار وەربگرن. لەولاشەوە مامۆستای کلاسی چواری قوتابخانەی ئێمەش وەبەر ماشێن بدەن. منیش دەبێ بەمنیوەشەوە سەر بە هەموو دەرک و کونێکدا بکەم و

ئەو نەهامەتییانە چارەسەر بکەم، ئەویش گرفتی کەسێکی شناس چیم لەدەست دێ؟ هەر لەم چەند چرکەیەدا، کە لەبەر درگاکە چاوەڕوان مابوومەوە، ئەم بیرۆکانە بە مێکشمدا هات. لەڕاستیدا زۆرم بۆخۆم هێنا ئەوشتانە بەسەر پردی مێکشمدا تێپەڕ بوون. لەپڕ هاوڕێ تەمبەڵەکەم بە هانکەهانک گەیشتێ. درگایەکی بۆ دەستنیشان کردم، پاڵم پێوەنا و چوومە ژووری، بۆن زێدەتر بەرەوڕووم هات و تاریکی خەست بۆوە. تالارێک بوو پڕ لە قەرەوێڵە و جیرەجیرەی کەوش و پرخ و هۆڕی کەسێک. چوارنەفەر بەدەوری قەرەوێڵیەکەوە ڕاوەستابوون. ئەمە خۆی بوو! کاتێک گەیشتمە ژوورسەری ئەوەی لەدڵمدا کۆمکردبۆوە لە خۆگیف کردنەوە و تووڕەیی و بیری چەوت، گشتی بوو بە ئارەقە و بەسەروچاومدا هاتەخوارێ.ئەوەندە هەڵاتبووم، لەپێ کەوتبووم. هاسکەهاسکم ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیشت هێزی ئەژنۆم نەبوو. ئەوەش مامۆستای پۆلی چواری فێرگەکە. قورس و ورگ‌هەستاو ئەو قەڵافەتەی جارانی بەسەریەکدا ڕووخابوو. چووکەتر لە جاران دەهاتە بەرچاو. زۆر زۆر چووکەتر! مەلافەیەکیان بەسەردا دابوو سەروملی بەدەروە بوو بەقەت سەرینێک ماسیبوو. لەمێژ نەبوو سەروچاوی خوێناوی بۆ خاوێن کرابۆوە. ڕەش و شین ببۆوە. هەروەکوو جێی زللەکانی خۆی بەسەر ڕوومەتی منداڵەکانەوە. هەرئەوەندەی چاوی بەمن کەوت بزە نیشتە سەرلێوی. ئەمیش چ بزەیەک! لەوانەبوو بڵێ قوتابخانەیەک دوانیوەڕۆیانی بە بێبەڕێوەبەر بێت لەوە باشتری بۆ نایەت. بەڵام نەیدەتوانی دەموزمانی بگەڕێ. بە کوتەپەڕۆیەک دەمیان بۆ هەڵبەستبوو هەروەک دەمی مردوو. بەڵام

بزە و کەنینی بەسەر ڕوخسارییەوە مابوو! پێکەنینەکەی لەگەڵ خوێنەکەی سەر ڕوومەتی وشکهەڵاتبوو وەک چۆن ئاوی نێوحەوزەکە لەکاتی شەختەدا دەیبەستێ و چینچین بەسەریەکدا دەکەوێ. بەدەملێوەلەرەوە بزەکەش جەڕی دا. «بۆچی ئاوات بەسەر هات؟...» دەتگوت لەگەڵ ئەویشم نەبووە. دواتر زانیم ناتوانێ وڵامم بداتەوە. لەباتی وڵامدانەوە تەنیا هەر ئەو بزە سەهۆڵینەم دەبینی. سێچوار زللەم بە ڕوومەتەکانی خۆمدا کێشا: ـ بۆچی بۆوات کرد؟ لەبەرچی ئەم بەژن و باڵایەت بێرەوبەوێدا دا؟ ئەویش قەڵافەتێکی بەڕێوەبەری گشتی؛ بۆچی ئەم دەردەت بەسەرخۆت هێنا؟ ئاخری دیتت لە عەرزیان دای؟ مەگەر نەتدەزانی مامۆستا ئیزنی ئەوەی نییە ئەوەندە ڕێک و لەبار بێت؟ بۆچی هێندە خۆت خستبوە بەرچاوان؟! کۆڵانەکە بۆ تۆ تەنگەبەر بوو! جێت بۆ ڕێبوارەکانیش نەهێشتبۆوە. مەگەر تۆ نەتدەزانی شەقام و چرای سەوز و شارستانییەت هەر بۆ ئەو کەسانە نییە کە ترۆمبیلی دەستکردی وڵاتی خۆیان لەژێرپێدایە. پێم نالّیی بۆچی وەبەر ماشێن کەوتی؟»

ئەوەندە بە توند و تیژی ئەوانەم بەسەر زماندا هات زۆریش دڵنیا نەبووم کە ئەمانەم هەر بەخۆی نەگوتبێ لەناکاو ئەو بیرە بە مێشکمدا هات «نەکا، خۆت بەچاوتەوە کردبێ!» دواتر: «گێلۆکەی قور بەسەر! لەپاش سی و چەندساڵ تەمەن مێشک و ئاوەزت قەوزەی گرتووە و پەنات بردۆتە بەر خوڕافە!» ئیتر ئەوەندە لە خۆم بێزار و جاڕز بووم لەوکاتەدا حەزم دە کرد یەکێک پڕجنێو بکەم.

کەسێک وەبەر شەق و پێلاقە بدەم. ئەوەندەم نەزانی دوکتووری کێشک لەبەردەمم قوتبۆوە.

ـ ئەم وڵاتە تەخت و بەختی وەرگەڕێ. لە کاتژمێر چواری ئێوارەوە ئەو مامۆستا چارەڕەشە خوێنی لەبەر دەڕوا. بۆتان گرنگ نییە؟...

دەستێک بە هێمنی نیشتە سەرشانم، کەمێک هێور بوومەوە. کە ئاوڕم دایەوە باوکی مامۆستا بوو. هەر بەم هەیکەلەوە. دەتگوت سێوێکن کراون بە دوو قاشەوە. ئەو نەختێک پرڕژ و بڵاوتر. ڕدێنە سپییەکەی چڵەچڵە بوو، ئەویش پێدەکەنی. کڵاوەکەی بە دەستەوە بوو، نەیدەزانی لەکوێی دابنێ. دووکەسی دیکەشی لەگەڵدا بوو. هەموویان عەشایر و لادێنشین و جوانخاس. بەدڵم بوو! بەڕاستی جوامێر بوو. هەر هەموویان. ئەم دووکەسە کوڕی ئەو بوون یان برازا و کەسانێکیتر. ئیتر دەتگوت ئاو لەدڵم دەپرژێنن. کە ئەمەم بیست:

ـ بەڕێزتان کێن؟

ئەمە قسەی دوکتووری کێشک بوو، منیش دەنگم هەڵێنا:

ـ مەبەستان لە منە بەڕێز؟ من کەسێک نیم! بەڕێوەبەرێکم و هیچیتر ئەمەش مامۆستای فێرگەکەمانە. ئێستاش بە کەیفی خۆتان ئەو نچیرە کەوڵ بکەن...

لەپڕ بەخۆمدا هاتمەوە، ئەی «هۆشت لە کوێیە!» پشووم هاتەوە بەرخۆم و هیچم نەگوت. ددانم بەخۆمدا گرت، زۆرم پێخۆشبوو یەک قسە بکات و بەس! بەئاستەم زمانی بگەڕێ و بە ئەزمی پێکەنین

زار بکاتەوە بەسە... سەبارەت بە لێهاتوویی هیچ دوکتوورێک نەمتوانیوە سوێند بخۆم. بەڵام لەسەر ئەو بڕوایە سوورم لە دەروونناسیدا شتێکی لێدەزانی پیاوانە هاتە پێشێ. دەستی هێنا و منیش بە گەرمی پەنجەم گوشی و ئەویش شووشەیەکی گەورەی نیشانم دا، لەژوور سەریەوە سەرەوخوار هەڵواسرابوو تێیگەیاندم بەمشێوەیە خواردنی پێدەگەیەنن. وێنەشیان لێهەڵگرتبوو. ئێستا هەتاکوو بەیانی بەممەرجەی برینەکانی چڵک نەکات دەست و لاقی شکاوی لە گەچ دەگرن. لەمقسانەدا بووین یەکێک خۆی بە ژووریێدا کرد. بیستووکێکی بەدەستەوە بوو، سەرتاپا سپیپۆش و عەتراوی. لەشێوەی سینەماکارەکان سڵاوێکی ئاراستە کردم. شەپۆلی دەنگی بیر و هۆشی راتڵەکاندم. بەڵام پێویست نەبوو بکەومە پەلەپڕوزێ کۆنە قوتابییەکی نازانم، چەندساڵ لەوەپێشم بوو. ئەو خۆی پێناساندم. بەڕێز دوکتور... ! چ دنیایەکی سەیرە! «دەڵێن چی بچێنی هەر ئەمەش هەڵدەگریەوە. چاوت دەیبینێ گەمژە پیاو؟ بینیوتە هیچ جێیەکی لەتۆ ناچێ؟ ئەم نیشانەیە دەبینی بەسەر تەوێڵێەوە؟ هەستان و دانیشتنی، یاری کردن بە بیستووکەکەی... ؟ چۆنت بیر دەکردەوە دڵت زۆر خۆشبوو. با بڵێن شتەکان تەواو بەدڵی تۆ بوون. بڵێبزانم مەرامت چیبوو، ئاخۆم لەپاش تێپەڕبوونی دەساڵ قسەیەکت ماوە بۆ گوتن؟ هیچت پێیە بڵاوی بکەیتەوە؟ وانییە؟ ئێستا بیر لەچی دەکەیتەوە، چیت بۆ ماوە، تەنیا لە بزەیەکی تاڵ بەملاوە، تۆ وەک ئەم پیاوە نیوەمردووە وای لەبەردەستی منداڵەکانی دوێنێدا!! ئەوە تۆی لەسەر تەختەکە ڕەب و ڕووکەوتووی دەساڵی ڕەبەق بەسەر پلیکانی

زەمانەوە هەموو چرکەکانی تەمەنت چەوسانەوە بووە. ئێستاش قورسایی ئەم کارە بەسەر شانتەوە دانەبەزیوە. تۆ ئەو منداڵۆچکانە ناناسی، ئەوانە لە هێلکەیەک سەریان چووقاوە کە ڕۆژگارێک بەدەوری لاوەتی تۆدا شوورە و حەساربوون. ئێستا پاک دارماوە و بۆتە کاولاش. لەنێوان ئەو دار و پەردووەدا لە هیچکامێکیان تەنیا خاڵێکیش بەجێ نەماوە... ئەمڕۆ ئەم گۆڵە جەرگەیە! دەرەتانی ئەوەشی نەبووە. بەرلەوەی چێژ لە ئاوات و حەزەکانی ببینێ لەژێر بەرداشی شارنشینیدا فلیقاوەتەوە بەمبیچم و قەلافەتەوە! بەوسەر و زمانەوە کە حەیا و کەڕامەتی قوتابخانەکە بوو...»

دەستم گرت و هێنامە ئەولاوە، چوومە بنگوێیەوە هەرچی بەسەر زارمدا هات نەمگێڕایەوە، بە خۆی، بە هاوکارەکەی، پیشەکەی. دەردێکم پێدا، با بە دەواری شڕی نە کردبوو. وەک بڵێی هەرچی ڕاسپاردەی مامۆستای پۆلەکە بوو پێمڕاگەیاند. لە ئاخریشدا سەرێکم بۆ باوکی مامۆستا لەقاند و بۆی دەرچووم.

کاتێک گەیمە حەسارێ باران دەباری. شەقاوەکانم شل کردەوە و ئەو بۆن و بەرامەی وا لە ژوورێدا هەڵم مژیبوو بەم باران و هەوا خۆشەم ئەسپارد. هەوڵم دا ئارام و لەسەرەخۆ بم. چیدی هەڵنەچم، لەدەروازەکەوە چوومە دەرێ. بیرم لەوە دەکردەوە «ئەرێ تۆ چێت دەوێ، بۆ هاتووی؟ چکارێکت لە دەست دێ؟ گەرەکت بوو ئەو چاوچنۆکییەت پاراو بکەی؟ یان بۆ ئەوە وا دەکەی هەتا بڵێن بە هاوار و بانگی هەموو کەسەوە هەیە. یان خۆت لەجێی ئەو بەڕێوەبەرانە دابنێ خەمخۆرن، ئەرکەکان بە باشی بەڕێوە دەبەن.

یان بەڕاستی پێتخۆشە زەحمەتی هاوکارەکانت کەم بکەیتەوە؟» لە ئاخریدا بەمئاکامە گەیشتم کە «پارووەیەکی چەور کەوتۆتە دەست کاربەدەستانی شارەوانی و وەزارەتی داد و رفاندنی ئەم پارووەیەش کاری تۆ نییە! هێچیشت پێناکرێ...» لەوەدابووم سواری تەکسی ببم و بەرەوماڵ ببمەوە، کە ئەوبیرە بە مێشکمدا هات، «هەر نەبێ پرسیارت کردبا، چی بەسەر هات؟» ویستم بگەڕێمەوە بەڵام قەڵافەتی ڕەش و ماسیوی مامۆستای پۆلی چوار بەسەر تەختەکەوە بوو. گوێم نەدایە و گوتم بێفایدەیە. شەرمم دە کرد یان دەترسام لە ئەو یان لەو تازەپێگەیشتووانە. یان ترسم لە بزە و پێکەنینی بابی و ئەوانیتر بوو. «ئاخە تۆ بۆ لە قوتابخانە نەبووی؟!» ئەو شەوە هەتا کاتژمێر دووی شەوێ خەو نەدەچووە چاوم، بەیانیش ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلم نووسی و بە مۆر و ئیمزای بەڕێوەبەری قوتابخانە و شاهیدی سەرجەم مامۆستاکان و بردنی بۆ ئیدارەی پەروەردە و بنکەی پۆلیس و دواتر هەڵاتهەڵات بۆ ئیدارەی بیمە و بڕیارە ڕۆژی شەشتمەن بۆ خەرجی نەخۆشخانە تەرخان بکرێ و دووانیوەڕۆ چوومەوە قوتابخانە و پۆلەکانم داخست و مامۆستاکان و قوتابییەکانی دواناوەندیم نارد بۆ سەردانی بە تاجەگوڵینە و ئەوشتانەی بۆ لاف و گەزاف و خۆنواندنن... کاتژمێرێکی تەواو بە تەنیا لە قوتابخانەدا ملم نا لە پیاسە کردن و بە دوور لە قاوقیلی دەرس و وانە و خاڵ و خەیاڵ... ئەوەڵی بەیانیش باوکی هات و سڵاو و ڕۆژباشی کرد و گوتی: لاق و دەستێکی شکاوە و نەختێکیش خوێنپژاوەتە سەر مێشکی و لەلایەن کابرای ئەمیرەکەوە هاتوونە

سەردانی و زۆریان بەڵێن پێداوە و ئەگەر چاک بۆوە لەسەر مادە و دەستوری چوار، دایدەمەزرێنن. ئەمەشی تەپاندە نێوگوێچکەمەوە لەخۆڕا ئەو ڕاپۆرتەم نووسیوە، بە باشی دەزانم کە پشتگوێی بخەی، ڕەزامەندی ئیمزاکراوە و مۆریش دەکرێ و هیچمان لە هیچ و... قوڕ بەسەری ئەم وڵاتە.

# 11

لە ئەوەڵی کارەوە زۆرم خۆ لە منداڵەکان نەدەگەیاند. بە جۆرێک بیرم دەکردەوە، جیاوازی نێوانمان کارێکی کردووە کارمان بە کاری یەکدی نەبێ. لەمەڕ ئەو بیر و باوەڕە زۆر شتی پووچ و مێشککوژم خوێند بۆوە کە نابێ تەمەنی مامۆستا و قوتابی زۆر لە یەک دوور بێ. لەیەک دووری تەمەن لەنێوان پیاوانی دوێنێ و لاوانی سبە و لەمچەشنە پڕ و پاگەندانە... سەرقاڵی ئیش و کاری خۆم بووم. درگای نووسینگەم لەسەرخۆم پێوەدەدا و لەپەنا سۆبای گەرمی دەوڵەت خۆم بە نووسین و ڕەش کردنەوەی کاغەزان سەرگەرم دەکرد. بەڵام ئەو ئیش و کارە بە تەواوی سێ چوار مانگی عومر کرد و جوانەمەرگ بوو. وەڕەز بووم. حەولمدا زۆرتر دڵ بدەمە ئەرکەکانی قوتابخانە. وردەوردە شتی شاراوەم ئەدۆزییەوە؛ یەکێ لەوشتانە، جێی ئەو مامۆستا مەزنانە چۆڵ بوو کە وا پیرو بەساڵا چوون! بەڕاستی مەزن بوون! کەسایەتی و گەورەیی هەر لە ئەوان دەوەشایەوە. دەرس و ڕاوێژیان، چەندە جوان و تایبەت بەخۆیان بوو. بەڵام تازەپێگەیشتووی ئەمڕۆ چی؟ ئەوانە لەچەشنی تووتین و بڕایەوە! هەرئەوەندەی لێدەزانن بە مۆدێلی ئیدارەجاتی بێن و بڕۆن! بێخە بەر لە ڕابردوو و داهاتوو دەست و پێ سپیلکەن! کاڵ و

نەکوڵیون. تەنیا بۆ جارێکیش ئاوەزی نووستوویان وەخەبەر نایات. دەست بدەنە دەستی یەکدی و بۆ حەوتوویەک یان هەر نەبێ بۆ ڕۆژێک و تەنیا کاتژمێرێک کاروباری قوتابخانە ڕابگرن. هەروەکوو بزن و مەڕ دەچوونە سەردانگە و دەگەڕانەوە. فێر ببوون دە دەقیقە چارەکێک درەنگتر بێنە سەرکلاس. ئیتر خۆ باسی بەرچاوتەنگیشیان ناکرێ. لەسەر گوڵدانێک سێجار بەسەر شەڕ و هەڵڵایاندا چووم. زۆربەیان منداڵی باخەوان بوون هەرکامەی لە مانگدا هەر نەبێ گوڵدانێک مێخەک، یان شەمدانی شۆڕ، یان گوڵی داوودیان دەهێنا، ئەمەش لەو چلەی زستانەدا وەک بیدۆزییەوە وایە! لەپێشدا نەزەرم وابوو بەو گوڵانە قوتابخانە بڕازێنمەوە، بەڵام لەخۆڕا! نە کەسێک ئاوی دەدان و نە خزمەتیان دە کردن. هەر دەبوو ئاوا بێ! منداڵەکان گوڵیان بۆ مامۆستاکان دەهێنا. قوتابخانە گوڵی بۆ چیبوو؟ ڕەنگبێ لەوکاتەوە درگای کۆڕی زانیاری ئەفلاتوون بۆ قوتابییەکانی خرایە سەرپشت؟ ئەو ئەکادیمییەش بووە بە بیابانێکی وشک و کاتۆر. لە هەمووشت خرابتر و بێقیمەتتر داوەشاوەیی مامۆستاکان بوو دەستی لەپشتەوە بەستبووم. نە بە چاک و نە بە خراپ زمانیان لەدەمدا نەبوو لە هیچ بارێکەوە، لەمەڕ فەرهەنگ و هونەر، لەمەڕ بەرزبوونەوەی نرخەکان هەتاکوو لە گرانبوونی نرخی گۆشت بێخەبەر بوون. دەتگوت لە گوێی گادا خەوتوون... هەمەکارەی هیچ کارە! وام هەست دە کرد لەسەر کلاسەکان لەباتی قوتابییەکان ئەوە مامۆستاکانن بەخۆیاندا دێنەوە و ئەرکەکانیان ڕۆژبەڕۆژ لە باشی دەدا و فێری داب و دەستوور و شارستانییەت دەبن. ئیتر وام بە

باشزانی زۆرتر خۆ بە منداڵەکانەوە ماندوو بکەم باشترە. ئەوان تەنیا سەر و کاریان لەگەڵ بریکارەکە بوو. سەیر نەبوو هەر سڵاوێک بە من قەرزدار بن و بەس. سەرباقی ئەوانەش هیوابڕاو نەبوون لە کۆلانەکانیش ئاگام لێیان بوو هۆشم بەسەریانەوە بوو. لەمشان و ئەوشانی کۆلانێدا دەمخستنە ژێر چاوەدێرییەوە، بە خیلی و دەردەدڵییان تێبگەم قسەی خۆش و ناخۆشیان بژنەوم. جاریوابوو سڵاویان نەدە کرد هەڵدەهاتن و خۆیان دەشاردەوە. دەمزانی تاکوو نیوسەعات دواتر لە شەرمان سوور هەڵدەگەڕان. ئیتر خۆ بەرگ و پێڵاویان حاڵی تێک دەدام. دەبوو ئاگام لە خۆراک و هاتوچۆیان بێت.

لەسەر یەکدی ڕادەوەستن، یان دەچن بەشوێن یەکتردا، لەوەدەچوو بۆ نزیکبوونەوە لە حەساری قوتابخانە بە یەکەوە بن و یەکگرتوو بن. سیچوارێکیان خزمەتکارەکانیان دەیانهێنان و دەیانبردنەوە بەڵام قەت وانەبوو بە سواری ماشێن بێن بۆ قوتابخانە. حەوت هەشتێکیان باوکیان خاوەن ماشێن بوون ئەمەشم دەزانی. بەڵام ئەو ڕێگا و بانەی ڕووی دەکردە قوتابخانە، دەکری بڵێن ڕۆژی دوو فەنەری لێدەشکاندن.

لەم بیستکەسەی کە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دەمانەوە تەنیا دووکەسیان پڵاو گۆشتیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا. هەواڵی ئەم شتانەم لەدەم خزمەتکارە کۆنەکەوە دەبیست ئەوانیتریش کەباب و پەنیر و هیلکە و سێوەبنعەرزیلەیان پێبوو. هەر لەنێو ئەوانیشدا دووکەس

هەبوون تەنیا خواردنیان نانی وشک بوو هیچیتر نه چارەکەی نان و نه جانتایەک، ئەو دووە برا بوون لە پۆلەکانی پێنج و سێدا.

بەیانی کە لە ماڵێوە دەهاتن گیرفانەکانیان ماسیبوو، سەنگەکیان بەش دە کرد و دەگیرفانیان دەخنی، کاتێک دەبوو بە نیوەڕۆ هەروەک ئەوانەی بۆ نانخواردن بەرەوماڵ دەبوونەوە ئەوانیش لە قوتابخانە وەدەر دەکەوتن، لە قوژبنێکدا سەریان بە یەکەوە دەنا و سەنگەکیان نۆشوگیان دە کرد و دواتر دەهاتنەوە نێو پۆلەکەی خۆیان. من هەر ئەوەندە ئەوانم دەبینی تا لە قوتابخانە دەچوونە دەرێ! هەر ئەوانە ڕۆژی بایی یەکدوو قران تۆشە و نوقڵ و بنێشتیان لە خزمەتکارەکە دەکڕی. هەر لەو فەڕاشە کۆنەی فێرگەکەمان، مانگی پێنج تمەن حەقی سەرایەداری وەردەگرت و لەلای دووکاندارێکی گەڕەکەکە شتومەکی دووکانمان بە قەرز بۆ وەردەگرت. ئێستا ئەو کابرایە لە پاتۆڵی خۆیدا بۆ خۆی پیاوێک بوو! ئەوەندەی لەجێیەک دەهاتمەوە، یان لە قوتابخانەوە دەگەڕامەوە بە خێرایی بەرەوپیرم دەهات و باڵتەکەی لێوەردەگرتم. هەرچەندە کە پێمدەگوت من بەمچەشنە رەفتار و هەڵسوکەوتە قەڵسم، بەڵام ئەو لەتەشیرێسی خۆی نەدەپاراست، بە باب نۆکەری پێگەبیوو. لەوماوەیەدا کە من بەڕێوەبەر بووم ڕۆژێک نەبوو ئەو باڵتەکەم لە دەست وەرنەگرێ یان نەیکاتە بەرم. بەڕاستی وەڕەز بووم. وەک ئەوەی لەکاتی خواردندا یەکێک پارووەکانت بژمێرێ! لەبەرانبەرمدا قیت دەوێستا و چاوی لەچاوم دەبڕی. منیش ورد و درشت حاڵ و ئەحواڵی ماڵ و منداڵیم دەپرسی. هەتاکوو من دەهاتم دەست بەکارەکانم بکەم خێرا ملی دەنا لە سیخۆری و

شۆفاری، ڕۆژێک لەمەوبەر دووکەس لە مامۆستاکان ئەوجاریش لەسەر گوڵدانێک گوڵ پێکهەڵپڕژان یان پۆلیسی ئاسایش دەهات یان مەعمووری لێکۆڵینەوە، بریکار وایگوت و ئەمەی بیست پووڵ و پارەی فڵان قوتابخانە دراوە و سەر دەفتەری پەروەردە گۆڕدراوە و ئەوە هات و ئەوە چوو... ئیتر زانیم خزمەتکاری تازە لەوبەینەدا بێتاوان نییە. ئەگەر لێتان نەشارمەوە، ئەوانە ڕۆژ نەبوو سەعاتێک گۆڕەوشارم نەدەن. جارجارێکیش ئەگەر بیری لێدەکەمەوە زۆریش بەهرە لەو قسەهێنان و بردنە وەردەگرم. ئەوڕۆژە لەنێواخنی هەواڵەکانیدا ئاماژەی کردە سەر قوتابییەک لە پۆلی چوار کە دوێنێ عەسر دوو کەللەقەندی هێنابوو، ئەمیش لێی کڕیبۆوە. لەوەدەچوو سەری ماشەرەکەم دۆزیبێتەوە پرسیم:

- بە چەندە؟
- دووتمەنم پێدا، بەڕێز.
- پیاوەتیت کردووە! نەتپرسی لەکوێی هێنابوو؟
- کەس ناچێتە قەبری کەسەوە بەڕێز.

لە ئەوەڵەوە ئەوەندە چاوڕووی نەکرابۆوە، لە دمەوەریشدا خووی خزمەتکاری تازەی گرتبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم لەو قوتابخانەیەدا هەموو خەریکی خوێندنن بێجگە لەمن و منداڵەکان. دواتر پرسیم:

- بۆچی بریکارەکەت ئاگادار نەکردەوە؟

دەمزانی لەگەڵ خزمەتکاری تازە بریکاریان بە هەوێی خۆیان دەزانی. زۆرشت هەبوو لەویان دەشاردەوە، ئەو دوانەش جیرەخۆری

وەزارەتی پەروەردە بوون. خەرج و موخاریجی قوتابخانە لە دەست بریکار دایە، ئەوانیش دەزانن ئەگەر دەخڵ و خەرجەکە بەدەست خۆمەوە بایە زیاتر چاوم بەسەر ئەوانیشەوە دەبوو. جابۆیە بە چاوێکی دیکە سەیری من و ئەویان دەکرد. ئیتر لە وڵامدانەوە بە پرسیارەکەی من مەحتەل مابوو. لەپڕ درگا کرایەوە و فەڕاشی تازەش وەژوور کەوت:

ـ ئەگەر ئاگاداری بکردایە، دەبوو بەشی ئەویش بدا بەڕێز...

نێوچاوانم تێکنا و گوتم:

ـ دیسان ملتنا لە زەم کردنی ئەم وئەو؟ ئێستاش فێرنەبووی لە درگا بدەی ئەوسا بێیە ژووری، پیرەپیاو! ئیتر ناوی کوڕێژگەکەم لێپرسی و وتم زۆریش گرنگ نییە! ناردم چاییم بۆ بێنێ. بە پەلە کارەکانم تەواو کرد و چوومە ژووری نووسینگە بۆ ئەحواڵپرسی دایکی بریکار. ئەو جۆرەی گەڵای دۆسییەی ئەم بارەوبار دەکرد زانیم ئەو منداڵە دووساڵە لە پۆلێکدا وەنەوز دەدا. بەڵێ بابی کوڕە بازرگان بوو. ئیتر گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم یادداشتێکم بۆ بابی نووسی و دامە دەست خزمەتکاری تازە، سبەی بەیانی دوو ڕۆژێکیتر لە قوتابخانە ئامادە بێت. ڕەسیدی نامەکەش وەربگرێ. جا ئەویش لەکاتی خۆیدا بەدەنگ نامەکەوە هات. کەسێک هەتا بەڕێوەبەر نەبێ نازانێ دایک و بابی قوتابی چۆن خێرا بەدەم ئەمر و فەرموودەی گەورەی فێرگەوە دێن. دڵنیام ئەگەر بۆ کاری سەخت و قەرز و قۆڵە با، بە تەقەی تفەنگ توخنی ئەو دەورووبەرانە نەدەکەوت.

پیاوێکی چل وپێنج‌ساڵە، ئاخرین دووگمەی کراسەکەی لە بینەقاقە هەڵپێکابوو. پاڵتەکەی بەری وەک جبەوعابا دەچوو. بڕێک شەرمێون. هێشتا بەسەر پێوە بوو، پرسیم:

ـ کاکی من ئیوە دوو ژنتان هەیە؟

لەمەڕ کوڕەکەیەوە لەدڵی خۆمدا شت‌گەلێکم لێک‌دابۆوەۆ گوتم ئاوا نەبێ لەڕاستییەکان خۆ دەبوێرێ. جا ئەگەر ڕاستی پێ‌گوتم ئەوە باشە، دەنا زۆر بەسانایی دەکرێ تێی‌بگەیەنی. بەڵام دیاربوو پرسیارەکەم هیچ قورسایی نەخستە سەر بیر و مێشکی لەڕاستیدا بەڕێوەبەری قوتابخانە دەکرێ حیسابی ئەوەی بۆ بکەی کە وەک دەلاکی حەمام و گەرماوەکان مەحرەمی ڕازی ئەم و ئەوە! وادیاربوو بیری لەوە دەکردەوە، ڕەنگبێ کوڕەکەی نهێنییەکی لە قوتابخانە درکاندبێ.دەستووری چایم دا، فەرمووی سیگارم کرد. زۆر ناشییانە بەدەمییەوە گرت. ترسم لەوە هەبوو بەگژمدا بێت و لێم تووڕە بێ، بەڵام پێش‌دەستیم کرد و بەمچەشنە هەڵم‌پێچا:

ـ لەگەڵ داوای لێبوردن، ڕەنگبێ هەر لەبەر ئەوەش بێت ئەو منداڵەی ئێوە دووساڵە لەو پۆلەدا ماوەتەوە قبووڵی دەکەی منداڵێک بە بێ‌هۆ کەللەقەند لە ماڵێ ناهێنێتە دەرێ؟... دەتگوت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەشدارم، لە قسە کردن نەدەکەوتم. لەپڕ قسەکانی پێ بڕیم:

ـ بەو سەرەشیرینەتان مامۆستا، ڕۆژی چوار قڕان گیرفان‌پووڵی هەیە، گەماڵ بابی پێنەزان. تێم‌گەیاند کە لە گیرفان‌پووڵی هیچی کەم نییە!...

ویستم توورە نەبێ و وەک شیر هەڵنەچێ، بەڵێنم لێسەند نەیداتە ڕووی کوڕەکەی، قسەکانم درێژە پێدا:

لەوەدەچێ کوڕەکەتان لە ماڵێدا ڕووناکی شک نەبات. وادیارە وەک غەریبەیەک چاوی لێدەکەن ئەویش ئەو ناوەندە بە ماڵی خۆی دەزانێ. ئەمڕۆ کەللەقەند لە ماڵێ هەڵبگرێ ساڵێکی دی مافوورەی ژێرپێتان لە مەیدانی شاردا هەراج دەکا، هەرچەشنە پێشبینییەک... لەم وشەگەلە... ئیتر کارێکم کرد جەنابی بازرگان عابای شەرمی فڕێدا و پەردەی لەسەر ئازارەکانی هەڵدایەوە. ژنی یەکەمی فەرهادکوژێکە و کوڕەکەشی چۆتەوە سەر دایکی. ئێستا جوێ بوونەتەوە و لێکدابڕاون ئەو ژنەی ئێستاشی چەند منداڵی هەیە و ئەو لاپرەسەنەش دەبوو ئێستا خاو و خێزانێکی بەخێو کردبا، ژنەکەشی حەقی بەدەستە بە دوومنداڵی سەر و پێچکەوە بەو ڕانەگات... ئیتر کە شتەکانم بۆ ڕوون بۆوە چەندچرکەیەکی دیکەم خستە سەر کۆنگرەکە و درێژدادڕیم کرد. لەپاش قسە کردنێکی زۆر سەبرێکم گرت بەخۆمدا هاتمەوە، خەریکم بە خودا و پێغەمبەر و قوڕئان بەڵگە و دەلیلی بۆ دەهێنمەوە ئیتر زمانم گرێدا.

چایی دووهەمی خواردەوە و قەول و بەڵێنەکانی پێ ئەسپاردم. لە ئاخریدا ئەو وتەیەم وەبیر هاتەوە «زۆرزانەکان کڵاوی عیسا دەنێنە سەر مووسا!»

# 12

ڕۆژێکیان بەیانی چوومە قوتابخانە هێشتا بریکارەکە تەشریفی نەهێنابوو. شتیوا کەمتر پێش هاتبوو. زۆریش ئاسایی بوو زەنگ لێنەدرابوو. دە چرکەیەک لەکاتی خۆی لایدابوو. مامۆستاکان لە ژووری نووسینگە سەرقاڵی قسەوباس بوون. منیش وەختێک مامۆستای فێرگە بووم تووشی ئەو هەڵامەتە هاتبووم. بەڵام لەوەتی بوومەتە بەڕێوەبەری قوتابخانە تازە چکێ لە شتێک حاڵی بووم. کە ئەوانە خۆشیخۆشییانە. مامۆستاکان نەک هەر پێنجدەقیقە ـ نە تەنیا دوودەقیقە، تەنیا یەکدەقیقەش بۆ ئەوان دەستکەوتە. لەدڵەوە خوویان بەمشتانە گرتبوو دەتگوت بەخاتری ئەو یەکدوو چرکەیە بوون بە مامۆستا، لەوەشدا حەقی خۆیان بوو. مرۆڤ کاتێک ناچار بێت بۆ وەپێکەنینخستنی خەڵکی، خۆی بە هەر شێوەیەک بگۆڕێ و کەسیش بەلایەوە سەیر نەبێ و خۆشی کەیفی پێی نەیەت ئیتر ئەوە تەنیا بۆ ئەوەیە هەتا بڵێن ئەرکێکی لە ئەستۆدا نەماوە! منیش دەستوورمدا زرە لە زەنگەکە هەستێنن. منداڵەکان لەسەرجێی خۆیان. دووکلاس بێمامۆستا بوون. مامۆستای پۆلی چوار دەتگوت پەیکەرەی گەچییە بەسەر تەختینەخۆشخانەوە جێنشینی مامۆستاکەشمان هێشتا نەیتوانیبوو بەرنامەکانی بەگوێرەی کات و

زەمانی ئێمە ڕێک بخات. مامۆستاباریکەی پۆلی سێ مانگێکی تەواو لەترسی پۆلیس و ئاژان کونەمشکی لێببوو بە قەیسەری، کەسێکیتری لەجێی خۆی دانابوو. ئەویش ئەوڕۆژە نەهاتبوو یەکێکم لە پۆلی شەش هەڵبژارد و ڕەوانەی پۆلی سێیم کرد. هەتا ئیملایان پێبڵێ. خۆشم چوومە ژووری پۆلی چوار. خۆ ئەگەر بەڕێوەبەری گشتیش بی هەر دەبێ حەول بدەی بۆ تەمرین و خۆڕاهێنان و پێداچوونەوە. بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی مامۆستایەتی لەبیر نەکەی. چاوم بە دەرس و مەشقیاندا گێڕا دەستم کرد بە خوێندنەوەی فارسی بۆیان. فەڕاش خۆی بەژووریدا کرد. بەڵێ خانمێک لە نووسینگە چاوەڕێتە. لەدڵی خۆمدا گوتم بێت و نەبێ دیسان هەر ئەو ژنەتیوە بەدەوارەیە! هەموو ڕۆژێ بە بیانووی سەردانی منداڵەکەی دێتە قوتابخانە و سەرودڵمان دەگرێ! ژنێکی سپی و سۆڵ و چاومەست و قژکاڵ، دەموچاوپان و کورتەباڵا. تەمەنی کەمتر لە بیست و پێنجساڵ دیاری دەدا، کەچی منداڵەکەی لە پۆلی سێدا دەرزی[1] دەخوێند. یەکەمجار کە دیتم دەسماڵێکی شینی کاڵی بە سەرەوە بوو. کراسەکەی بەریشی لە ڕەنگی نارنجی و زۆر بەباشی بە دەوری خویدا هاتبوو بە بینینم ئەوەندەیتر گوڵی کرد و خەبەریشی هەبوو کە چەندە بە ئەدەب و شەرمێونم! بەڵام جارێ کەمی حەول داوە و زۆریشی ماوە تێبگات. چوونکە بەڕێوەبەرەکان ئەگەر یەختەش نەکرابێتن بێواز و بێتاقەتن، نەخاسما منی دوورەپەرێز، زۆر سادە

---

[1]ـ دەرز: دەرس، وانە.

و ساویلکە هاتبوو هەتاکوو لەگەڵ دوو پیاودا قسە بکات. بەوجۆرە من لە بریکارم بیست، پتر لە ساڵێک دەبوو تەڵاقی وەرگرتبوو. ئیتر بە بێپێچووپەنا هاتنی بۆ قوتابخانە تووشی گێچەڵی دەکردین.
ئەویش لەو چۆڵ و بیابانە و قوتابخانەیەکی پڕ لە مامۆستای جوان و جحێڵ و دابەستە! بەڵام هیچیان لێهەڵناوەرێ... بەڕاستی گونجاو نەبوو. هەرچەندە شێر و ڕێویم بۆ هێنایەوە بەڵام بەگوێی نەدەگرت. هەواڵی بریکاری دەپرسی و خۆی بە ژووریدا دە کرد و چاوەڕێ دەما هەتا زەنگ لێدەدرا، مامۆستاکان دەهاتنەوە نووسینگە و ملیان دەنا لە قسە و جەفەنگ و ئەویش لەگەڵ مامۆستای منداڵەکەی گەرمی قسە دەبوون و هەرئەوەندەی دەنگی زەنگەکە دەهات ماڵئاوایی دە کرد و بەجێی دەهێشتین. بێئازار بوو، بەڵام من لەو باوەڕەدا بووم کە چەندە هەناسە ساردە! بە مامۆستای قوتابخانەش ڕازییە، بەڕاستی دەبێ زۆر دوورەمێرد بێت، بۆیە ئا بەمچەشنە تامەزرۆی ئاوا شوێنێکە بۆ هەڵمژینی هەناسەی ژیان، باوەکوو ئەم جێیەش مەکۆی مامۆستایانی خەساو و بێدەسەڵات بێ. هەر ئەو داماوییەی بوو ئەوەندەی دی دەردی کاری کردبووم، بە چاوەکانی ژیانی مامۆستاکانی وەک حەزیا دەقۆستەوە. ئەوانە لەچاوی مندا شاراوە نەبوو، هەروەک دارونەداری منی بەتاڵان بردبێ! جگە لەوانەش نەمگەرەک بوو بمکاتە پووشووی ئامانجی خۆی. بە بێئەوەی تووشی دوودڵی و پەرێشانی بێت. پێمخۆش نەبوو ئاسمانی ژیانم هەوری بکات. ڕێگەشم بە مامۆستاکان نەدەدا قوتابخانە بکەنە جێی ئامانجی چەپەڵی خۆیان... ئێستاش دەزانم هەر ئەو ژنەیە

هاتۆتەوە. تاکوو منیش لە پلیکانەکان دەچمە خوارێ و ئەم بیر و خەیاڵانە لەسەر مێشکم دادەبەزێن و ئەویش ملی خۆی دەشکێنێ و دەڕوا، ئیتر درگام کردەوە و سڵاوم کرد... حەی! کوڕە خۆ ئەوە هەونییە! کیژۆڵەیەکی بیست و یەکساڵا بوو. دەمهەراش و سەر و پرچەئالۆزەکەی لەپشتەوە گرێدابوو. بتەوێ و نەتەوێ نەختێک بریقەی ڕوومەتی تەکانی دەهات. ئەگەر بەچاوی چۆداری سەیری بکەی مشتەریگر بوو. بە ئەقلم گەیی دەبێ ئەو خانمە مامۆستا بێ. خۆم پێناساند بەڕێوەبەر منم، ئەویش نامەیەکی دایە دەستم، کە تازە کۆلێژی تەواو کردبوو. لە بەشی پەروەردە وەرگیرابوو. ئەو خانمەیان وەک مامۆستا ڕەوانەی لای ئێمە کردبوو. ویستم بڵێم «یانی بەڕێوەبەری وەزارەتی پەروەدە نازانێ قوتابخانەکەی ئێمە هەموو مامۆستاکانی نێرن؟» بەڵام نا، پێویست بەوقسانە ناکات ئەمەش بۆ حەسانەوەی مێشک خراپ نییە. گوتم هەر نەبێ دەتوانێ بۆن و بەرامەیەکی تایبەت بداتە قوتابخانەکەمان، چونکە هەر لە سەربازخانە دەچێ. ئەمەش لە زانایی وەزیری پەروەردەیە. زۆرم بەخێرهاتن کرد و چایان لە پێش دانا، بەڵام نەیخواردەوە. هیچمان فەرمایشتێکمان ئاڵ و گۆڕ نەکرد، هەستام و وەدووی خۆمدا، لە پۆلی سێ و چوار سەرپشک بێ، قسە لەو هەژدە کاتژمێرە کرا، کە چاوەڕێی ئەوی دەکرد. بۆ وانەگوتنەوە، هاتینەوە ژووری نووسینگە. پرسیاری کرد بێجگە لەو مامۆستای ئافرەتی لێیە؟ لە وڵامدا گوتم:

- بەداخەوەم، ڕێگاوبانی قوتابخانەکەمان پاژنە بە کەوشی خانمەکانەوە ناهێڵێ!

که سەرنجم دا بزەیەکی تاڵ درزی خستە سەرلێوی، لەپاش تۆزێک ماتبوون و خۆهەڵگوشین لە ئاخریدا:

ـ باسی چاکی تۆم بیستووە لەتەک مامۆستاکاندا... دەنگێکی ناسک و سەرنجڕاکێشی هەبوو! جێی داخ بوو ئەو دەنگە خۆش و زەریفە لەبەرامبەر تەختەڕەشەدا بەفیڕۆ بچێ، گوتم:

ـ بەڵام نە ئەوەندە، درگای قوتابخانە گاڵە بدرێ، خاتوون. سەیر نییە ئاگادار کرابێتییەوە کە هاوکارەکانت هەر خۆیان ڕازی بەوە بوون هەژدە خولەک ئەرکی وانەگوتنەوە وە ئەستۆ بگرن. ئیتر من چیم لەدەست دێت.

ـ ئێوە خاوەنی ئیختیارن.

تێگەیشتم بەم «خاون ئیختیارە» دیهەوێ چی بڵێ! دەشمزانی کات و زەمانی وانەگوتنەوە بەلایەوە گرنگ نییە. هەربۆیە خێرا بڕیارم دا تاقی بکەمەوە:

ـ پێویستە ئەوش بزانی تەنیا دووکەس لە مامۆستاکان خاوەنی ژن و منداڵن.

تا، ئەو قسەیەی بیست ڕوومەتی سوور هەڵگەڕا، بۆئەوەی چیتر دوانەکەوێ هەستا سەرپێ و دەستووری هاتنەکەی لەسەر مێزەکەی بەردەمم هەڵگرتەوە. مەحتەل مابوو نەیدەزانی چیبکات، فکرم کردەوە کە دەبێ یارمەتی بدەم. لێمپرسی کاتژمێر چەندە. کاتی ئەوەبوو زەنگ لێبدەن. بانگم کرد لە خزمەتکارەکە، زەنگلێبدا وتم واباشە لەگەڵ بەڕێوەبەری وەزارەتی پەروەردە قسە بکەی. بێجگە

لەوانەش بۆ ئێمە جێی ڕێزە لەگەڵ خانمێک هاوکار و هاوبیر بین، خوداحافیزتان بێت.

هەرئەوەندەی لە درگای ژووری نووسینگە چووەدەرێ دەنگی زەنگەکە منداڵەکانی هاروژاند. دەتگوت هەنگوین دەبەخشنەوە مامۆستاکان ئەوەندەی یەک و دوو پوورەیان دا، یەکەبەیەکە چاویان خستە پاشکۆی خانم موعەلیم هەتا لە دەروازەی قوتابخانە ڕۆیشتە دەرێ.

# 13

بەیانی هەواڵیان پێدام بریکار وەدووی ئیش و کارەکانی دایکی کەوتووە. بەڵێن بوو لە نەخۆشخانە بیخەوێنن، بۆئەوەی شێرپەنجەکەی بە تیشکی کارەبا چارەسەر بکرێ. لەمێژ بوو لەبیریدا بووم، پێویستی بە کەسێک هەبوو مشووری بخوات. دەستەوداوێنی چەند برادەرێک بووم. ئەوان دوکتوور بوون. لێیان پاڕامەوە کارێکی بۆ بکەن. ئێستا کە تەختی بەتاڵیان بۆ گرتبوو کات و زەمانیان بۆ دیاری کردبوو، ئامادە نەبوو بچێتە نەخۆشخانە. بریکارەکەش پێی خۆشبوو لەتەکیدا بچمە خزمەت دایکی و بە وتەی خۆی بەم زمانەشیرینەی کە خودا بەمنی دابوو مەرزەمی [1] بکەم و بیبەین بۆ چارەسەری... چارە نەبوو، بە چاوەکانیدا دیاربوو بریکار دوێنێشەو خەو نەچۆتە چاوی. ئەگەر ئاوا بێ کاروباری قوتابخانەکە شەل دەبێ و پەکی دەکەوێ. قوتابخانەمان بە مامۆستاکان ئەسپارد و وەڕێکەوتین. پاسبەپاس و بە تەکسی و کوچە و کۆڵانی تەنگەبەر و ئاخریش ماڵی ئەوان، تەنیا ژوورێک لە ماڵی کرێدا وەکوو کونەجن! حەوزێکی چووکە لە حەسارەکەدا. پیرەژن چاوی بەقوڵدا چووبوو

---

[1] ـ مەرزەم: ڕازی، پێملبوون.

ئەوەندە ڕەش دەتگوت لە چاڵی خەڵووز هاتۆتە دەرێ. پیاو بە بینینی زەندەقی دەچوو، برینەکە بە چەشنێک سەروچاوی داگرتبوو تەماشا کردنی موچڕکی بە لەشی مرۆدا دەهێنا. دەموچاوی داپۆشیبوو. زۆری تاریفی کوڕەکەی کرد و بە بەژن و باڵایدا هەڵگوت.
«سەرەتای ژیان و ئەرکی گران و نەخۆشخانەکان ئیتر وەکوو جاران نەماون» لەو فڕوفیشاڵ و قسەڵۆکانە؛ چارشێوەکەیمان بەسەردا دا و نەخۆشخانە بگرە و هاتین دیسان لە تەکسی‌یەوە بۆ پاس و لەوێشەوە بۆ نەخۆشخانە. لەمژوور بۆ ئەم ژوور و تەختەکەی لەق و لۆق نەبێ و دیوارەکانی بۆخاو نەبن و راخەر و مەلافەی پاک و خاوێن؛ هەتاکوو دامەرزا کلکی وشتر گەیشتە عەرزی، یەک‌دوو هاوڕێی ڕۆژانی کۆلێژم دۆزییەوە چەندقسەی بەتام و خوێ و رام‌سپارد ئاگاداری دایکی بریکار بکەن. ئیتر هەتا کارەکانمان جێبەجی بوو کات لە یەکی دوانیوەڕۆ سەرکەوت، ئێمەش پشوویەکمان هاتەوە بەر.
بەیانی لە قوتابخانەکەدا چاوم بەچاوی بریکار کەوت. ڕووخۆش و بەدەماخ بوو. دیاربوو گرفتێکی لەکۆڵ بۆتەوە. ئاگاداری کردمەوە مامۆستای پۆلی سێ دەست‌بەسەر کراوە، مانگونیوێک دەبوو خۆی شاردبۆوە، نامەی ڕاپەڕاندنی کاری ئەومان دابوو بە جێگرە نافەرمییەکەی. مووچەکەشی هەروەک خۆی مابوو. هەتاکوو هەواڵەکە دەبێتە فەرمی لە ڕۆژنامەدا بڵاودەبێتەوە و دەکاتە گوێچکەی وەزارەتی فەرهەنگ ئێمە مانگانەکەی لێنابڕین. بەڵام وەختێک هەواڵەکە ببێ بە فەرمی جێگری خاوەن ماف (!) ناتوانێ

ڕەوانەی بکات و گەرەک، بەگوێرەی یاسا هەڵسوکەوت دەکرێ. ئیتر هەر ئەمەش کارەکەی تێک دابوو. ئەوەش بەجێی خوی، من دایمە لەبیری ئەوەدابووم چۆن بەم لاقوقولە باریک و بێهێزیەوە کە بەئاستەم گیانی لەبەردایە چۆن تاقەتی ئەو هەموو زەبر و زەنگەی چاڵەڕەش دەهێنێ؟ «لەبەرچی قسەت لەگەڵ نەکرد؟ بۆچی تێتنەگەیاند دەست لەو کارانە هەڵبگرێ؟» بەڵام ئاخۆم خەتایەک لەمن ڕووی دابوو؟ تەنیا بۆ جارێکیش لەگەڵ مندا ڕووبەڕوو نەبۆوە، هەتاکوو دووقسەی لەگەڵدا بکەم. ئەو لەخودای دەویست چاوی بە چاوم نەکەوێ! من بۆ هەموویان وەکوو باڵتە وابووم. بە خزمەتکارەکانیشەوە ـ گرێکوێرەی گرفتی هەموویانم دەکردەوە. هیچکامیان بۆ من تۆفیری نەبوو بۆ چەند ڕۆژێک خۆم خستە ژێر گوشاری ئەرکەگرانەکانەوە و بووم بە خەمخۆری هەموو لایەک! ئیتر ناچاربووم بچم بۆ سەردانی نەخۆشەکە. خەمی ئەویش یەخەی گرتم، قوتابخانە چۆڵ و زۆربەی کات پۆلەکان بێکارن. جێگری مامۆستای پۆلی چوار هێشتا کاروبارەکەی ڕێک نەخستووە سەرەڕای ئەمانە پۆلێکی دیکەشمان بێمامۆستایە. هەر لە سەرەتای ساڵەوە هەتا ئەم کاتە مامۆستایەکی یاریدەدەرمان پێ قەرزدار بوون ئێمە چاوەڕێ و خیزگوڵی نەکرد. بەڵێن وابوو جێی بەتاڵایی ئەوانیترمان بۆ پڕ بکەنەوە. بۆیە منیش شوێن پێی بەڕێوەبەری پەروەدەم هەڵگرت تازە زانیم خانم موعەلیم ترساوە! و «هێشتا دانەبەزیبوو زەندەقی چووبوو» بەڕێوەبەری پەروەردە ئەمەی دەگوت. وای بەچاک زانیبوو لەبەردەستی خویدا کاروباری نووسینگە بەڕێوە ببا. ئیتر قەول و

بەڵێن و ئەمڕۆ و سبەی، لە کۆتایی چوارڕۆژ وەرە و بڕۆ دوو مامۆستام وەگیر کەوت. یەکیان لاوێکی ڕەشتی و چەرموو شەرمێون و پرچدرێژ. کلاسی چوارمان پێئەسپارد و ئەوی دیکەشیان هەر لەو کوڕە سەرچەورانە بوو، هەموو ڕۆژێ بۆینباخەکەی ئاڵووگۆڕ دەکرد. بە نەخش و نیگاری سەرسووڕهێنەرەوە. ئەوەیان تەنیا هەر ئەو بۆینباخەی هەبوو. کە لەسەر کراسە چڵکنەکەی دەیبەست و لەنگەرێکی گەورەشی پێدا شۆڕ دەکردەوە. بەڵام کاکەمیرزا دەتگوت مشکی سەرخەزێنەیە، هەر تەخشان و پەخشانی بوو! هەرڕۆژەی بوینباخێک و سەعاتەی ئۆینێکی دەردەهێنا. دارخورمایەک لەژێر گرێی بۆێنباخەکەدا بوو، لەخوار ئەویشەوە شەپۆلی دەریا بوو. بەسەر سنگیدا دەکەوت. لەگەڵ دڵێکی خوێناوی و هێڵێک بەنێوەڕاستیدا تێدەپەڕی و چەند نۆتی مۆسیقا، هێشتا لە درگاوە ژوور نەکەوتبوو بەرامەی ئۆدکڵۆنی ژوورەکەی دەئاخنی. فەرهەنگێک ئەوەندە بێسەرەوبەرە بێ، هەر ئەو کوڕەخاسانەی گەرەکە! بەتوون و سەقەر، ئەویشمان ڕەوانەی پۆلی سێ کرد. خۆ لەوە خراپتر نابێ. ئەمجارەش قوتابخانەکەمان بووژایەوە. گەڕامەوە بۆ سەر ئیش و کارەکانی خۆم.

لە کۆتایی مانگی ڕێبەنداندا بوو ڕۆژێک بەڕێز بریکار هاتە ژوورەکەم. دەڵێ مووچەی قوتابخانەشم بووژاندۆتەوە. گوتم:

- پیرۆزە، چەندەت وەرگرتووە؟

- جارێ هیچم وەرنەگرتووە، مامۆستا، قەرارە سبەی بۆ نیوەڕۆ بێنە ئێرە، بەڕێز، هەر لێرە خاتیمەی پێبێنن.

بۆ بەیانیدا نەچوومەوە قوتابخانە. وادیاربوو حەزی بە بوونی منیش دەکرد، چاوم بەسەریانەوە بێت، مانگی پازدە قڕان بۆ پاک و خاوێنی هەر ژوورێک لەبەرچاو گیراوە نابێ بەفیڕۆ بڕوات ئەشێ زێدەتر خۆ ماندوو بکەم، ئەرکەکان ڕاپەڕێنم ئەو مووچەیەی بۆ قوتابخانە لەبەرچاو گیراوە و پارەی ئاو و ئەوانەی کە لەکاتی خۆیدا نەدراوە پشتگوێ خراون هەموویان وەربگرم... بەیانی سێ کەس هاتبوونە قوتابخانە. حیسابداری پەروەردە خزمەتکارەکەی، نیوەڕۆ خوانەکەیان لە گیرفانی بریکار حیساب کرا، گلەییان لێکردبوو بۆچی فەلانکەس لێرە نییە.

سیایی هەموو خەرج و حیساب و کتابێکی گرتبوو. منیش لەباتی مۆر و ئیمزا، خەتێکی لار و وێرم لەژێر یادداشت و حیسابەکانی ئەواندا. قەول و بەڵێنیان دابوو بۆ کۆبوونەوە و نان و خوانێکی بەتام. ئیتر ئەوان چووبوون بریکاریش بەڵێنی لێسەندم کە دەبێ لە کۆڕەکەدا بم. بە فەرمایشتەکانی ئەودا دەبوو زۆریش مەمنوون بم چوونکە لەبیریان نەکردووم. ئەمە جەنابی بریکارە و زۆر شتی وای لێدەوەشێتەوە! شوکری خودا کە هەر بە ئەوەندە لەکۆڵ بوونەوە. ئەوە شۆخی پێنەدەکرا، سێسەد و شتێکم پووڵ لەبەردەستا بوو، دەیچۆن میوانداریم لێناکەن. ئەمە یەکەم جاربوو ئەوەندە ئێحتووبارم هەبێ. ئەمەش لە بەرەکەتی بەڕێوبەرایەتی قوتابخانەکە بوو! وادیاربوو وردەوردە لە ناخ و دڵی بەڕێوەبەرەکاندا جێم خۆش دەکرد. خۆ هەر کەسێکیتریش ئەو سێسەد تمەنەی دەوڵەتی لە باخەڵدابێ بە کەیفی خویەتی بچێ بۆ میوانی یان نەچێ. سێسەد

تمەنێک کە بۆ هەرشتێکی دووتمەنی بەلانیکەمەوە دوازدە قڕان لێنووس و پێنووسی بۆ سەرف کراوە، مرۆ هەتا بەمچەشنە نەکەوێتە نێو مەنگەنەوە نازانێ ئیدارە و وەزارەت یانی چی. سێ ڕۆژمان وەخت هەبوو بۆ چەژن و خوانەکە، ئیتر نەمزانی ڕۆژ و شەو چۆن هات و چوون. چوومەتە قوتابخانە یان نا، ئەگەر چووبێتم نازانم چیم کردووە. بەڵام هەر بیرم لەوە دەکردەوە بچم یان نەچم... بوو بە چی، دەچی یان ناچی؟ گێژی نەفام! ئەمە سەرەتای دەستپێکردنە. دایمە هەر ئاوا دەبێ، گرفتێکت بۆ سازدەکا، بە مرازی دڵی خۆت ناو و ناتۆرەت وەدوو دەخەن. وەکوو فوودانە هەڵت دەدەن و دەتکەن بە لقی دار ئەقاقیاکەدا. ئەویشخۆت چاک دەزانی تۆپەڵ تۆپەڵ دڕکی پێوەیە. چاڵێکیان بۆ لێداوی کە نازانی چەند گەزە! هەروەکوو ئێستاش نازانی دنیا چ باسە. نازمی قوتابخانە جاڕزە، وەڕەزە، ناحەقیشی ناگرم ئەتۆ بەڕیوەبەری ئەوێی. ئەو حەز ناکا بەرداشی ژیان بیهاڕێ. نایەوێ هەتا ڕۆژی مردن ژیانی بە بریکاری ببڕێتەوە. ئەویش گەورەیی خۆی گەرەکە و هیوای شان و شکۆی هەیە و بەتامایە ببێتە بەڕیوەبەرێک یان وەزیرێک و لەویش سەرتر. ئەو ئێستاش تۆ بە هێند ناگرێ. لە هەمووشت خراپتر ئەو دایکە نەخۆشەیەتی دنیایەک خەرج و کوێرەوەری. مانگی سەدوپەنجا تمەن بەشی دەم شیرینی پەرەستارەکان ناکات کەسێکی دیکەش نییە لەجێی ئەوی دابنێی. هەیە؟ئەگەر هەشبێ، مەگەر سەلمان و ئەبووزەڕ، تۆ پێیتوایە ئەگەر سەلمان و ئەبووزەڕ ڕیشیان لەبری ئەو بێدەستەوستانانە دانابا، تۆفیرێکی دەکرد؟ ئەوڕۆژ و ڕۆژگارە

تەمەنبڕاو بوو. کە قومەئاوێکیان لە بیتالمالٚ نەدەخواردەوە. خۆ تۆش سەد دەستت پێوە نییە چیدیکە دەتوانی ئەرکەکانیان بۆ ڕاپەڕێنی؟ ببی بە لەلە و خزمەتکاری بریکارەکەش. یان لەکۆڵببەوە و برۆ یان قۆڵی لیٚهەڵماڵە و ناوی خودای لێبێنە. تا نەچێنی هەڵناگریەوە ـ بەدەستێک نەبەخشی بە دوودەست نادرووییەوە. لە یەک و دوانەوە ئەوسا چوارو. لەوە بەولاوە بەڕیوەبەری گشتی و ئەمەش کورسی ریاسەت جیرەخۆرێکی دەوڵەت و بڕایەوە. نانی خۆت مەبڕە، نان بەنرخی ڕۆژ بخۆ. زمانلووس و وەختناسبە وەک قرنوو خۆ لە نێولینگی یاسا توندکە. لەبیری بیمە و ماڵ و منداڵ و ڕۆژانی پیریدابە وریا بە و هەل و دەرفەت لەدەست مەدە...»
ئەوەندەم پیش خواردەوە گیان گەیی بە بینەقاقام. بۆ جارێکی دی نامەی دەستلەکارکێشانەوەم لە تەنکەی باخەڵم نا، بە بیٚئەوەی ورتەم لێوەبیٚ خۆم لەو میهمانییە دزیەوە.

ئیتر بیرم لێکردەوە کە ئاوا نابیٚ. گوتم واچاکە بچم بۆلای بەڕیوەبەری پەروەدە ئەو مەسەلەیەی بۆ باسبکەم. وەڕیٚکەوتم و لە ژووری تایبەتی خۆیدا هەر مێزەکەی جارانی لێبوو، بێگەرد و خاوێن هەروەکوو ژووری بووک و زاوا، تەپڵەکی جگەرەکێشان بە خاوێنی لەجێی جاران، بەلاٚم ئەوجارە لەگەڵ دەم و کاوێژی بەڕیوەبەرەکان ڕاهاتبوو. لەگەڵ سلاٚو و من خۆش و تۆ خۆشێکدا دانیشتم. بەلاٚم چیم پێبوو بۆ گوتن؟ بەهانەیەکم بەدەستەوە نەبوو. زارم هەڵپچڕیٚ، لەبەر ئەوەی لەو جەژن و خوانەدا بەشداریم نەکردووە دەستلەکار دەکێشمەوە؟ بۆ ئەوە دەبوو پیٚپێبکەنیٚ دەبوو زۆر ژیرانە گرفتی

خۆمی بۆ باس‌بکەم. بڵێی نەی‌هێنابایەتەوە سەرخۆی؟... ئەوەندەی مێشکی خۆم هەڵگوشی نەمزانی باسی چی بۆ بکەم. بەڕاستی ئەمە لە ئەقڵ دوور بوو بەخاتری سێسەد تمەن پشت بکەمە ئیش و کارەکەم، دەست‌لەکار بکێشمەوە ئەی ئەو هەموو فڕ و فیشاڵەت لەچی‌بوو، وات‌دەکرد و ئەمەت دەهێنا و ئەوەت دەبرد و... «ـ نا. وەمێنە، وەمێنە. ئەگەر بڕیاربێ ملی خۆت بشکێنی، ئەگەر وەکوو مامۆستای پۆلی چوار ماشێن لێی‌دابای ئێستا ڕێزت زۆر زیاتر بوو! یان داشقە پەین‌کێشەکان؟...» لە ئاخریدا گەلێک بەم بیر و خەیاڵانە پێکەنیم و «ماڵتان ئاوا بە یارمەتیت، هاتبووم تەنیا سڵاوێکتان عەرز بکەم.» بەم‌دەهۆیانەوە هاتمە دەرێ و نامەکەشم فڕێدا جۆگەی ئاوەکەوە.

بەڵام بریکاری بەڕێز. حەوتوویەکی تەواو وەک بەراز غەززربیوو، تووڕە و لاسار، غەزەب لەنێوچاوانی دەباری! سەرلەنوێ شووڵە تەڕەکانی هێنایەوە بەرکار. هەر منداڵ بوو ئەوەڵی بەیانی دەست و پلی ماسیبوو، مەگەر غیرەتی ئەوەم هەبوو قسە لە قسەیدا بکەم؟ خۆم لە ئاحواڵ‌پرسی دایکیشی شاردەوە. حەفتەیەکی تەواو لەو قوتابخانەیەدا هەر کەسە و ئەسپی خۆمان تاو دەدا. منیش بە بێدەنگی دەچوومەوە ژووری و درگام لەسەرخۆم پێوە دەدا، گوێی خۆم لە گرمە و هەرا و هوریای منداڵان دەئاخنی. ئەم‌سەر تا ئەوسەری ژوورەکەم شەقاو دەکرد. ئای بەڕاستی چ دەردێکی گورچوبڕە «بەڕاستی بۆچی؟ بۆچی دەڕۆیشتی؟» منیش سەرم لەوە دەرناچێ. ئەگەر بیرم لێدەکردەوە بە خەیاڵ هەموو کەل‌وکونی ژیانم دەپشکنی، بەڵام ئەگەر بارت کەوت کەس ئاوڕت لێناداتەوە، وەها بە

قوڕدا ڕۆدەچی و لەگەڵی ڕادێی کە پێتخۆشنییە نووزەت بێتە دەرێ و کەس دەنگت ببیستێ. وادیارە ئەو لاوە باریک و بنێسە ـ مەبەستم مامۆستای پۆلی سێیە ـ سەیر نییە ئەویش لەگەڵ لێدان و پێدادانی زیندان ڕاهاتبێ! مەگەر هەر من بزانم چەندە ئازاری دیتووە. دەدانە ڕۆژە دڵ و هەناوم نەماوە منداڵەکانیش لە ترسان وشک هەڵاتبوون. ئاخریش پارەکە گەیشت و حەق بە حەقدار درا. بەڵام لەباتی ئەو سێسەد و شتە تەنیا سەدوپەنجا تمەن، هۆیەکەشی ئەوەبوو لە سیایی گرتنەکەدا هەڵەیان کردبوو، کە لە کۆتاییدا ساغمان کردەوە و حیسابەکانمان باراشی کرد.

## 14

بێجگە لەو ژنەی حەفتەی جارێک دەهاتە قوتابخانە، چەند کەسێکی دیکەش لە دایک و بابی منداڵەگان جاروبارە هاتووچۆیی ئێمەیان دەکرد و سەرودڵیان ئەگرتین یەکێ لەوانە هەر ئەو پاساوانە بوو کە بە قایشەکەی پشتی دەست و لاقی منداڵەکەی خۆی بەست و فەلاقەی کرد؛ ئەوەندەی دەهات بە دابی خۆی تەق  پاژنەی بە یەکدا دەکێشا و لاقی جووت دەکرد. بە تکا و پاڕانەوەش دەستی لەسەر چاو و برۆیی لا نەدەبرد. ئیتر چبگا بەوەی دابنیشێ. یەکیشیان کارمەندی پۆست و تەلگراف بوو هەر دە ڕۆژ کەڕەتێک دەهات و باوکی کوڕە بزۆزەکە بوو. ئای چ منداڵێکی لاساربوو. بریکار بە ئاواتەوەبوو تەنیا جارێک شووڵەکە وەدەستی بکەوێ. نیوسەعات لە لامان دەمایەوە و پرێسکەی دڵی دەکردەوە. ئێمەش هەروا، یان باسی سیاسەت و مووچەی پلەی پێنجەمی ئێدارە و سێ منداڵ و خێزانەکەی، کە لە ساڵدا مانگێک خۆشیان بە خۆیانەوە نەدەبینی و مانگی سەدوچل تمەن کرێماڵیان دەدا... دارتاشێکیش هەبوو تەنیا کوڕەکەی لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا دەیخوێند، خۆشی خوێندەواری هەبوو بەو دەستە قەوی و قۆڵەی بە کەیفی خۆی پەنجەی منی دەگوشی و خۆی بە قوربان و سەدەقە دەکردم. کە ڕۆژێک کارێکم پێی ببێ «بەسەر

سەران بۆت جێبەجێ دەکەم.» بە چاکی ئەقڵم بۆی چووبوو، وادیاربوو ئەو قوتابخانەیەی ئەو ڕووی‌تێکردبوو هەمووشت بە کەیفی ئەو تەواو بووە و هەربۆیە وایدەزانی هەموو شیروانێک شایەکە. یەکی‌تریان کابرایەکی کارێزکەند بوو، بەدەست و مەچەک و قەوی و قۆڵ و کەڵەگەت. کوڕەکەی لە پۆلی سێدا دەرسی دەخوێند. حەفتەی جارێک دەهاتە سەردانی منداڵەکەی لە حەوشەکەدا دەچەقی و دە پازدە دەقەیەک لەگەڵ خزمەتکارەکان دەردەدڵی دەکرد و هێواش سەری دادەخست و بەرەوماڵ دەبۆوە. نە کاری بە کاری کەسێک بوو، نە داوای هیچی دەکرد و نە قسەیەکیشی دەبردە دەرێ. جاری هەوەڵ کە هاتبووە قوتابخانە نازانم بۆچی خۆی گەیاندبووە سەر ئەو دیوارە بەرزەی فێرگە، یەکبەخۆی هاواری دەکرد! من تازە لەڕێوە هاتبووم. ئەوە هەر ئەو ڕۆژانە بوو کە تازە مەدرەسەکەمان خەریکبوو لە نانی سواڵی نەجاتی دەبوو. لە دووڕڕا وامزانی پیاوی ئیدارەی کارەبایە و هاتووە کۆڵەکەی برقمان بۆ بچەقێنێ. بەڵام وەختێک هەرا و هوریاکەیم بیست بە پەلە خۆم گەیاندێ، منداڵەکان ڕژابوونە نێو حەسارەکەوە، بریکارەکە و دووکەس لە مامۆستاکان لە حەولی ئەوەدابوون هەرچۆنێک بێ خۆیان بگەیەنن بە کابرای سەر دیوارەکە و توند لاقی بگرن و دایبەزێننە خوارێ. لەوەدەچوو ئەوانیش بیریان لەوە کردبێتەوە کە هەروا بە هاسانی هەموو کەس نەتوانێ بە دیوار و حەوش و حەساری قوتابخانەدا سەربکەوێ. منیش لەبەرخۆمەوە فکرم لەوە دەکردەوە ئەوکابرایە چۆن چۆتە سەر ئەو دیوارە بەرزە؟ بەڵام وەختێک زانیم بیرهەڵکەن و کارێزکەنە

بەلامەوە سەیر نەبوو! بەڵام سەرم لەوە سوورمابوو ئەو بەو هەیکەل و قەڵافەتەوە چۆن بەو کون و کارێژانەدا هاتووچۆن دەکا؟ سەیر نییە ئەو وەسەرکەوتنانە هەر لەو پیاوە دەوەشایەوە ئەو هەرا و گوڕەیەش هەر بۆ ئەوەبوو، لەبەرچی کوڕەکەی ئەومان نێونووس نەکردووە بۆ وەرگرتنی بەرگ و پێڵاو لە دەفتەری ئەنجوومەندا و... کاتێک چوومە بەردەمیان مۆڕەیەکم لە کابرا کرد و یەک دوو قسەم دا بە تەنگەی بریکار و مامۆستاکاندا، ئەوانیش لێی دوورکەوتنەوە و منداڵەکانیش سەریان داخست و بڵاوەیان کرد، خۆیان کردەوە بە پۆلەکاندا. ئیتر بە بێئەوەی لەو پیاوە بڕوانم گوتم:

- وەستا، ماندوو نەبی.

وەختێک بۆ لای نووسینگە وەڕێکەوتم ڕووومکردە بریکار و مامۆستاکان و گوتم:

- لەوەدەچوو زۆر بەجوانی وڵامی ئەو پیاوەتان نەدابێتەوە هەربۆیە خۆی گەیاندۆتە سەر ئەو دیوارە. کەسێک کارێکی بە قوتابخانە بێت دەچێتە ژووری نووسینگە.

لەپشت سەرمەوە زرمەیەک پەیدا بوو. من درگای نووسینگەم کردەوە و نازم و کارێزکەن بەدوومدا وەژوور کەوتن. بەڵام ئەو قەڵافەتەی من بەسەر دیوارەکەوە دیتم، زۆری فەرق هەبوو. پیاوێکی چەماوە و دەست و لاققەڵەشیو. زانیم بە عومری خۆی بۆ جارێکیش لەگەڵ بەڕیوەبەری قوتابخانەدا، دانەنیشتووە و قسەی نەکردووە. خوڵکم کرد! دانیشت. بەسەر کورسییەکەوە خۆی گرمۆڵە کردبوو، بەجێی ئەوەی قسەیەک بکات، یان وڵامێک بداتەوە، لەپڕ دەستی کرد

بە گریان. سەیرە! زۆر بە توندی دەگریا، سەری بە هەنیسکەوە هەڵدەکەندرا! قەت باوەڕم نەدەکرد، پیاوێکی ئاوا زل و زەلام هۆڕەهۆڕ بگری! دەستم تێکەڵاو دەهات و سەرم لێشێوابوو. ئێستا چی لێبکەم؟ خۆمن نە هیچم پێگوتبوو نە بەڵایەکم بەسەر هێنابوو، سەیرە دەبێ بۆ بگری؟ دڵخۆشی بدەمەوە؟ چۆن، چی پێبڵێم؟ هەر بۆیە چوومە دەرێ و خزمەتکاری تازەم بەنگ کرد و هەتا شەربەیەکی ئاو بۆ بەرێ. وەختێک هێور بۆوە بیهێنێ بۆلای من. بەڵام ئێستاش کە ئێستایە نەمدیتەوە. نە ئەوڕۆژە و نە ڕۆژێکی دیکە. حەوتووی جارێک دەهاتە قوتابخانە و هەر لە حەسارێ یان لەبەر هەیوانەکەدا، دە پازدە خولەکێک لەگەڵ خزمەتکارەکاندا دەردەدڵی خۆی دەکرد و دەڕۆیی. ئەوڕۆژە بۆ چەند چرکە، لەپشت شووشەی ژوورەکەی خۆمەوە دیتم سەری داخستبوو لە درگای فێرگە چووە دەرێ. تازە فەڕاش هات بۆلام، بەڵێ! گوتویەتی پێنج تمەنیان لە کوڕەکەی داوا کردووە بۆ ئەوەی لە ئەنجوومەن نێونووس بکرێ بۆ کەوش و لیباس. وادیاربوو زۆری قسە بۆ بریکار کردبێ و ئاوی گوێی دادابێ. بەڕێم کرد ڕۆیی بریکارم بانگ کرد. شتەکە ڕوون بۆوە! ویستبووی لە بریکارەکە بدا، بە بێهیچ عوزر و بەهانەیەک! بریکار هاواری کردبوو مامۆستا و قوتابییەکان بە دەنگییەوە چووبوون. کارێزکەنیش وەک پشیلە پەڕیبووە سەر نووچکی دیوارەکە.

ئاخر و ئۆخری ڕێبەندان بوو ڕۆژێک کڕێوەی دەکرد لەگەڵ یەکێ لە باوکی قوتابییەکاندا بووین بە ناسیاو. خزمەتکارەکان و جەنابی

بەڕیوەبەر زرموکوت بە پلیکانەکاندا هاتنە سەرێ و خەبەرداریان کردم. لەوەدەچوو هەواڵێکی تازەیان بەدەمەوە بێت! کەسێکی کورتەباڵا و قوڵەپیاو؛ بە دابی فەڕەنگ هەڵسوکەوتی دەکرد. سەر و ڕدێنێکی پاک و خاوێن جلوبەرگی ئوتووکراو، هێشتا بەسەر کورسییەکەوە ژێری گەرم دانەهاتبوو باسی خوێندەواری خۆی بۆ کردین و چوونی بۆ فەڕەنگ و... ئەو هەموو زەنجیر و بازن و ئەنگوستیلەی ئەو لەدەست و قامکیدا بوو، بۆ ئەوە دەبوو دووکانێکی زێڕینگەری پێوە ڕازێنی. بەڵام باڵتەکەی بەری لە کۆتەکەی من قوڵەتر بوو. گەرەکی بوو لە فێرگەیەکی دیکەوە کوڕەکەی بێنێتە قوتابخانەی ئێمە. کوڕەکەی لەو منداڵە چاوڕەشانە بوو کە لە گوڵ کاڵتریان پێنەگوتبوو زەردەزیقە و چاومات. لە پۆلی دوودا بوو لەنیوەی ساڵدا دوو کتێب دووا کەوتبوو، ئەمەش هەر لەو سێونێوەی کلاس دووەکان دەیخوێنن. دەیگوت کوڕی باخەوانەکەیان کە لە مەدرەسەی ئێمەدایە و زۆریش زیرەک و دەرسخوێنە. «ڕاستە، قوتابخانەیەک بەڕیوەبەری لێوەشاوەی هەبێ چۆن قوتابی زیرەکی نابێ. دەبێ قوتابخانەکانی دی بێنوو لەلای ئێمە شت فێربن...» ئیتر ئاوا قسەگەلێک. ئێستا هەر بەخاتری ئەو منداڵەیە بەم بەفر و سەرمایە هاتوونە ئەم باخە و گیرساونەتەوە. بیرم کردەوە کە، «ئەم خەڵکە بەڕێزەی گەڕەک شتێکیان لێ حاڵیبووە.» لە ئاخریدا پێمگوت پێویست بەو هەموو خواهیش و پاڕانەوەیە ناکات، بۆ فێرگەکەی ئێمە جێی شانازییە کەوا زۆربەی قوتابییەکانی منداڵی هەژار و نەدار و باخەوان و میراون. بەڵان خێرا لێی حاڵیبووم ئەو فەرمایشتانەی منی

زۆر بە کەیفیٚ نەبوو. هەستام و بانگی بریکارم کرد، دەستی خۆی و کوڕەکەیم دا بەدەستییەوە و خوداتان لەگەڵ بیٚ... لەپاش نیوسەعات بریکار هاتەوە بۆلام، گوتی: خانووبەرەی شاری بە قوتابخانە بە کریٚداوە مانگی بە سیٚهەزار و دووسەت تمەن زۆر منەتبار بووە کە مامۆستایەکی بۆ بگریٚ و لە ماڵی خۆیدا دەرس بە کوڕەکەی بڵیٚ، خۆ ئەگەر بەڕیوەبەر ئەو ئەرکە وەئەستۆ بگریٚ چلەوە باشتر...

زۆربەی ئەم قسانەم لەدەم خزمەتکاری تازەوە بیست. وەختێک زانیم بریکار خۆشیخۆشییەتی پێمگوت ئەو پیاوە دەیەویٚ دڵنیابیٚ منداڵەکەی بۆ قبووڵ دەکەین. ئیتر چلەوە باشتر هەر خۆی ئەم ئەرکە وەستۆ بگریٚ. بەمەرجێک مامۆستاکان لەخۆیٚ نەهارووژێنیٚ و لەکۆتایی ساڵدا کەمنەهێنیٚ و بۆ نمرەی قبوڵی بە دەست و لاقی مندا نەنووسیٚ، پاشنیوەڕۆی هەمانڕۆژ جەنابی بریکار قسەی لەگەڵ بابی منداڵەکە تەواو کردبوو، مانگی سەدوپەنجا تمەن.

ئیتر مەعلووم بوو تەنیا ڕۆژێک پاشنوێژان فێرگە تەحتیل نابیٚ و لەوە بەدواوە دنیا بە کەیفی بریکارە. تەواو بە قەت مانگانەکەی دەوڵەت، ئەوەندەشی لە باوکی ئەو منداڵە وەردەگرت. تەنیا بۆ کەسێکیش. ئیتر هەموو بایانییەک چاوەکانی ترووسکەی دەهات، وایبۆ دەچووم کە ئەو زرق و برقەی لە ماڵی بابی کوڕە دیتوویەتی ئێستا دەکریٚ لە چاوی ئەودا سەیری بکەی. دایکیشی ڕوو لە چاکبوونەوە بوو. تازە لە نەخۆشخانە گەڕابۆوە ماڵیٚ بەڕێزیشی وردەوردە هەوای ژنهێنان لە کەللەی دابوو دەیگوت دایکی ماڵ بە ماڵ بۆی لە حەولی ژندایە. لەوەدەچوو تازە مێشکی کرابێتەوە، هەر

ڕۆژەی نەخشە و پیلانێکی دادەڕشت. بۆخۆی بۆ قوتابخانە و جاری واهەبوو بۆ من. ڕۆژێک هاتە بنگوێمەوە بۆچی «ئەنجوومەنی ماڵ و قوتابخانەمان» نەبێ؟ بەدڵی خۆی بیری لە هەمووشت کردبۆوە. نیسکەشۆری کردبوو پەنجاشست کەسێک لە بابی منداڵەکان دەستیان بە دەمیان ڕادەگا. بابی کوڕەکەش قەوڵ و بەڵێنی پێدابوو. نەختێک هەستم داوە و حاڵیم کرد کە وریای ڕاز و باسەکانی ئیدارە و هاوکارەکانی بێت. ئەوەی حەزی لێیەتی جێبەجێی بکات. کاغەزێکی هێنا و وەک نامەی شاهانە بەدڵی خۆم بۆم نووسی؛ ئەویش بردی بۆ دایرەی پەروەردە بۆیان تایپ کرد بە منداڵەکاندا بەڕێی کردن. کۆبوونەوەکەش بە هاوکاری بیست و چەندکەسێک لە باوکی منداڵەکان بەڕیوە چوو. حەفتا کەسێکی بانگهێشتن کردبوو. زۆریش تووڕە بوو لەبەرچی ئێمەمانان ئەوەندە بێموبالات و بیرکورتین، منیش بۆم ڕوون کردەوە، لەوانەیە دەعوەتنامەکان بۆنی جەریمە و زۆرەملی پێوە بووبێ.

لە هەمووشت خۆشتر پاسەوانی کێشکچی پازگا هاتبوو هەر لەبەر درگاوە لاقی بە یەکدا دەدا و بە نیشانەی ئێحتڕام و ڕێزلێنان دەستی هەتا بناگوێ بەرز دەکردەوە. مامۆستاکانیش سەریان بە یەکەوە نابوو گەرمی قسە و باسی خۆیان بوون. کۆڕێکی چڕوپڕ، بریکار چایی و شیرینی هێنابوو. چراتۆڕێکیان بە کرێ گرتبوو، باران لێیکردەوە و سالۆنەکەش بۆ یەکەمجار ئەو خۆشییەی بەخۆیەوە بینی. دەنگ و هەرا و بێنەوبەرەیەکی سەیر بوو، سەرهەنگێک لەنێویاندا بوو. دامانا بە بەڕیوەبەر، ئەو خانمەی حەفتەی جارێک

ڕووناکی دەخستە دڵی قوتابخانەوە بوو بە جێگری بەڕیوەبەر، وابزانم جەنابی سەرهەنگ بە بیست ساڵ جحێڵ بۆوە. پیرەژنێکیش لەوێ بوو، بە زۆری سەرهەنگ بوو بە سندووقدار و بریکاریش کرا بە نووسندەی ئەنجوومەن و یەکدوو کەسیش هەبوون دایان‌نان بۆ کاتی پێویست. ئیتر چ لەوەخۆشتر تۆ سەروەر و خەڵک ئەمربەر بێت بە کەیفی خۆت ئەمر بکە و ئیفادە لێدە! بە ئەمە دەڵێن دەستبڵاوی! هەموو دڵخۆش و کەیف‌ساز. حەزم نەدەکرد خۆم بکێشمەوە دواوە. ئیتر بەڕیوەبەرایەتی بۆ حەوت‌پشتم بەس بوو. بابی ئەو کوڕە نەهاتبوو بریکاری بە مامۆستایی گرتبوو، بەڵام پاکەتێکی سەرمۆری بەناوی منەوە ناردبوو. هەر لەناو کۆبوونەوەکەدا هەڵمان‌پچڕی. داوای لێبووردنی کردبوو، کە نەیتوانیوە «لە نزیکەوە بێتە خزمەتمان» ئەمەش لەلایەن منەوە دیاری بێ بۆ ئێوە. سەدوپەنجا تمەن. ئەوەبوو بە بناخە و دەستپێکی کارەکەمان. پارەکەم لەسەر مێزەکە دانا بۆئەوەی ناوی بخرێتە نێو لیستەوە جێگری بەڕیوەبەر خۆی لەگوڵ دابوو! شیرینی دەگێڕا مامۆستاکان لەگەڵ ئەوەی دەستیان دەبرد و دەنکێ شیرینیان هەڵدەگرت، وەکوو پۆلوو سوور هەڵدەکەڕان. خزمەتکارەکانیش پەیتاپەیتا چاییان دەگێڕا، ئیتر لەو حەیس و بەیسەدا کەسێک بەڕیوەبەری قوتابخانەی لەبیر نەمابوو. هەربۆیە باش تێگەیبووم حیسابی خۆم لێکدابۆوە و فکری پاشەڕۆژم کردبوو، خۆشحاڵ لەوەی منیش لە نزیکەوە ئاگام لە هەموو شتێکە. هەروا لەبەرخۆمەوە خەریکی بیرکردنەوە بووم، لەپڕ

لەسەر مێزەکە چاوم بە سێسەد چوارسەد تمەن کەوت. بڕیاری
هەشسەد تمەنیان دابوو.

پیرەژنی داخڵەدارمان جانتای لەگەڵ خۆی نەهێنابوو. هەربۆیە
هەموو هاتنە سەر ئەو ڕایە پووڵەکە لەلای بریکار بمێنێتەوە. «ئێمە و
ئێوەمان لەبەیندا نەماوە و نیشە. هەموومان بڕوامان بە یەکدی
هەیە.» یادداشت و بەیانات و پەنجەمۆر و ژمارە و ئیمزا لە
ئاخریشدا ڕەزامەندی من و ئیتر بەخێر و خۆشی کۆتایی پێهات؛
تازە بۆ بەیانیدا من تێگەیشتم کە جەنابی بریکار ماڵی خۆنەخۆری
دەستکەوتووە و گوللە و دەرمانی بایزئاغا شەق لە کەندەڵانی!
سمێڵی مامۆستاکانی چەور کردووە و خوانێکی بەدڵی خۆیان.

ئەوەڵین کارێکی کە لەدەست من هات ئەوەبوو ڕوونووسی
یادداشتی ئەوشەوەم بەخێرایی ڕەوانەی ئیدارەی پەروەردە و بەشی
دامەزراندن و «تەواو ئیدارەی گشتی و وەزارەتخانەکان» کرد گشت
لایەکم ئاگادار کردەوە. لەگەڵ نهێنی کاری هەموو بەڕیوەبەریەتییەکدا
ئیتر ئەمڕۆ سبەینێمان نەکرد و دارتاشێکمان هێنا و پێمانگوت
لەماوەی دووڕۆژدا درگا بۆ ئاودەستەکان دروست بکا. بەڵام
هەتاکوو حەقدەست و پارەی پێدا کلکی وشتر گەییە عەرزی! هێنامان
لە هەردوو کۆڵانەکەی فێرگەدا خەلف و نەماممان چەقاند؛ تۆڕی
باسکەمان گۆڕی و گەلێک تۆپمان هێنا و هەموو دوانیوەڕۆیەک
تەمرین و ڕاهێنانمان هەبوو؛ خۆمان ئامادە دەکرد بۆ یاری و
پێشبڕکێ لەگەڵ قوتابخانەکانی دیکەدا. ئیتر هەر لەو بێنەوبەرەیەدا

بوو کە ڕاهێنەری وەرزشی لێمان پەیدا بوو، ئەمە بوو بە کاری هەموو ڕۆژێکی، بوو بە کەس بە کەسێک هەر مەپرسە.

بەیانییەک کە چوومە قوتابخانە لە سالۆنەکەدا دەنگ و هەرا دەهات. زرمەوکوتی بەرزکەرەوە قورسایی و مشتەکۆلە و تۆپ و هەڵبەزدابەزی قوتابییەکان دەهات. بەڵێ ئەوە دەنگی خۆئامادەکردنی ئەوان بوو. بریکار چووبوو بایی دووسەد تمەن هالتری کڕیبوو ئیتر هەر ئەو منداڵە ڕیوەڵانە بوون خەریکبوو ڕێسی ملیان دەردەهات و شەلاڵی ئارەقە دەبوون و سوور هەڵدەگەڕان. دەکەوتنە هانکەهانک! چارە چبوو؟ نێوچاوانم لێکنابا، خۆم تووڕە کردبا، کە بۆچی بە بێئیزنی من ئەو کارەیان کردووە؟ جا بۆ وایاندەزانی من سەرم پێوەیە! بۆ مەگەر تایبەت بوو بە (بیتالماڵ)؟ ئەمە ویستی خۆم بوو، ئەوە لە بەرگ و پێڵاو، ئەمەش لە ئەنجوومەنی ماڵ و قوتابخانە! جا بۆ من دەمزانی چی وەردەگرت و چی دەبەخشی؟ چتەخشان و پەخشانێک! تەنیا بەو پارەیەم زانی کە دارتاش وەریگرت. بەڵام بەڕاستی حەسابوومەوە. خۆشیان ئەمەیان دەزانی پارەیەک بوو لە باوکی قوتابییەکانیان سەندبوو. حەتمەنە دەیانزانی گوزەرانی مامۆستاکان چۆنە. گرنگ ئەوەبوو هۆڵی قوتابخانە ڕەنگ و ڕوویەکی بەخۆیەوە گرتبوو لە هیچ کەمتر قوتابییەکان ببوون بە خاوەنی تۆپ و وەزنە و هالتر، لە ئارەقەدا خوساو. بەڵکوو ڕۆژێک دەفەی سنگیان پان ببێت و ئەو نان و پەنیرەی دەیخۆن بتوانن بە باشی هەزمی بکەن! بریکار و مامۆستاکانیش ڕازی بوون چوونکە نە کەس بەخیلی بە کەس دەبرد و نە گلەوبناشتێک لەئارادا بوو. ئەوەندە نەبێ

دەبوو بریکارەکە ئاگادار بکەمەوە لەبیری خزمەتکارەکانیش‌دا بێ و لەبیریان نەکات.

## 15

وردەوردە خۆمان کۆکردەوە ئامادەبووین بۆ ئەزموون و تاقیکاری کۆتایی ساڵ. لە نیوەی یەکەمدا گوێی خۆم لیخەواندن. لەبەر ئەوەی زۆر لەمێژ نەبوو هاتبووم. لەوەترسم هەبوو ببێتە یەکبان و دووهەوا. بەڵان ئێستا بۆ ئەوە نەدەبوو پشتیان تێبکەم و ڕوویان لێوەربگێڕم. دەبوو چاوم بە سەریانەوە بێت بزانم چۆن دەیانخەنە ژێر گوشارەوە، ئێمە دەبوو بە دڵنیاییەوە منداڵەکان بە کارنامەوە بەڕێی ماڵێ بکەینەوە. ئەوان دەبوو بەرهەمی ساڵێک ماندووبوونی خۆیان بەدەستەوە بێت. هەر نەبێ با بزانن لە هیچی نەبوو چی هەڵگرنەوە. هەر بۆیە لە بەرەبەری مانگی ڕەشەمەدا لەگەڵ مامۆستاکاندا کۆبووینەوە و لێژنەیەکی چووکەمان سازکرد. بە بێپێشەکی چیرۆکی یەکێک لە هاوکارە کۆنەکانی خۆمم بۆ گێڕانەوە، کە چۆن هەر جارەی نمرەی بیستی ئەدا بە قوتابییەکانی، ڕۆژودانێک لەرزویاو دایدەگرت. مامۆستای مێژوو بوو لە پۆلی یەک و سێی ناوەندی دەرسی دەگوتەوە، جوان و جحێڵ بوو کۆلێژی تەواو کردبوو بەڵام هێشتا کاڵ و نەکوڵیو بوو، گەشە و نەشەی بە قوتابییەکان نەدەدا. بەیانان کە دەمبینی دەتگوت بە دار لە سەریان داوە، ئیتر هەر زوو دەمزانی ڕۆژێک پێشتر نمرەی بیستی بەخشیوە.

هەڵبەت مامۆستاکان بەم چیرۆکە تۆزێک وەپێکەنین کەوتن تۆزێک چەپڵەیان بۆ لێدام. کەیفم سازبوو. چیرۆکی ئەم مەلایەشم بۆ گێڕانەوە، کە لە دەورانی منداڵیدا دەرسی شەرعی پێدەگوتین لەژێر عەباوە نمرەی دەداینێ بە لەرزەلەرزی دەستی عەباکەی دەجووڵایەوە. هەتا تەواو دەبوو دە دەقیقەی پێدەچوو. ئەویش چەندە؟ بۆ باشترین قوتابی، دوازدە! وەک بڵێی لە ماڵی بابی کەمدەبێتەوە. ئەوجاریش بوو بە پێکەنین. منیش نێوچاوم تێکناو وازمهێنا و هاتمە سەرئەوەی بۆ داڕشتنی پرسیارەکان خەریکی ڕاوێژ و بیر و ڕابین و «منیش بە پانەوە درێخی ناکەم» و لەو فەرمایشت و بابەتانە... وامان بە باش‌زانی لە شەشوومییەکان چەند کەسێک ڕابگرین بۆ ئەزموونی کۆتایی و کارێکی وا بکەین بەڵکوو ڕەتبوونەوەمان کەمتر بێت و ئاواها بیرۆکەیەک... ئیتر لە شەممەی داهاتوودا تاقی‌کاری دەستپێدەکات. لەنیوەی مانگی ڕەشەمەوە. سیٚ‌کەس بە پرسیارەکاندا دەچووینەوە. من و مامۆستای پۆلەکە و بریکار، بۆ ئەوەی زوڵم و غەدرێک لە قوتابییەکان نەکرابیٚ. یان بیٚمووبالاتی. زڕە لە زەنگ هەستا و لەنێو ساڵۆنەکەدا سەف گیرا. لەو ڕۆژەوە ببووین بە خاوەنی هالتر، لەسەر درگاکە نووسرابوو «ئەنجوومەنی وەرزش» شان و ملئەستوورەکان لەو بەشەدا وەخڕبوون و لە سووچێکدا دوومێزی لەکار کەوتوویان دانابوو، پڕبوو لە دەستکردی منداڵاکان و لەولاترەوە هالتریەک بەو مەیدانە خۆی ڕاکێشابوو، دەتگوت قرژاڵە چنگی لە زەوی گیر کردووە. دەستکردی منداڵان بریتیبوو لە دۆڵابی کارتۆن و کاغەزی،

ڕەنگاوڕەنگ مێز و کورسیلەی بچووک، هەر بۆ ئەوە جوان بوون بووکە شووشەیان لەسەر دابنێی، تابلۆی ڕێک و لەبار، لە دار و تەختەی ساف و لووس، برجی ئیفێل، ئەویش هەر دووبستونیو دەبوو یان نا، نووکە سەرەکەی هەر لە کلاوقووچەی مزگەوتی شا، دەچوو. نەخشەی ئێران، جێی شارەکان بە مەتە کوون کرابوو. ئاخۆ« بۆ ئەو وردەشتانە چەندێک مشاری موویيان ورد کردبێ و چنگ و پلی خۆیان بریندار کردبێ و پارەیەکی زۆریشیان خەرج کردبێ. لە تەڕف دایک و بابەوە چەندجار لێیان درابێ!... بۆچی؟ تەنیا بۆ ئەوەی نمرەی باش وەربگرن بۆ کارەکانیان. خۆ تازە ئەمڕۆ وەکوو دەورەی کۆن نییە، ئێستا ئیتر وەرزێرەکانی پەروەردەش باوەڕیان وایە ئەمشتانەی ڕابردوو نابنە نان، ئێستا دەبێ مێشکی قوتابی پڕبێ، بێجگە لە خوێندن فێری کاری دەستی بن و کاتی بێکاری ئەوان پڕ بکاتەوە و خێراتر دەچنە نێو دنیای سەنعەت و شارنشینییەوە؛جا بۆیە گەرەک قوتابی لە فێرگەدا شت فێرببێ، هونەر، فەن، سەنعەت. بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێک لەسووچی قوتابخانەدا جێیان نەبۆوە لە برسان بەلادا نەیەن. دەی چلەوە باشتر دەستکردەکانیان گەشە بە ژیانیان بدات. ئیتر لەسەر کارتۆن و مقەوای کەوش و شیرینی پەک ناکەوێ! بابی منداڵەکانیش ئەمشتانە بۆ عەولادەکانیان دەهێننەوە. کاغەزی گوڵداریش گەلای یەک عەباسی‌یە! چەسپ و سرێش لەویش خۆڕایی بابی‌ترە. وەک پووڵی پێنەدەی وایە! مشاری موویی بە خروار دێتە نێو ولات و بازاڕەوە، وەک دەرزیلەی بەرۆک و کاسەی مەبالی چینی و لوولەی ئاو و شتەفەڕەنگییەکان و هەزاران

وردەشتی دیکە... لە هەر هەزار کەسێک تەنیا نەفەرێک کە بتوانێ دووکانی دارتاشی و (منبت)کاری و دارکۆڵین دابنێ، یان مشاری موویی لەگەڵ مشاری ئاسنبڕی بگۆڕێتەوە و پێچ و مۆرە و هاچەرفەڕانسە، دیسانیش خودا فەڕەنگمان پێبێڵێ، کە ئاوا چاوی بە سەرمانەوە هەیە و ئەو هەموو دەستکردەمان بۆ ڕەوانە دەکا. وردواڵە و دەستفرۆشەکانیش لەژێر ئەم سەیوانەدا پاروە نانێکیان دەست دەکەوێ. منداڵ بە بێنمرە نابێ و دانیشتوانی سەر کەوشەن و ڕۆخی دەریا و ڕەش و سپی لێبێبەش نابێ! بە وەرزش و ئەوانی دیکەشەوە! ئێمە ساڵان وەختێک قوتابی بووین دەرسمان دەخوێند، تەنیا وەرزش و نووسین و ڕاهێنانی خەتیان دەخستە ئەستۆمان و نمرەیان پێدەداین. منداڵی ئەم دەورەیە چەندە بەختەوەرن، حەزیان لە هەرچییەک بێ بەدەستی خۆیان دروستی دەکەن؛ ڕاهێنانی ژیانی شارستانییەتیان هەیە؛ لە هەمووشت خاستر بۆ نەزم و تەرزیان نمرەیان هەیە؛ ئەمەش لە دەستی بەڕیوەبەرەکانی فێرگەدایە، نە دەرسی دەوێ و نە زەحمەت. تەنیا ئەمە بەسە بزانی کامە قوتابی گوێرادێر و گوێلەمستە! «صم بکم» و «لەکێوە فێری ئەقڵ و ئاوەز بوویی؟ لە گەمژە و بێئەدەبان» ئێتر «لەسایەی عززەتی نەفسم لە شاپا مەرحەبا ناکەم» دەی ئەمانە بیری پێشکەوتن نین؟ بۆ قوتابییان بۆ پەروەردە؟ بەتایبەت بۆ بەڕیوەبەرەکانیش. ئەمەش پلە و پایەیەکی دیکەیە بۆ سەربەخۆیی گشت بەڕیوەبەرەکان! کاتێک لەگەڵ ئەوشتانەدا، ڕووبەڕوو دەبوومەوە، دەمزانی چئەرکێکی گرنگم لە ئەستۆیە. لە چەشنی وەزیرێک، لەویش سەرتر لەڕاستیدا بیرم لەوە

نەکردبۆوە، دابنیشی و بە هیچ و خۆڕایی نمرەی ئینزیبات و عال و سالی بدەی بە قوتابی. ئەویش نمرەی نەزم و نیزام، نمرەیەکە هەر وەک نمرەکانیتر. هەر وەک نمرەی عیلم و زانیاری، وەک مێژوو، شەرعیات و حیساب! بیرکاری ئەویش بەو حیسابەی سیٚمانگ لەمەوبەر فلاّن مندالٚ بە توندی لەپشت درگاکەوە لووتی دالووشیوە یان بە ئارامی، یان کاتێک لەگەلٚ بریکار خەریکی قسەکردن بووە و سەری داخستووە یان دایئەخستووە. لێیبگەڕێ با مامۆستاکان لەگەلٚ ئەو مندالاّنە مێشکی خۆیان خراپ بکەن و مێشکی ئەوانیش بکەنە هێلانەی بیر و باوەڕە پووچییەکانی خۆیان، لەوە ناخۆشتریش لە کاتی ئەزموون و تاقیکاریدا تۆیان وەک خەرتەلێک بەسەرخۆیانەوە هەست پێبکەن. ئەوە چییە چوونکە بەڕێزت بەڕیوەبەری؛ تۆش هەروەکوو وەزیرێک درگای ژوورەکە لەسەرخۆت پێوەبدەی حورمەتی هەر قوتابییەک، جا بە هەر سەلیقەیەکەوە بێت بە نمرەیەکەوە دەبەستییەوە و دەستنیشانی دەکەی؛ کارنامە و بڕوانامەی بۆ باب و دایکی بەڕێدەکەیەوە و ئەوانیش بە خۆشحالٚییەوە بە ئەم و ئەوی نیشان دەدەن نەختێکیش لافی پێوە لێدەدەن. بەلٚێ مندالٚی گوێڕایەلٚ هەر ئەوەی باشە، ئەوان سپاس بۆ یەزدان و بەڕێز بەڕیوەبەر نمرەی گوێڕایەلٚی تەواو بیستە! بەلٚێ ئەرکێکی بەرز و پیرۆزت لە ئەستۆیە، وانییە؟

پێشئەوەی ڕۆژی تاقیکاری دەستپێبکا، قوتابییەکانم کۆکردەوە و دەستمکرد بە وتاربێژی، بەلٚکوو تووشی ترس و دلٚەڕاوکێ نەبن. پێمدەگوتن لە مامۆستا و تاقیکاری مەترسن، دەبێ باوەڕتان بە

زەحمەتەکانی خۆتان هەبێ و مامۆستایانی بەڕێز ئەوپەڕی حورمەتیان هەیە بۆ ئێوە، ئاوا فەرمایشتگەلێک... بەڵام کەسێک هەبوو قسەی بە گوێدا بچێ؟ هەر ئەوەندەی لە درگاوە دەهاتنە ژووریێ دەبوو بە پاڵەپەستۆیەک هەر مەپرسە! هەر یەکەوخۆی لە قوژبنێک دەخزاند! دوور لە چاوی تیژی بینەر، کونەمشکیان پێ قەیسەری بوو. هەموو بە ترس و لەرزەوە دەهاتن، جاریێوابوو هەستم دەکرد زۆر لەوەدەچێ ئەم ترسانەیان بەلاوە شیرین بێت! ئەوان لەگەڵ ترس ڕاهاتبوون. زۆر کەمبوون ئەوانەی لەسەر کورسی پێشەوەدا دادەنیشتن، بەدەستی خۆیان کتێبەکەنیان لەولای خۆیانەوە دادەنا. خۆ ئەگەر مامۆستا و بەڕیوەبەریش نەبی هێشتا دەزانی کێ لەگەڵ کێ لە بنەوە خەریکی فێڵ و تەڵەکەیە. کامەیان خۆی لە پەنا ئەوی‌دیکە خزاندووە. یان چاوەچاویەتی. لە بنەوە یارمەتی یەکدیان دەکرد! لەبیری یەکدابوون. هەر یەکەو خۆی بەوی دیکەوە هەڵواسیبوو. دە دەقیقەیەک درەنگتر دەفتەر و کتێبیان لە خۆیان دوور دەخستەوە مەگەر بۆت دەکرا بە تەنیایی ئیمتیحانت لێوەرگرتبان. یەکدووجار ویستم بەسەر یەکیانەوە ڕاوەستم و بزانم خەریکی چییە و چی دەنووسێ. بەڵام بە جۆرێک ترس سواری سەری ببوو بڕستی لێبڕی دەستی کەوتە لەرزین و پێنووسەکەی لەدەست کەوتە خوارێ. لەوانە سەیرتر خەت و دەستنووسەکانن!... لەخۆڕا نییە تەواوی ئیدارەکان منەتی پیتچنەکان هەڵدەگرن. من نازانم دەستنووسی ئەو مامۆستایە چیبوو؟ هەرچەندە خەتایەک لەویش نەبوو، دەکرا بڵێی قەڵەمە خوشنووسە هەرزانەکان لەو بەشەدا

بێخەتانین... خێراخێرا ملیان دەکێشا تاکوو لەودیوی دەستیانەوە چاوەدزێ بکەن؛ خۆیان لەبیر نەدەما چبگا بە نهێنییەکان! زۆرجار وڵامی پرسیارەکانیان دەزانی بەڵام سەریان لێدەشێوا. لەبیریان دەچۆوە، یان لە دوودڵیدا گیریان دەکرد. لەوە سەیر و سەمەرەتر پرسیارەکان چبوون؟- سێ مانگا بە یەکەوە لە ڕۆژدا ئەوەندە کیلۆیان شیر هەیە، یەکەمیان دوو هێندە و دووهەمیان یەکئەوەندە و سێهەمیشیان شتێک لەو زیاتر؛ ڕوونی بکەنەوە هەر یەکەی ڕۆژی چەندێکیان شیر هەیە - یان ئەرک و وەزیفەی عەولاد سەبارەت بە دایک و باب یان - ڕووبارەکانی چین و ئە لەم پرسیار و وڵامانە... ترس و خورپە لەوشتانە! وام لێکدەدایەوە کە ئەو جوامێرانە دەبنە پیاوی دوواڕۆژی ئێمە، ئاوا بەترس و لەرزەوە دێنە سەرکلاسی تاقیکاری و ورەیان دادەبەزێ، وەختێک قوتابخانە و زانکۆیان تەواو کرد لەڕاستیدا مرۆگەلێکی سەیر و سەمەرەیان لێدەردێ. مرۆیەکی تۆقیو و لاواز! دەستەوستان و بێدەسەڵات. مامۆستا زۆر هەست بەمشتانە ناکات لەبەرئەوەی ڕووبەڕووەکەی بە دوژمن دەزانێ. ئەشێ بەڕیوەبەر بی و لەسەر کورسی پەروەردە دابنیشی و بە چاوێکی دیکە سەیری مامۆستا و قوتابی بکەی. ئەویش هەموو ڕۆژێ، هەموو مانگی، ئەگەر مێشکت نەخۆش نەبێ ئەو وەختە دەزانی یەک لاپەڕی دیپلۆم و بڕوانامەی زانکۆ یانی چی! یانی بڕوانامەیەک کە خاوەنەکەی دە پازدە ساڵ ساڵی چوار یان دە کەڕەت لەژێر گوشاری تۆقێنەر و ڕووخێنەردا هێز و ئاوەزیان لەکار دەکەوت و ترس دایدەپۆشین! هەمووشتیان دەبوو بە ترس و ترس.

کاتێک ئەوانەم دەبینی تەنیا ڕۆژێکیش خۆم بۆ ڕانەگیرا. لەبەرئەوەی دڵ و دەروونی منداڵانەم نییە و ناشتوانم بە ترس و دڵەڕاوکێوەوە وەفاداری خۆم سەبارەت بە ئەوان نیشان بدەم. دە ساڵ مامۆستایەتی و نمرەی حەوت و دە و یازدە دڵی کردبوومە دار و بەرد، ناچاربووم سەرەڕای ئەوهەموو نەخشە و پیلانەی لە مێشکمدا بوو، بەشی چاوەدێرێم بەجێهێشت و خۆم لە ژووری پەستاوت... چ دەبێ با ببێ. لە ئاخریدا یەکێ دەیباتەوە و یەکیش ئەیدۆڕێنێ. هەر بۆیە لەسەرێکیشەوە مامۆستاکان ناحەقیان نەبوو. ئەوانیش کاتێک منداڵ بوون و قوتابی ئەوانیش دارکاری کراون. دەی ئەمڕۆ ئەوانیش تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە. ئەگەر شووڵەکانیان شکاندووە و فڕێیان داون، با ئەمڕۆ بە نمرە نەدان بیان تەزێنن.

«قەتارێک هاتووە گەوهەر باریەتی خورشیدی خاوەر سەرقەتاریەتی ئەم قەتارە بە تۆ ناوەستێ ئیتر قوتابخانە و کلاس و تاقیکاری چی! هەر بۆیە تازە دەمزانی ناتوانم بەڕیوەبەری قوتابخانەیەکیش بم.

# 16

دوو ڕۆژی مابوو بۆ جەژن بڕوانامەکان حازر و ئامادە و تەنیا ئیمزای بەڕیوەبەری قوتابخانە مابوو. دووسەد و سیوشەش ئیمزا، نیوەڕۆژێکی کات گەرەک بوو. بەتایبەت ئەو ئەرکە زۆر هاسان نەبوو، کارێکی وەزارەتی و دەستیشم پێی ڕانەهاتبوو. لە تەواوی ڕۆژانی بەڕیوەبەریەتیمدا لە هیچ کەمتر ئیمزام بە دەفتەرێکدا نەهێنابوو. لەپێشئەوەدا، هەمیشە لەبەر ئیمزای دەفتەری حارز و غایب خۆم شاردبۆوە. زۆربەی هاوکار و جیرەخۆر و ئیدارەییەکانم دەبینی لە کاتی بێکاریدا خۆیان بەڕاهێنانی ئیمزاوە سەرقاڵ دەکرد. بەڵکوو فێری ئیمزاکردن ببن. ڕاست و چەپ، هەر چییەک لەبەردەستیان‌دا با، ئیمزایان پێدا دەهێنا. هەر میرزایەکی ئیداریت دەبینی مێزەکەی بەردەستی بە سەدان ئیمزای لێدراوە، میرزا و دەفتەردارەکانیش کەسایەتی ئیداری بە ئیمزاوە دەناسنەوە. دووسێ ددانە و هێڵێکی لار و وێر لە چەپەوە بۆلای ڕاست. بە ژێر ئەودا لەگەڵ ڕێکەوتێکی وردتر لە ددانەکان. لەخواریشەوە خەتی گەورە و خاوێن لەگەڵ بازنەیەکی تۆزێک گەورە، خەتێک بەنێویدا خوار دەبێتەوە و بە نەزمەوە کۆتایی پێدێت. لەڕاستیدا ئەوانە بۆخۆی جۆرێک ڕاهێنانی وەزارەتی بوون. بێجگە لەوانەش خۆمن

بەڕیوەبەرێک بووم و زۆر بە ساکاری دەچوومە قوولایی ئەمشتانەوە. لەپێشئەوانەدا قەت نەمدەتوانی تێبگەم کە بەڕیوەبەرێک یان کارمەندێکی ساکار، چۆن لە ئیدارەجاتییەوە بە وەزیری دەگات. یان بەو ئاواتانەوە دەژێ. هەر نیوە ئیمزایەک پێناسەی کەسێک بوو؛ زمانێکی لووس و لەبار مار لە کوون بێنێتە دەرێ. کاسەلێسی، قییافەگرتن ئەمەش نە هەر بە جۆرێک، دوازدە جۆر. لە چەشنی دەستێک چنگاڵ، هەرکامەی بۆ ئیش و کارێک. یەکیان ماسی پێهەڵبگری و بەویتریش دڕوەکانی هەڵوەژێری... کاروانی بیرۆکەی خۆم هەروا ملی ڕێی گرتبوو، دانەدانە بڕوانامەکانم ئیمزا دەکرد، لەپڕ ناوێکی ئاشنام وەبەرچاو هات. کوڕی جەنابی سەرهەنگ، هەر ئەوکەسەی کردبوومە بەڕیوەبەری ئەنجوومەنی ماڵ و قوتابخانە. شەش کلاسی سەواد هەبوو و جوانچاک و ڕێک و لەبارتر لە مامۆستاکان دەهات و لەبەرئەوەی خۆی بە کوڕە سەرهەنگ دەزانی سەرشانی باوکی دەرەجەی پێوەبوو. لە حەفتەدا یەکدوو ڕۆژ نەدەهات و ئەو ڕۆژانەی دەشهات لە دووای هەموو قوتابییەکان دەهات. ئەو بابی هەمەکارەی ئەنجوومەن بوو، جەنابی بریکاریش زۆری لێنەدەکۆڵییەوە. بە نمرەکانیدا چوومەوە، زۆریش خراپ نەبوو هەر بۆیە دەستم بەسترابوو. نمرەی نەزم و ئینزیباتی جارێک بدەی و لە ئاخری ساڵدا... ئەوەش گرنگ نەبوو. چیم کردبا، تاکوو... زۆر سەیرە! ئەوسا ئەو بیرە هاتە سەرمێشکم لەسەرەتای ساڵەوە هەتاکوو ئێستا بە دووچاو سەیری قوتابییەکانم کردووە. بەڵێ کەوا نان بخۆ! هەرووەک کوڕی ئەم جەنابسەرهەنگە دەرەجەکانی

سەرشانی بابی موحتەبەرن. بۆخوی وازی لە خوێندن نییە.
لەوماوەیەدا ئەوەندەی سەرنجداوە هەرکامەی منداڵی هەژار و دەستکورتە، ژیر و وریاترە و گوێڕادێرتر. بە هەست و ئەلاقەوە دێن و دەڕۆن. ئەوانەش کە لە بنەماڵەیەکی نەختێک تێر و پڕن، خاوەنی مێشکێکی وشک و تەوەزل و گەمژەن ئەوەی ڕاستی بێ بریکار ئەوەندەی گوێی بەمشتانە نەدەدا، بە گوێرەی یاسا، دەجووڵایەوە. لەڕاستیدا هەر خەمی خۆی بوو هیچیتر. با وەکوو بۆ کوڕی سەرهەنگ هەبوو. گوشاری دەخستە سەر یەکیتر و کەچی لەپاش دوو ڕۆژی دیکە بە عەکسەوە. لەڕاستیدا ترس و هیوا هەبوو. هەر بۆیە گەردوونەی قوتابخانە لە سووڕاندابوو. بەڵام من، لەوە دەچوو دەربارەی منداڵەکان زۆر لەوەپێشتر هەموو حیسابێکم کردبێ. باشتر ئەوەبوو هەموو نمرەکان بەدەست من نەبوون. ئەم نمرەیەشیان لەکۆتایی ساڵدا بو. بیستبووم لە فێرگەی نیزامیدا دەورانێک بە گوێرەی قەد و قەلافەت نمرەیان دەدانێ. ئێستا لێرە خۆ ئەگەر هەمووشت بەدەست من بێ، چاو لە سەروەتی بابیان دەکەم و نمرەیان دەدەمێ. سەیرە کە لەوەدابوو بەو کردارە جوانەم گەرەکمبوو نەدارەگان زێدەتر وەدووا بدەم! تازە تێگەیبووم لەباتی یارمەتیدان دەستکورتەکان لەوەزیاتر زەق دەکەمەوە نەک بنەبڕکردن. سەروەتی خەڵکم بەلاوە پیس بوو. وامدەزانی هەر ئەوان بوونەتە هۆی هەژاری ئەو میراو و باخەوان و ڕەنجبەرانە. هەر بۆیە نەفرینم لێیان هەبوو. بەڵام ئاخۆم لە چواچێوەی قوتابخانەدا ئەوە کارێکی باش بوو؟... ئینسانی ژیر وەختێک بزانێ کارێک لە قەوە و

تاقەتیدا نییە دەستی لێنادا، لێرەدا قوتابخانەکەی من ـ ئەو بەشەی بەدەست منەوە بوو ـ حیسێبێکی دیکەی هەبوو. من زۆر باشم لێکنەدابۆوە! ئەوانەی بەر لەمن کار و بارەکەیان بەدەستەوە بوو قوتابخانەیان لە چوارچێوەی جۆگرافی بردبووە دەرێ. لەپاش پێنجشەش مانگ تازە زانیم ئەو بیر و ئەندێشەی لە سەری مندایە توێکڵە نەک کاکڵ. تەنانەت زۆریش منداڵانە بوو. لە دووسێ لاوە بیستبووم بریکار پووڵێکی وەدەست کەتبوو، تازە منیش وەخەبەردێم کە «ئەمەش تاوانێکە دەبێ تۆ بێدەیەوە»! بەڕاستی هەر ئەوانە بوونەتە هۆ بۆ هەڵسووڕانی قوتابخانە. بێدەسەڵاتی لاسارییەکانی ئەوی دادەپۆشی. هەر بۆیە بە گشتی نەمدەتوانی لێی خۆشبم. ئەو کارەکەی دەکرد، کردەبوو. دەشی بڕی و دەشی دووری. لە ژیانیدا هەرکارێکی بکردایە بە ئامانجەوە جێی پەژیوانی نەبوو. چاوپۆشی لە شتەکانیتر دەکرد. هەر بۆیە کردەبوو. منیش نەمدەتوانی.
لەبەرئەوەی بەڕاستی بەڕیوەبەر نەبووم نەشمدەتوانی هەبم. تەواو و بڕایەوە... بڕوانامەی کوڕی سەرهەنگ لەبەردەستمدا بە ئارەقە خووسا زۆر بە شێنەیی وشکم کردەوە و ئیمزایەکم پێدا هێنا، تا بڵێی ناشیانە بوو ئیمزای خزمەتکارەکەم وەبیر هاتەوە. سەیر نەبوو ئەگەر بەڕێز سەرهەنگ بە گژ دار و بەردا بچێ و بڵێ چۆن ئەو نەخوێندەوارەیان بەم خەت و ئیمزا خاوێنەوە کردووە بە بەڕیوەبەری قوتابخانە. خۆ سەرهەنگیش دەیزانی ئیمزای بەڕیوەبەری قوتابخانە بەڕاستی دەبێ ئیمزابێ.

# 17

لەکۆتایی پشووی نەورۆزیدا چوومە سەردانی مامۆستا باریکەی شوڵکەتەڕی پۆلی سێ. بریکار زۆر لەگەڵ ئەو نێوانی خۆش نەبوو لێی لالووت بوو. ناچار لەگەڵ مامۆستای پۆلی پێنج و شەش‌دا قەول و قەرارێکمان دانابوو، ئەویش کەمەکێک تامەزرۆی ئەم قسە و باسانە بوو. هەر بەهۆی ئەویشەوە بوو شوێن و ناونیشانیم دەزانی و ئەو بەند و زیندانەی شەوی تێدا ڕۆژ دەکردەوە. بەدەم ڕێگاوە پێی‌گوتم بەڕیوەبەری پەروەردە گۆڕدراوە، دەنگۆیە یەکێک لە هاوڕێکانی تۆ جێی ئەوی گرتۆتەوە، گوتم:

ـ زۆر سەیرە! لەبەرچی؟ مەگەر ئەو بەڕێوەبەرە خراپ بوو؟

ـ چیتان عەرز بکەم. گۆیا جێی بە دانەیەک لە نوێنەرەکان لێژ کردووە. نەتان‌زانیوە؟

ـ چۆن؟ لە کوێوە من بزانم؟

ـ بەڵێ هەروایە... دەڵێن دووکەس لەوانەی کاری هەڵبژاردن‌یان بۆ دەکرد، لە سندووقی پەروەردە مانگانەیان وەردەگرت؛ شەوی جەژن بەڕیوەبەری پەروەردە پارەکەی لێ‌دەدزن.

ـ زۆر سەیرە! کەوابێ ئەویش ویستوویەتی شتەکان بە چاکی دابەش و ڕێکپێک بکات! بەستەزمانە.

ئیتر باسی ئەوەمان کرد، سپاس بۆ یەزدان کار و باری قوتابخانە ڕێکوپێکە و لەسەرەخۆیە و مامۆستاکان لەگەڵ یەکدا هاوکاری دەکەن و ئەویش بە ئاماژە حاڵی کردم، بریکارەکە زۆر لەجاران زێدەتر سنگی خۆی هێناوەتە پێشێ. تازە تێگەیبووم کە دەبێ مشتەری تایبەت و تازەی بۆ پەیدا بووبێ. هاوکارەکان دەنگیان بەرز کردۆتەوە، دواتر باسەکەم هێنا سەر ژیانی مامۆستای پۆلی سێ بڕیاربوو لە ئەوەڵی بەهاریوە مانگانەکەی بوەستێنن، خوێندنی کۆلێژی زۆر لەمێژ بوو ڕاوەستابوو. بۆم دەرکەوت دایک و بابی لە دێی خۆیان هیچی بۆ نانێرن، لەبەرئەوەی زۆر لەگەڵ یەکدا ئارایان خۆش نییە، هیچ ناوەندێکیش یارمەتی نادا و ئاوڕی لێناداتەوە. شتێکی مەمرەمەژی لە زیندان پێدەدرێ و هیچی دیکە. بەسنییە دووکەڵی نییە و جگەرە ناکێشێ و...

بەردرگای زیندان قەرەباڵغ بوو کڵاو مەخمەری و قیت و قۆزەکان، ناسکە کچانی پوور و خاڵ و ئامۆزا. منداڵ و مەلا و سەید. خۆمان ناونووس کرد و ناوی دایک و باب و ژمارەی پێناسە و شوێنی وەرگرتن و جێگا و ڕێگامان گرتەوە و لەباتی ئەوەی لاقمان ماندووبێ شان و قۆڵمان لەژێر ئەو تۆزە کۆڵ و بارەی هەڵمانگرتبوو سڕ و شەکت بوو. هەتاکوو نۆرەمان گەیشتێ، بە کەیفی خۆیان ئەمدیوو ئەودیویان پێکردین لە هەر داڵان و بەردرگای ژوورێکدا بەوردی دەستیان کرد بە پشکنینمان. دووای ئەوەی باش دۆزییانین لەپشت محەجەرەکانەوە چاومان کەوت بەچاوی مامۆستای پۆلی سێ و... زۆر سەیر تێکسمڕابوو! مرۆیەکی بە

قەڵافەت و چوارشانە، لەپڕ کەوتمەوە بیری مامۆستای پۆلی چوار، جارێ بە گەچ مۆمییایی کرابوو. هەردوولا چاو و دڵمان ڕوونبۆوە. لە حاڵ و ئەحواڵی یەکدیمان پرسی. پاسەوانەکە هات و ئەو کەلوپەلەی پێمانبوو لێیوەرگرتین و بردی و لەگەڵ ڕێز و سپاسدا؛ ئیتر چی بڵێم؟ بڵێم ئەو بەزمە چییە بۆ خۆتت سازکردووە؟ لەوەدەچوو ئەوێ بۆ ئەو زۆر لە دەس و مەدرەسە خۆشتر بێ ڕەنگی دەستیشی هاتبۆوە سەرجێی خۆی، دیاربوو لە مەچەکییەوە بۆ سەرێ برینپێچ کرابوو. بەڵام بە کەیف و لەزۆق. بیر و باوەڕێکی تایبەت بەخۆی هەبوو. دوور لە هەموو گرفتەکان! زیندان بۆ ئەو هەروەک قوتابخانەیەک وابوو. ئاخرییەکەی پرسیم:

ـ پەروەندەیان بۆ دروست کردووی یان هێشتا لێیان نەپرسیوی؟

ـ ئیمتیحانی خۆم داوە، بەڕێز زۆریش خراپ نەبوو.

ـ یانی چی؟

ـ یانی ئەرکم لە ئەستۆیە و بێکاریش نیم، ناویشم چۆتە نێو بەشی جیرەی بەندییەکانەوە. دڵنیام لەوەی گرفتەکان لە کۆڵم بوونەتەوە.

لەوەزیاتر بڵێم چی؟ هیچم بۆ گوتن پێنەبوو. ماڵئاوایم کرد و لەگەڵ مامۆستای بیرکاریدا بەجێمهێشتن، هاتمە دەرێ هەتاکوو کاتی دیدار و چاوپێکەوتن کۆتایی هات لەبەر درگای زیندان ملم نا لە پیاسەکردن و بیرم لەو زیندانە کردەوە بەدەستی خۆم بۆ خۆمم سازکردبوو. ئەویش ئەو پیاوە دارا و دەوڵەمەندەی دۆستی فەرهەنگ و پەروەردە دروستی کردبوو. منیش بە ئارەزووی خۆم ئەو ژیانەم بۆ خۆم هەڵبژاردبوو. یانی خۆم لەو زەلکاوەدا نوقم کردبوو

ئەویشیان بە زەبری گۆپاڵ هێنابووە ئێرە. لە ناچاریدا ملی داخستبوو، سەری بەردابۆوە. بەڵام من بە دڵی خۆم چووبووم، بڵێم چی؟ خۆ ئەگەر بەڕاستی بەڕیوەبەری پەروەردە لە هاوڕێیانی ڕۆژانی قوتابخانە و لاوەتی خۆم بێ، چۆنە بچمە لای، لێی بپاڕێمەوە بریکارەکە لەجێی من دابنێ یان هەر ئەو مامۆستای حیساب و یەک و دوو سێیە؟... لەو فکرانەدا بووم مامۆستای بیرکاری هاتە دەرێ و وەڕێکەوتین. لەگەڵ ئەویشدا قسەیەکمان بۆ کردن پێنەبوو. بە ئانیشکی شەقامەکەدا خوداحافیزیم لێکرد و سواری تاکسی بووم یەکڕاست بۆ ئیدارەی پەروەردە.

هەرچەندە دەی خاکەلێوە بوو بەڵام جارێ هاتوچۆی ساڵی تازە تەواو نەببوو. بێنەوبەرە و شیرینی و چایی و دیاری گۆڕینەوە بوو. ساڵی نوێ و بەڕیوەبەری تازە و «قران سعدین»! چوومە ژوورەوە. سڵاو و پیرۆزبایی و تەعاروفاتم تەواو کرد. بە هەڵەدا نەچووبووم. یەکێکبوو لەو حەپۆل و دەبەنگانەی پۆلەکەمان. لە کۆتایی ساڵی سێدا ئەوەندەی گووشارم بۆ هێنا، هەتا چوارینەیەک لە «لامیە لعرب» فێر ببێ و لەبەر وەیخوێنێ ئێستاش کە ئێستایە بەسەر هەڵدێری مێشکییەوە گیرنەبوو. تێگەیشتم کە هیچیش لەو قران سعدینەی منیش حاڵی نەبووە. کەچی هەموو حافزێکی سواڵکەر تێیدەگا. ئێستاش خودا کارێکی کردووە ئەو بەڕیوەبەری پەروەردەیە و منیش بەڕیوەبەرێکی ڕووت و قووت. بەڕاستی حەیف و خەسار بۆ من، ئەگەرکوو وەزیری ئاواها بەڕیوەبەری پەروەدەیەک بم!

مێزەکە هەروا بێگەرد و خاوێن بوو هەروەکوو ژووری بووک و زاوا. بەڵام تەپڵەک قەلاچن لە خۆڵەمێش و قنچکە جگەرە. بەڕێزیشی جگەرەی بەدەستەوە بوو. قرچەپێ لەبەرم هەستا و بەربووینە ماچ و مووچ لە پەنا خۆیدا جێی بۆ کردمەوە. لە هەر چوارلاوە جێرەخۆرەکانی پەروەردە و «پیرۆزبایی» دۆستانە و پەسن و «پێداهەڵگوتنی پاشەملە» و «خۆشی خۆشی لە ڕادەبەدەر» و تیر و توانج و لاتاو و خۆ شیرینکردن و دووکەس لەوانە زل و زەلام کە هەر بۆ ئەوە دەبوون لە چاڵی زۆرخانەدا بن یان لەبەردەم سندووقی هەڵبژاردندا شیرینی بە خەڵکدا بگێڕن. «نەکا هەر ئەو دووکەسە بن وا بەڕیوەبەری پەروەردەیان گۆڕێوە؟...» لەوانەبوو شیرینیەکە بخەمەوە سەر کەشەفەکە. لەدڵی خۆمدا گوتم کارێکی زۆر گەوجانەیە. جگەرەکەم تەواوبوو چوومە بنگوێیەوە لەمەڕ بەڕیوەبەری پێشووی پەروەردەوە و ئەو دووکەسەوە پرسیم، هیچی نەگوت. تەماشایەکی کردم. پاڕانەوەی لێدەچۆڕا، منیش ئەو هەل و دەرفەتەم بۆ رەخسا تۆزێک ژیانی مامۆستای پۆلی سێی بۆ بخەمە ڕوو. داوای لێبکەم هەتا ئەوجێیەی بۆی دەکرێ نانبڕی نەکات.

کاتێک لە درگا دوور کەوتمەوە تازە وەبیرم هاتەوە کە بۆ کارێکی دیکە چووبووم و سەرودڵی بەڕیوەبەری پەروەردەم گرتبوو.

# 18

سەر لەنوێ ئابڕوو چوونێکیتر سەری هەڵدا. هەرچەندە مانگی خاکەلێوە بە خۆشییەوە تێپەڕبوو. سەرەتای بانەمەڕی هەتاوی و تەپڵی رسوابوون دەنگی لە دیواری قوتابخانەوە سەرکەوت. بەرەبەری تەواوبوونی کاتی ئیداری جووتێک ژن و مێرد، و منداڵەکەیان لەنێوان خۆیاندا گرتبوو، وەژوور کەوتن، یەکیان تووڕە و ئەویدی ڕەنگپەڕیو و منداڵەکەشیان هەر لە بووکەشووشەی قورمیشی دەچوو. سڵاویان کرد و لەولاوە دانیشتن. ئەی هاوار بە ماڵم! ئەوجار چی ڕوویداوە؟ وەختبوو زراوم بچێ! دڵم کەوتە تەپوکوت، بڵێی چی قەومابێ. هیچ تاقەت و حەوسەلەم نییە.

- چۆنبوو لەگەڵ خانمدا تەشریفتان هێنا و سەربەرزتان کردم؟

پیاوەکە بە چاو ژنەی حاڵی کرد. دەستی منداڵەی گرت و ئەوان چووە دەرێ و من مامەوە و کابرا دوو بە دوو دانیشتین. لەبەر تووڕەیی قسەی بۆ نەدەهات و ئاور لەنێوچاوانی دەباری، منیش پۆلێک پرسیاری هاروهاج وروژابوونە سەر مێشکم. بەڵام بێدەنگ خۆم ماتکرد. گەرەکیبوو تووڕەبوونەکەی لەوەزیاتر بڵێسە بستێنێ. زۆر چاکم گیر کردبوو! پاکەتە جگەرەکەم دەرهێنا و بۆم ڕاگرت. وەک ئەوەی مێشێکی بزۆز لەخۆی دوور بخاتەوە جگەرەکەی بە

ڕوومدا دایەوە. لەوکاتەدا جگەرەکەی خۆم دادەگیرساند بیرم کردەوە، دەبێ دەردێکی هەبێ وا بە ژن و منداڵەوە خۆی گەیاندۆتە ئێرە. لەوانەیە شتێکی سەیر ڕوویدابێ و ژن و منداڵی لێ دەنگداوم. دیسان پرسیم:

- پێم ناڵێن چکارێکتان بە من هەیە؟

وەکوو بورکان تەقی: - ئەگەر من لەباتی تۆ بەڕیوەبەری قوتابخانە بام، ئاوا ڕووداوێک ڕوویدابا زگی خۆمم دەدڕی! نامری داناڕزی، سەرت بەر بدەوە پیاو! بڕۆ لاگری بکە و دەست لەکار بکێشەوە. هەتا خەڵکی گەڕەکت بەسەردا نەڕژاوە و بە شەق نەیانکوشتووی، کلکت لە گەڵۆز بنێ و بۆی دەربازبە! منداڵی خەڵکی دێنە ئێرە فێری سەواد بن فێری ڕەفتاری چاک بن، نەهاتوون بۆ ئەوەی...

- ئەوە چییە کاکە هیچ ئاگات لەخۆت هەیە دەڵێی چی قسەی دڵت بۆ وەدەر ناخەی؟

بۆی هەستام لە درگاوە بیخەمە دەرێ. بەڵان دەبوو بزانم چیدەوێ. ناپیاو لە ژوورەکەی خۆمدا لە «دەوام و جێبەجیکردنی ئەرکەکەمدا» پڕجنێوی کردم. ناحەزیکردن بە بەڕیوەبەری فێرگە. لەبیری چووبوو چارەنووسی منداڵەکەی بە ماوەی ساڵێک لەدەست مندایە. ئەو زەبەلاحانە دەکەن بەژێر سەیارەوە و تێکی دەشکێنن، کەسیش نییە قامک بکا بە چاوی کەسدا لەوە دەچێ ئەم خوێڕییە بەخۆڕایی دەمی لێهەڵنەکردبێتم! لەخۆڕا سەگ بە حەوشەم پێناکات. بە خۆڕایی لە منی هەڵپێچاوە؟ دیقی پێکردم، بڵێی چیبووە؟

ـ ئابڕوی من چووە، حەیای چەندساڵەی بنەماڵەکەم پێخوست بوو. ئەگەر درگای قوتابخانەکەتانم گاڵە نەدا کوڕی پیاو نەبم بیژوو بم، ئەمن ئێستا چی لەو منداڵە بکەم؟ ئابڕو و حەیای خەڵک لەو قوتابخانەیەدا بە بادا چووە. پۆلیس و کەلانتەری زانیویەتی دوکتووری یاسا، پێیزانیوە، باوەشێکیان پەروەندە ساز کردووە. ئێستا تۆ بەمن دەڵێی هاتووی چیتدەوێ؟ هاتووم پێت بڵێم ئەو کورسییە ئەو مقامە لە سەری تۆ زیادییە، هاتووم پێت بڵێم کە دەبێ بدرێی بە دادگا و محاکەمەت بکەن نان و دۆت ببڕن...

هەر ئەو دیگوت و من دەمگوت. لە شەڕەسەگ خرابتر بوو، کەس لێمان تێنەدەگەیشت. لەناکاو درگا کرایەوە و بریکار وەژوور کەوت و بەدەنگ و هاوارمەوە هات. ئەگەرکوو نەختێکیدی درەنگتر وەژوور کەوتبا، دڵنیام منی بە زیندوویی نەدەدی. لە کەلاکێک زیاتر، لە کاتی شەڕەجوێنی من و بابی منداڵەکەدا، ژنە لەگەڵ منداڵەکە خۆ دەگەیەنن بە بریکار و پێیدەڵێن مەسەلە چییە. ئەویش هەر دەستەوبەجێ تاوانباری سەرەکی لە پۆلەکە دێنێتە دەرێ... گوتی چۆنە زەنگ لێدەین و لە پێش چاوی هەموو منداڵەکان تەمبێی بکەین و ئەو کارەشمان کرد. ئەمجارە خۆم چوومە پێشێ. کوڕێژگەیەکی ملئەستووری خەرتەل، لە پۆلی پێنجدا دەیخوێند. بە جلوبەرگێکی خاوێن و پۆشتەو بەرداخ، دەم و ڕوومەتی گۆشتن و سوور و سپی، لوویەک لەسەر ڕوومەتی ڕاستی زۆر باشتر لە ئەو بووکەشووشە قورمیشییە، هەر بۆ ئەوە دەشیا ئەو لەژێرەوە بێت. قەت چاوەڕوانی ئەوە نەبوو لە گوڵ کاڵتری پێبڵێن. لەبەرچاوی قوتابییەکان

دەستمکرد بە لێدانی و دامە بەر مست و شەپلاخە، خزمەتکارە تازەکەش سێ‌چوار شووڵکی لە باخەکەی هاوسامان بڕیبوو ئەوانیشم لە سەر و گوێلاکیدا شکاند. دنیا لەپێش چاوم تاریک ببوو خۆ ئەگەر ئەو شووڵکە تەڕانەیان بۆ نەهێنابام لەوانەبوو بە مست و پێلاقە بیکوژم. لە شانسی خۆی بریکار وەفریای کەوت لەژێر دەستمدا ڕزگاری کرد و دووری خستەوە بۆ ژووری نووسینگە.
قوتابییەکانیان ڕەوانەی ماڵێ کردەوە و منیش گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم شل و کوت خۆمدا بەسەر کورسییەکەدا. نە باوکی لەوێ مابوو نە دایکی و نە منداڵە سیس و پیسەکەش. کەوا پاشەڵی عەیب‌دار بوو. بیرم کردەوە کە دەبوو ئەویشم بەدڵی خۆم دارکاری کردبا ئازای ئەندامم کەوتبووە سەر ئارەقە و تامی دەمم تاڵ و ناخۆش بوو. ئەو جنێوانەی کە دەبوو حەواڵەی ئەو گەمژەپیاوەم کردبا و داخی دڵی خۆم پێشاندابا، لەسەر دڵم گریمانەی کرد و تامەکەشی لە دەممدا بوو بە قوزەڵقورت. «ئاخە لەبەرچی ئەو بەزمەت تووشی من کرد، ئەم ژاراوە دەکەی بە گەروومدا؟ سەگە هارت لە منداڵی خەڵکی بەرداوە!» ئەرێ بۆچی لێمدا؟ لەبەرچی نەمدا دەست بریکارەکەم با ئەو تەمبێی کردبا، ئەو لە من هێورتر و ئارامترە. من چمداوە لە ئابڕو و حەیای خەڵکی؛ منداڵی خەڵک بە من چی؟ جا بۆ منیان کردۆتە کێشکچی و نگابانی قوونی منداڵان! ئەوەیە ئەرکی من و بەڕیوەبەری قوتابخانە؟ قوتابخانەیەک لەو چۆڵگە و بیاوانەدا، وەرزی بەهارە و میزیش کەف دەکات، تاوانی تۆ چییە؟ تۆش نەبی گەمژە و دەبەنگێکی‌تر ئەم ئەرکە وەئەستۆ دەگرێ. لەوانەیە کوڕێژگە نەتوانێ لەگەڵ کچە مامەکەشیدا

یاری بکات.دوور نییە لە بنەماڵەی ئەواندا کچەکان لە دوازدە ساڵیدا تێکەڵ بە کوڕان نەبن لە یەکدی سڵ بکەن. «پێتوایە بەم لێدان و دارکاریکردنە ئازارێک کەمدەکەیەوە؟ گرفتێک چارەسەر دەکەی؟! ئاخە لەبەرچی ئەو هەموو لێدانەت لێدا؟ بەتۆ چی؟ ئەم لێدانەکەی بۆ ئەو منداڵە دەبوو!؟ خۆ زۆری نەمابوو بیکوژی!... منداڵی خەڵکت عەیبدار نەکردبێ باشە...» لەپڕ بیرم کردەوە بچم بزانم ماوە یان مردووە! هەستام و بانگی یەکێ لە خزمەتکارەکانم کرد. زانیم کە بەڕێی ماڵییان کردۆتەوە. ئاوی هێنا و دەست و دەموچاوم شوشت، حەولم دەدا چاوی بە لەرزینی دەستەکانم نەکەوێ. بە ورتەورت حاڵی کردم ئەوە منداڵی بەڕیوەبەری شەریکەی پاسی شارییە زۆر خراپ دارکاری کراوە. ئەوانیش زۆریان خۆ پێوە ماندوو کردووە و دەست و چاویان بۆ شۆردۆتەوە و دەم و لووتیان خاوێن کردۆتەوە و بەڕێی ماڵییان کردووە. زۆریش خزمەت و ماستاوکەری... گێژ و نەفام! خۆی وا نیشان دەدا کە ئارام و هێورم بکاتەوە. نەیدەزانی لەپێشدا بیرم لە هەمووشت کردۆتەوە و دواتر وەک سەگی هار پەلامارم داوە، هەڵەم نەکردووە ئەوەی من لێمداوە حەقی خوی بووە. ئەو فرە نازپەروەردە بوو، وەک زەڕنەقووتە هەر بە دەمیاندا کردبوو. بەو لێدانەی من بە مەن گۆشتی دانابوو! لاموایە ئەوە یەکەمجار بوو ئە بەمچەشنە بیراز کرابێ، «لە بەشەر نەبوو، حەپۆل، ئەگەر ڕەگی پشتت هەستاوە بۆچی نارۆی ملی خۆت بشکێنی وەک ئەوانیتر خۆت ئاسوودە بکەی. بۆ دەبێ پاتۆڵی منداڵی خەڵکی داکەنی. بۆ دەبێ کار بگاتە جێیەک ئەمنیە و ئاژان و دوکتووری یاسایی بزانێ؟

لەکوێ؟ لە قوتابخانەیەک کە من بەڕیوەبەر بم.» سەیر نییە ئەوشتە لە زۆرِ شوێنی دیکەش ڕوویدابێ، بەڵام وەک ئێرە گەورەی نەکەنەوە و دیزە بە دەرخۆنەی بکەن. نە وەکوو ئەو دایک و باوکە شێت و نەفامە، بەدەمی خۆیان بانگەواز دەکەن و خەڵک بەسەر خۆیاندا دەڕژێنن ئابڕووی ئێمە و خۆشیان برد! ئەمە چئەقڵێکە مرۆ پاتۆڵی منداڵی خۆی دابکەنی و بە قەولی خۆیان حەیا و نامووسییان بە بەرچاوی خەڵکەوە بەرنە بەردەستی ئاژان و پزیشکی یاسا! گەرەکیانە چی ڕوون بێتەوە، پەروەندە بۆچی ساز بکەن؟ بۆچی و بۆ کێ؟ بۆ ئەوەی نان و دۆی بەڕیوەبەری قوتابخانە ببڕن؟ ئەمە پێویستی بە پەروەندەی نامووسی نییە. داس و چەکوشێک بەسە لەژێر یەکێ لە وێنەکانی گۆڕی هەخامەنەشیدا قورِ بەسەرتان بۆ فام و ئاوەزتان! دایک و بابی ئاوا نەفام و کێوی! هەر منداڵی کوونی و دز و درۆزنیان دەبێ. دەبوو بەر لە منداڵەکان ئەو دایک و باوکانە بێنە قوتابخانە و فێرگەکان. حەزم دەکرد ئەو کابرا دەمشڕەم بە شەق بهێنابا و بردبا... بەم خەیاڵانەوە گەیشتمەوەماڵێ.

لەگەڵ کرانەوەی درگاکەدا خێزانم کەوتە دڵەکوتە و واقی وڕما، چاوی لێ زەقبوو! هەتاکوو هەست بە مەترسی و هەواڵێکی ناخۆش دەکا، یان کتوپڕ چاوی بەنێوچاوانی تووڕەی من دەکەوێ، ئیتر ڕۆحی دەڕوا و لەجێی خۆی وشک دەبێ! بۆ ئەوەی وانەزانێ کەسێکم بەدەستچووە، دەستەوبەجێ ئەوەی ڕوویدابوو لە نووکەوە بۆم گێڕاوە. سەری سووڕمابوو. کڕوکپ بوو. منیش ئاوی سارد، ئارەقی جاترە و گژوگیا، جگەرە بە شوێن جگەرەدا، هیچشتێ

ئارامی نەدەکردمەوە. پارووەکەم بۆ قوتنەدەدرا، هێشتا دەستەکانم دەلەرزین. هەر دەستەی بەقەت مانگێک کاریان کردبوو، ماندوو بوون. چوارەم جگەرەم ئاگردا و دەستم پێکرد:

ـ ژنەکە؟ دەمەوێ ئەمەت پێبڵێم، بابی ئەم هەتیوە دارا و دەوڵەمەندە بێگومان کار دەگاتە شکایەت و دادگا، بەڕیوەبەری وەک بەفری پار تاو دەیبا. بەڵام بەدڵ خەز دەکەم کێشەکە بگاتە دادگا. ماوەی ساڵێکە دەرد و وەرهەممم کۆکردۆتەوە. ئیتر ماندووبووم. زۆرم پێخۆشە کەسێک هەبێ و لێمبپرسێ بۆچی ئاوا منداڵی خەڵکت دارکاری کردووە، لەبەرچی بە شووڵ دارکاریت کرد بۆ بە مست و شەق لێتداوە؟! بەڕیوەبەری قوتابخانەش شتی لە دڵدایە، قسەی پێیە و دەتوانێ وڵامی خۆی بداتەوە...، ئەوەندەم نەزانی هەستا و چووە پەنا تەلەفوونەکە زەنگی بۆ ئەو دۆستانەم لێدا لە بەشەکانی دادگادا ئیشیان دەکرد. خۆم لەو باسە و لە کێشەکە ئاگادارم کردنەوە. پێم ڕاگەیاندن هەرکات کار گەیی بە دادگا، هۆشیان پێمەوە بێت.

بەیانی دوا ڕۆژ نێرە کوڕەی سەرەوە نەهاتبۆوە قوتابخانە، بریکارەکەم ئاوا شتەکەی بۆ گێڕامەوە: هەردووکیان دەچنەوە ماڵی مێوەکوڕی ژێرەوە بە بیانووی بینینی تەمبری پۆستەوە، کوڕی سەرەوە کاری خۆی لەگەڵ دەکا، گریان و هاواری خەڵکیان لێ ئاگادار دەکاتەوە، دایک و بابی پێدەزانن، شەوێ مەسەلەکە بە ئیدارەی کەلانتەری ڕادەگەیەنن؛ خەبەرەکە بەنێو خەڵکی گەڕەکدا بڵاو دەبێتەوە. ئەویش هەر ئەو بۆچوونەی منی هەبوو دەبێ کارەکە بگاتە دادگا. منیش حەفتەیەک چاوەڕوان مامەوە. نامەی دادگام بۆ بێت و

قۆڵبەستم بکەن بەیانی تاکوو عەسرێکی درەنگ هەروەک «بختالنصر» لەپشت پەنچەرەوە چاوەڕوان بوو.

بەڵام لەوماوەیەدا نە کوڕێژگەی سەرەوە دەنگی هەبوو نە بووکەشووشەی بنەوە. نە هەواڵک لە دایک و بابی ناموسپەرست و نە بەڕیوەبەری ئیدارەی پاسی شاری. هەروەکوو هیچ ڕووینەدابێ منداڵەکان دەهاتن دەچوون؛ پەلەی ئاوخواردنەوەیان بوو، پەیتاپەیتا دەکەوتن و ڕاست دەبوونەوە. لەباتی یاریکردن ملیان نابوو لە شەڕە شەق. مامۆستاکانیش ئەم سێچوار دەقیقە درەنگهاتنەیان هەر تەرک نەکرد. بریکار بەو گوڕە گوڕەوە هەروەک بیزمارک دەهات و دەچوو. ئەرکەکانی جێبەجی دەکرد و تێکی دەدایەوە. تەنیا من مابوومەوە و دنیایەک قسە و چاوەڕوانی. هەتاکوو ئەوەی چاوەڕێی بووم لە درگای دا!... نامەی بەدوادا ناردنم کات و ساتی چوونم بۆ ئەوێ و فلان بەش لە دادگا و فیسارە قازی. ئەمجارە بەخت بەپیرمە هات و کەسێک پەیدابوو گوێ بۆ قسەکانم ڕابگرێ.

19

دوو ڕۆژم ماوە هەبوو بە دەنگ نامەکەوە بچم، لە ماڵێ نەچوومە دەرێ. ئەوەی لەدڵ و مێشکمدا بوو هێنامە سەر کاغەز. شتیوام نووسیبوو دەستی وەزیری پەروەردەم لەپشتەوە بەستبوو. وەک ئەوکەسانەی بەرنامەی چەندساڵە دادەڕێژن بە بێئەملا و ئەولا، لەکاتی خۆیدا خۆمگەیاندە دادگا، فلانە ژوور، فیسارە دادوەر، سڵاوم کرد و بەرلەوەی خۆم بناسێنم و نامەی دادگا بنێمە بەردەستی، ئەو پێشدەستی کرد و کورسی بۆ هێنامە پێشێ و دەستووری دا چایی بێنن، «پێویست بە هیچ قسە و باسێک ناکا، مێشکی خۆتی پێوە ماندوو مەکە و لەدڵی خۆتی دەرباوێ! هەرچی بوو تەواوبوو. نەدەبوو خۆت زەحمەت بدەی...» ئارەقەیەکی سارد وەسەر لەشم کشا، چایەکەم هەڵقوڕاند و لەسەر کاغەزە مۆرکراوەکانی مەحکەمە. داواکاری دەستلەکارکێشانەوەم نووسی و ئیمزام کرد. بەناوی هاوپۆلی زیرەک و زانام کە تازە ببوو بە بەڕیوەبەری ئیدارەی پەروەردە. لەبەر دادگاکەدا پۆستم کرد.

**فەرهەنگۆک**

ئارتیست: سینەماکار، ئەکتەر.

ئاکادێمی: شوێنی کۆبوونەوەی فێربوونی زانستی.

ئاخوند: مەلای شیعان، مەلا.

ئەکلیل: تاج، ئەفسەر، مادەی ڕەنگی لە شێوەکارێدا و...

ئیسفاڵت: Asphalt، ئاسفاڵت، قیلڕێژی جادە و شەقام.

بەردەخەڵووز: مادەیەکی ڕەش و بریقەدار کە بۆ کورەی ئاسنگەری بە کار دێ، ڕەژی داری...

بێنز: Car، ماشێن، ترومبیل.

بیراز: کوتانەوەی بەردەئاش.

پلیکان: قادرمە، نەردیوان.

پیتاک: باج و خەراجی دەوڵەت، باربوو.

پووشوو: گیای وشک، هەرچی زوو ئاگر بگرێ.

پێنجووم: پێنجەم، کلاس پێنج.

تاوێر: لێرەدا بەمانای بەردەئاشە، بەردێک بەشێوەی بازنەیی.

تایپ: پیت‌چنین.

تەمبێ: دارکاری‌کردنی منداڵ.

تەسادوف: پێکدادران، کەوتنە ژێر ماشێن.

تۆشە: غوڕابی، بیسکویت. ئەوەی لە ئارد و شەکر و ڕۆن ساز بکرێ.

تەخشان و پەخشان: بڵاوکردنەوە، بێرەوبەوێدان.

تەشریفات: ڕێزگرتن، پێڕاگەیشتن.

جەڕیدا: تووندبوون، بەستنی ئاو بە سەرما.

جگەرەی شنۆ: جۆرێک جگەرەی ئۆشنۆی کەمبایی لە ئێران.

چەرموو: ڕەنگی سپی، ریش چەرموو.

چلتیکە: هەرشتێک ڕەنگاوڕەنگ بدرێتە دەمیەک.

حەواڵە: ناردن، بەڕێکردن.

حەرەمسەرا: ژووری ژنان.

حازر و بزر: ئەوەی لەبەردەستدا بێ.

خەزانە: شوێنی پووڵدانان، خەزێنە و شتی بەنرخ.

حاکەلێوە: یەکەم مانگی بەهار.

خروار: سێسەد کیلۆ، کێش.

خلاس: تەواو، کۆتایی.

خەرەفاو: هوشبڕاو، پیری بێهۆش.

خێرۆمەند: دڵاوا، بەدەست و دڵ.

دانا: زانا، ژیر، ئاقڵدار.

داشقە: ئارەبانە، عەڕابەی چووکە.

دەواب: باخچەی ئەژەڵان، باڕازی ڕەشەوڵاخ و مەڕ و بزن.

دەلیل: بەڵگە.

دوڵپا: دێوێ چیرۆک و ئەوسانە.

دەرز: دەرس، وانە

دوورەپەرێز: خۆدوورگر، لاپەڕ.

دیکتە: ئیملا، ئەوەی بە بێکتێب بنووسرێ.

دیو: ژوور، هۆدە، وەتاخ.

ڕایەک: جارێک.

رەسید: گەیشتن، وەرگرتن، پسوولە، هاتن، نامەکەت هات، (رەسید)
رفتار: ئاکار، هەڵسوکەوت، رفتاری جوانە.
ڕۆشن: ڕووناک، مەعلووم، دژی تاریک.
ریاست: بەڕیوەبەر، رەئیس، ئەمیر دەستووری داوە.
رەشتی: خەڵکی رەشت و گێلان. لە نزیک مازەندەران.
روکن: ئەرگان.
ژێرسیگار: تەپڵەک.
سابقە: لەمێژینە، لەو کارەدا سابیقەی هەیە.
سەرایەدار: نیگابان و خزمەتکار ئیداری.
سێوەبەنعەرزیلە: پەتاتە، هێرەڵماسی.
سەنگەک: ئەو نانەی لەسەر خێز و وردەبەرد ببرژێ. چاریوایە لە یەکمتر درێژترە.
سیوشکە: سیپەلاک.
سمیت: سیمان، کۆنکرێت، چیمەنتۆ.
شاهی: پارەی کەمنرخ، کەمتر لە ریاڵ لە کۆندا.
شێر و خورشید: مانگی سوور، هلال احمر، ئیدارەیەکی تەندروستی لە ئێرانی شاهەنشاهیدا.
شێلاقە: مزراق، جۆرێ باڵندە.
شیروانی: هەورەبان، خانوو و قوتابخانەی بە تەنەکە سەرگیراو و سێگوشە.
عەڕش: تەختی خودا، عەڕش و قوڕش.
عەوام: خەڵکی رەشۆکی.

عەباسی: پارەی ئیرانی لە کۆندا.

عەولاد: منداڵ، بەچکەی بنیادەم.

قاووقیل: قیژە و هەرا، بگرە و بەردە.

قەرار: شەرت، بڕیار، پەیمان.

قابووس‌نامە: کتێبی «عنصر المعالی کیکاوس بن وشمگیر»

قانوون: یاسا

قڕان: ریاڵ، لە تمەن نرخی هەرزانترە، ریاڵی ئیرانی.

قڕنوو: ئەو جانەوەرەی بەنێوڕانی ئاژەڵەوە دەنووسێ.

قورمیش: قورمیش‌کردنی سەعات، بادانی زەمبەلەک.

قورم: خەستبوونەوەی دوولەڵ لە بن‌میچدا.

کلاس: پۆل، پۆلی فێرگە.

کاردەستی: ئەوشتەی بەدەست سازبکرێ، دەستکردی منداڵان.

کەشەو: درگای دۆڵاب و مێز، بەشێوەی ئاسۆیی بێت و بچێ.

کارتۆن: مقەوا، کاغەزی ئەستوور.

کەڵەکەبڕین: پاڵپێوەنان، خۆ بەسەریەکدا خستن.

گاڵتەجار: تیز پێکردن.

گەپ‌پێدان: تیتاڵی پێکردن، ناحەزی، زمان‌شڕی

گەمژە: گێلۆکە، حەپۆلە.

گۆج: پەنجە و دەستخوار، پەنجەکۆڵ.

گۆل: حەڵقە حەڵقەی تۆڕ، گۆلی رەشکە، گۆلی تۆڕی دەروازەی تۆپێن و باسکە.

لازم: پێویست.

لەون: جۆر، ڕەنگ، ملەوەن.

لیسانس: Licence، بڕوانامەی زانکۆ، کارناسی.

مرابحە: سوود و قازانجپێدان.

مشارموویی: مشاری موویی لە دارتاشیدا بەکاردێ.

مەرزەم: ڕازیبوون، پێملبوون.

کحەجرە: نەردە.

مەتە: بزماری پێچپێچ بۆ کونکردن.

مفەتیش: مەعمووری پشکنین.

مەن: کێشانە، شتێک لەنێوان سێ کیلۆدا.

میرزا: خوێندەوار.

نازم: بریکار، نایب، معاوم مدیر.

نەخاسما: تەیبەتی، ناوازە.

وەزنە: کێش، کیلۆ، قورسایی بۆ وەرزشکاران.

وەرەق: لاپەڕەی کاغەز، کانزای ئاسنی، پلێت.

وێنا: نیشاندرا، ڕووبەڕووکرا.

هەست: ئیحساس.

هەیکەل: پەیکەرە، مجەسەمە، کۆتەڵ.

هەخامنشی: دەورەی هەخامەنشی، تابلۆی نەخش و نیگاری مێژوویی، گۆڕخانە

هێڕ: گێژوڕ، کاس، خوار و خێچ.

یادداشت: نووسین بۆ لەبیر نەچوونەوە.